خەڵەف غەفور

باڵیۆز

لە سلێمانییەوە بۆ جنێف

دیدار لەگەڵ د.محەمەد سابیر



باڵیۆز...

لە سلێمانییەوە بۆ جنێف
«دیدار لەگەڵ د.محەمەد سابیر»

دیدار: خەڵەف غەفور

باڵیۆز...

لە سلێمانییەوە بۆ جنێف

دیدار لەگەڵ د.محەمەد سابیر

باڵیۆز...

لە سلێمانییەوە بۆ جنێڤ
«دیدار لەگەڵ د.محەمەد سابیر»

دیدار: خەڵەف غەفور

ناوی کتێب: باڵیۆز...لە سلێمانییەوە بۆ جنێف
«دیدار لەگەڵ د.محەمەد سابیر»
دیدار: خەڵەف غەفور
تایپ: ئامادەکار
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠١٩
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
نرخ: ٥٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرێتـی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (   ) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

دەمێک بوو چاوەڕێی دەرفەتێک بووم بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بکەم، بەرنامەم بۆ دادەنا و خۆم بۆ ساز دەکرد، کارەکان زۆربوون و باڵیۆزیش زۆر نەبوو خانەنشین بوو بوو و دەیویست دوای ماندووبوونی چەند ساڵەی غەریبایەتی پشوویەکی کورت بدات.

کاتێک بەتەلەفون قسەمان کرد و پرۆژەکەی خۆم بۆ باسکرد پێشوازی لێکردم، زۆری نەبرد دەرفەتی باشی رەخساند بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنەکەمان سازبکەین.

عەسرێکی هاوین بەرەو بناری گۆیژە سەرکەوتم، دوای پێشوازییەکی گەرم و قاوەخواردنەوە، یەکەم دانیشتنی ئەم چاوپێکەوتنە ئەنجامدرا، دانیشتنەکان یەک لەدوای یەک بەردەوام بوون، لە چوار دانیشتندا ٨ەشت بەشمان تۆمارکرد، هەردووکمان ماندووبووین، بەڵام خواستی سەرگرتنی پرۆژەکە تەنگی بەماندووبوونمان هەڵچنی و گەیشتنیە ئاکام.

گوندی کانی کاوە شوێنی لەدایکبوونی باڵیۆز د.محەمەد سابیرە، لەوێ چەند ساڵێکی کەمی ژیانی

بەڕێکردووە، بەهێمنی باسوخواسەکەمان گەڕایەوە ڕۆژانی گوندێ، یادگاری شیرینی سالانی منداڵی نەک هەر کەمن، بەڵکو بەهۆی کۆچی دوایی دایکیشییەوە ئاوێزانی خەم و ناسۆر بووە.

«ناوم محەمەدە و باوکم ناوی سابیرە و باپیرم ناوی ئیسماعیلە و باپیری باوکم ناوی عەبدوڵڵایە، واتە محەمەد سابیر ئیسماعیل عەبدوڵڵا، بەڵام کە لەدایکبووم ناویان نەناوم محەمەد، ناوم حەمەتاڵ بووە».

بۆچی حەمەتاڵ؟

باوک و دایکم نەخوێندەواربوون، باوکم خەڵکی ئازای خۆشدەویست، ئەو حەمەتاڵەش وەک دەڵێن بانەیی بووە، بە حەمەتاڵی بانە بەناوبانگ بووە و پیاوێکی جەربەزە بووە و لەوانەشە چەتە بووبێت، من ئەوەیان نازانم. حەمەتاڵ ئەوەندە پیاوێکی ئازا بووە باوکم بەناوی ئەوەوە ناوی ناوم حەمەتاڵ.

لە گوندی کانی کەوەی سەر بە قەزای چەمچەماڵ لەدایکبووم. بە حوکمی ئەوەی ئێمە خەڵکی گوندبووین و ئەوکاتە خوێندەواریی کەمبووە، دایک و باوکم خوێندەوار

نەبوون، لەبەرئەوە مێژووی لەدایکبوونم دیار نییە. ئەوەی بۆیان باسکردووم و بۆیان گێڕاومەتەوە، لە زستاندا لەدایکبووم و ئەو ساڵە بەفرێکی زۆر باریوە، کەواتە لە شوباتی ١٩٤٨ لەدایکبووم.

باوکم سێ ژنی هێناوە

لەبارەی ژیانی خێزانییانەوە د.محەمەد سابیر باسیکرد کە «من لە دایکی خۆم سێیەمین منداڵم، باوکم سێ ژنی هێناوە. یەکەم خێزانی دایکم بووە، دوو کوڕ و دوو کچی لێی هەبووە. برا گەورەکەم ناوی عەزیز بووە و خوشکەکەم ناوی نازیف بووە، هەردووکیان مردوون. منداڵی سێیەم من بووم، خوشکێکی لەخۆم بچووکترم هەیە ناوی عیسمەتە و لەژیاندا ماوە. لە دایکی خۆم ئەم چوار منداڵە بووین».

من دایکمم زۆر خۆشدەویست و ئەویش وابوو بۆ من. تەمەنم زۆر منداڵ بوو دایکم وەفاتی کرد، هەر ئەوەندەم بیردێتەوە دەمووت ئەگەر دایکم بمرێت من چۆن دەتوانم بژیم. هەستێکی عاتیفیی لەنێوانماندا هەبوو وەکو هەموو دایک و کوڕێک، وەک یادگاریی، هەر ئەوەم

لەبیرە.

بەگشتیی خێزانەکەتان لە چەند کەس پێکهاتبوو؟

تا دایکم وەفاتیکرد، من و خوشکەکەم و دایکم و باوکم.

پەیوەندیی نێوان باوک و دایکت چۆن بوو؟

کە یەکێک منداڵێکی بچووک بێت نازانێت چۆن بووە، بەڵام بەگشتی باش بووە، ئەوان هەردووکیان خەڵکی یەک گوند بوون و دواتر هاتوونەتە سلێمانی.

بەرلەوەی باسی هاتنتان بۆ سلێمانی بکەیت، دەمەوێت باسێکی سروشتی لادێکەتانم بۆ بکەیت؟

کانی کەوە، یەکێکە لە گوندە خۆشەکانی ناوچەی گەرمیان. لەبەرئەوەی ناوچەیەکی ئاودار بوو و کارێزێکی گەورەی لێ بوو، هەروەها مەرقەدێکی گەورەی تێدایە ناوی مارفە کۆستەیە، یەکێک بووە لە مەرقەدە گەورەکان. من تائێستا نەچوومەتەوە پاش ئەوەی رووخێنرا و تەختکرا. ئیتر کەسی تێدا نەما کە چۆڵ بێت بۆ کوێ

بچمەوە، دەڵێن ئێستا چەندماڵێکی بۆ چووەتەوە.

گوندی کانی کەوە کارێزی تێدا بوو و مەرقەدی مارفە کۆستەی تێدا بوو، ئەو مەرقەدە مەشهورە. خەڵکی گوندەکە بە دوو شتەوە سەرقاڵبوون، یەکێکیان بە جوتیاریی گەنم و جۆ، ئەوی تر وڵاغداری و مەڕ و ماڵات. وردە کەسابەتیشیان کردووە و لەمە زیاتریان نەبووە. گوندەکە ئاغا دێ بووە، ئەوانە پێیان دەڵێن نەوەی شێخ محێدینی کانی کەوە، نەوەی ئەو مارفە کۆستەیەن کە مەرقەدەکەیان بە ناونراوە و لەوێ نێژراوە. ئەم ئاغایانە، وەک دەڵێن لەدوای باوک، کوڕەکەی بووە بە ئاغا. ئەوەندەی بیرم بێت ئاغاکەمان ناوی شێخ قادر بوو، کوڕێکی هەیە ناوی شێخ عەزیزە، وابزانم لە ژیاندا ماوە و لە چەمچەماڵ دەژی. ئەم ئاغا دێیە، باوکم لەوێ کەسێک بووە حەزی لە زۆرداریی نەکردووە. لەوێ ئاغا هەموو شتێک بووە، چونکە زەوییەکان هی جوتیار نەبووە و هی ئاغا بووە، لەبەرئەوە یەک لەسەر سێی بەرهەمەکان بۆ ئاغا بووە. شتێک هەبوو بە ناوی سوغرە، بۆ نموونە ئەمڕۆ دەیانووت ئاغا پێویستی بە دارە، فڵان و فڵان بابڕوات دارمان بۆ بهێنێت، یا پێویستیان

بە خەڵوزە و بچن بیهێنن. هەموو ئیشوکارێکیان بە دانیشتوانی گوندەکە دەکرد، باوکم ئەوەی پێ ناخۆش بووە. من بیرم نایەت ئەوەندەی بۆیان گێڕاومەتەوە دوو سێ جار ویستوویەتی ماڵ بەرێت بۆ کەرکوک، ماڵی ئەو کاتە باری دوو ئێستر بووە «بەپێکەنینەوە».

لە لادێکەتان مزگەوت و قوتابخانە هەبوو؟

قوتابخانە نا، بەڵام مزگەوت هەبوو. مزگەوتی شێخ مارفە کۆستە لە تەنیشت مەرقەدەکەوە بوو، مزگەوتێکی گەورەی مەشهور بوو. کانی کەوەش خۆی بەناوبانگ بوو لەو گوندانەی وەکو قەرەتامۆر و زەنان و چۆڵمەک کە نزیکن لەو گوندەی ئێمەوە، کانی کەوە لەهەموویان خۆشتربوو، ئاوی هەبوو و کشتوکاڵیان دەکرد و تەماتە و بامێ و شوتی و ئەمانەشیان دەچاند. لەبەرئەوە گەشتیار زۆر حەزی لێدەکرد بۆ شوێنی حەوانەوە. مزگەوتێکی گەورەشی تێدا بوو، بەڵام ئەوکاتە قوتابخانەی تێدا نەبوو.

خەڵکی زۆر هاتوچۆی مزگەوتیان دەکرد ئەوەندەی لەبیرت بێت؟

من کە ئەویم بەجێهێشت یەک ساڵ بووم و ئەوەم بیرنایەت، بەڵام دوایی کە لەگەڵ دایکم بەڕەحمەت بێت دەچوومەوە، پیاوان ئەگەر لەسەر فەلاحەت نەبوونایە نـیـوەڕوان دەچـوونـە مـزگـەوت و ئـەگـەرنـا ئـێـواران جەماعەتیان دەکرد. رەمەزانان پیاوان بەڕۆژوو دەبوون و کـاریـان نـەدەکـرد، خـۆیـان بـە دامـە و سێڕسکێنەوە سەرقاڵ دەکرد و ژنان کاریان دەکرد.

ئەی باوکت بەچییەوە سەرقاڵبوو، ئەویش هەر فەلاحەتی دەکرد؟

ئەویش هەر فەلاحەتی دەکرد، شتێکی تر نەبوو بیکەن، چونکە ئەوان هەموویان مسکێنیان پێدەووتن. من لەبیرم نییە، وەکو دەگێڕنەوە باوکم سێجار هەوڵیداوە بچێت بۆ کەرکوک، خزم و کەسوکار پەشیمانیان کردبۆوە و نەیانهێشتبوو بچێت، بەڵام هەر کۆڵی نەدابوو. بەیانییەک پێش ئەوەی خۆر بکەوێت، من و خوشکەکەم و دایکم بە سواری دوو هێستر، لە رێگەی شاخی هەنجیرەوە و لە گوندی ئالی گۆران لای بازیانەوە لە دامێنی شاخەکەوە تێپەڕیووین بەرەو شەقامی تاسڵوجە. «هەروەها لە پاڵ

شاخی هەنجیرە بەرەوڕووی شەقامی تاسڵوجە، گوندێکی تری لێیە ناوی گوندی هەنجیرەیە و ئاغاکەیان ناوی شێخ رەئوفی هەنجیرە بوو، خزمی ئاغاکەی ئێمە بوو واتا لە نەوەی شێخ محێدینی کانی کەوە بوو، دوو کوڕی هەبوو ناویان شێخ لەتیف و شێخ حەمە غەریب بوو، نازانم کوڕێکیان ماوە یا نا». وەک وتم، باوکم هەر کۆڵی نەدا لە بەجێهێشتنی گوندەکە، بە سواری دوو وڵاخ لەگەڵ دایکم و خوشکەکەم و کەلوپەلی ناوماڵ لەو شاخەوە هاتین بۆ سلێمانی.

تەمەنت چەند بوو کە هاتن بۆ سلێمانی؟

رەنگە دوو ساڵ بووبێتم.

لەو کاتەی فامتکردەوە و لە تەمەنی پێنج ساڵی ژیانتان لە سلێمانی چۆن بوو؟

باوکم هەر خەریکی کاسبیکردن بوو، کڕین و فرۆشتنی دەکرد، حەزی بە مامەڵەی وڵاغداری دەکرد. کە هاتینە سلێمانی لەنێوان گەڕەکی چوارباخ و سەرشەقام لەلای ئاشە «گواوی» نیشتەجێ بووین، لەوێ لە

حەوشەیەکدا بووین بەکرێمان گرتبوو.

بیرتە کرێکەی چەند بوو؟

نا بیرم نایە، دوای ئەوەی جولەکەکان بڕیاریاندا بگەڕێنەوە، باوکم هەوڵی دەدا خانوویەک لە جولەکان بکڕێت، بەڵام بەنسیب نەبوو. دوایی خانوویەکی دوو ژوور و هەیوانیی لە سەرشەقام کڕی و تا تەمەنی حەوت ساڵی لەوێ ماینەوە.

جەنابت لە تەمەنی شەش ساڵی یا حەوت ساڵی چوویتە قوتابخانە؟

ئەوەندەی بیرم بێت لە تەمەنی حەوت ساڵیدا چوومە قوتابخانە.

باپیرم چل ساڵ لەسەریەک بەرۆژوو بوو

ناوی یەکەم قوتابخانەت لەبیرماوە؟

چوومە قوتابخانەی ئەیوبییە لە چوارباخ کە دواتر ماڵی باپیرم لەوێ بوو، مامێکم هەبوو ناوی حاجی حەمە سەعید بوو بەڕەحمەت بێت کۆلکەمەلایەک بوو. ئەو و دایکم حەزیان بەوە دەکرد بچمە حوجرە، چونکە ئێمە لە

خێزانێکی ئایینی بووین. باپیرم تەمەنی درێژ بوو، چل ساڵ لەسەریەک بەڕۆژوو بوو، هەموو مانگەکانی ساڵ جگە لە یەکەم رۆژی جەژنی ڕەمەزان و یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان. دایکیشم بەڕەحمەت بێت کە نەخۆش بوو دەیووت حەزدەکەم خوێنەواریت هەبێت و لەسەر قەبرەکەم قورئان بخوێنیت، لەبەر خاتری دایکم یەکسەر چوومە حوجرە، ماوەیەکی زۆر کەم بوو. لە قوتابخانە و حوجرە هەر پێیان دەووتم کوڕە بلیمەتەکە، بە ماوەی شەش مانگ قورئانم خەتمکرد. جا لەوەوە ئەوەی دایکم داوای دەکرد خواستەکەیم هێنایەدی. کە دایکم کۆچی دوایی کرد، هەموو هەینییەک دەچوومە سەر گۆڕەکەی و جوزئێک قورئانم دەخوێند، هەتاوەکو پێنجی ئامادەیی.

ئەو کاتانەی دەچوومە سەرقەبران، ئەو ژنانەی دەهاتنە ئەویَ زۆریان خۆشدەویستم، لەبەرئەوەی هەموو هەینییەک لەسەر گۆڕی دایکم قورئانم دەخوێند. ئیتر کە دایکم کۆچی دواییکرد وەک بیرم بێت لە ساڵی ١٩٥٧ چوومە قوتابخانە، بەڵام یەکسەر نەچوومە پۆلی یەک، وەک پێشتر باسمکرد مامم لەگەڵم خەریکبوو، ئەو کاتە شتێک هەبوو پێیاندەووت (اعمال اربعە)، ئەوەی

فێرکردبووم. (اعمال اربعە، واتا جەمع و تەڕح و زەڕب و تەقسیم). هەروەها خوێندنەوە و نووسینی فێرکردبووم، کاتێک مامم بردمی بۆ قوتابخانە، بیرم نایەت ئەو کاتە کێ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو، داوای ڕەگەزنامە و ئەو شتانەیان لێکردم و دوای ئەوە وەریانگرتم. مامم وتی: ئەمە هەموو شتێک دەزانێت وەکو خوێندنەوە و نووسین و ماتماتیک. خواهەڵناگرێت بەڕێوەبەرەکە وتی: ئێمە تاقیدەکەینەوە. ئیتر ئیملایان پێکردم، هەموویم ڕاست بوو، لە ماتماتیکیشدا تاقیکردنەوەکەم ڕاست بوو. ئیتر یەکسەر لە پۆلی سێی سەرەتایی دایاننام، لەبەرئەوە پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتاییم نەخوێند.

قوتابخانەکە نزیکی ماڵتان بوو؟

سەرەتا ماڵی ئێمە لە سەرشەقام بوو، بەڵام ماڵی باپیرم هەر بیست مەتر لە قوتابخانەی ئەیوبییەوە دووربوو.

پۆلەکانی دواتریش هەر لەو قوتابخانەیە بوویت؟

بەڵێ، پۆلی سێ و چوار و پێنج و شەشم لەوێ

تەواوکرد. ئەویش لە ئامادەیی سلێمانیشەوە نزیکبوو، دواتر باوکم لەو زەوییەی باپیرم هەیبوو لە چوارباخ، خانووەیەکی دووقاتی تێدا بوو، ئەوان لە قاتی سەرەوەبوون و ئێمەش لە قاتی خوارەوە بووین.

هیچ یادگارییەکی قۆناغی سەرەتاییت لەبیرە؟

بەڵێ، بۆ سەرەتایی شتم لەبیرە، هەموو ساڵێک یەکەم دەبووم. لەپۆلی پێنج لە ساڵی ١٩٥٨ شۆڕش بوو، مقاوەمەی شەعبی هەبوو سەر بە حیزبی شیوعی بوو، وەکو چۆن دواتر جەیشی شەعبی هەبوو، ئەوکاتە مقاوەمەی شەعبی هەبوو، دوای ئەوەی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی عەبدولکەریم قاسم سەرکەوت، پارتی کۆمۆنیستی عیراق گەشەیانکرد. لاوان و گەنجان هەبوون لە سلێمانی، لاوان سەر بەپارتی بوون و گەنجان سەر بە شیوعی بوون. یەکێک لە مامۆستاکانمان لە پۆلی پێنجی سەرەتایی چووبووە مقاوەمەی شەعبییەوە، دەچوو بۆ راهێنان، وەک چۆن پۆلیس راهێنانیان پێدەکرێت ئەوانیش راهێنانیان پێدەکرا، قوتابیش خواخوای بوو مامۆستاکەی لەوێ نەبێت و بۆخۆی پشوو بدات. یەکێک

لە مامۆستاکانمان پێموایە ناوی نوری بوو، هاتەوە داوای لێبوردنی کرد کە ئەرکێکی هەبووە. پرسیارێکی کرد بە عەقڵی ئێستام پرسیارێکی گەوجانە بوو. وتی: کێ لاوانە و کێ گەنجانە؟ هەموو پۆلەکە دەستی بەرزکردەوە کە گەنجانن، تەنها من و کەسێکی تر نازانم ماوە یا نا ناوی بەکری حاجی فەرەج بوو «خۆزگە دەمزانی لەژیاندا ماوە یا نا». مامۆستاکە پرسیاری کرد ئێوە بۆ گەنجان نین؟ وتم: مامۆستا ئێمە خۆمان بە کورد دەزانین و لاوانین. دەستیکرد بەپێکەنین و وتی: ئینشائەڵڵا ساڵێکی تر ئەمانیش نامێنن و دەبن بە گەنجان. وتم: مامۆستا مەرج نییە، ساڵی رابردوو کەس گەنجان و لاوان نەبوو، لەوەدەچێت ساڵێکی تر پێچەوانە بێتەوە و هەمووی ببێت بە لاوان. ئیتر دەستیکرد بە پێکەنین و وتی: «ئامۆژگارییەکتان دەکەم». بەڕاستیی ئامۆژگارییەکەی گرنگبوو، وتی: «کە چوونە سانەوی ئەوکاتە بە ئامادەییان دەووت سانەوی و تەمەنتان بوو بە هەژدە ساڵ، ئەوکاتە خۆتان لەسەر لایەنێک ساغبکەنەوە، چونکە تا نەگەنە ئەو تەمەنە نازانن کێ باشە و کێ خراپە». ئەوە یەکێکە لە یادەوەرییەکانم و هەرگیز بیرمناچێتەوە.

یەکێکی تر لە یادگارییەکان، لە پۆلی شەش بووم، زۆر حەزم لە فوتبۆڵێن دەکرد. لە حەوشەی قوتابخانەکە بە تۆپێک یاریمان دەکرد، شەقێکیان تێهەڵدام، قاچم شکا. ئیتر خێرا بردیانم بۆ نەخۆشخانە، وتیان دەبێت دوو مانگ قاچت لەگەچدا بێت، چونکە زۆر خراپ شکاوە. خەفەتم زۆر پێ خوارد کە رەنگە نەتوانم نمرەی باش بهێنم لە بەکالۆریدا، بەکالۆری ئەوکاتە لەگەڵ ئێستا جیاوازی زۆری هەبوو. کە تاقیکردنەوە کرا نەک یەکەمی قوتابخانەکە، بەڵکو یەکەمی هەموو شیمالم (ئەوسا بە هەرێمی کوردستانیان دەووت شیمالی عیراق) بەدەستهێنا.

بیری کوردایەتیش کە لە بیروباوەڕمدا چەسپا، بەهۆی هەندێ لە مامۆستاکانمەوە بوو کە کاریگەریی زۆریان هەبوو لەسەرم. دوو مامۆستا هەبوون کە یەکێکیان بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم بوو، واتا قوتابخانەی ئەیوبییە، ناوی حەمە رەشیدی مەلا عەلی بوو، بەڕێوەبەرمان بوو، مامۆستایەکی زۆر بەڕێز بوو، کوڕێکی هەیە ناوی دڵشادە، ئەندازیارە، وابزانم گۆڕانە، لەپێش منەوە بوو لە قوتابخانەدا و زیرەکیش بوو، ئێستا لە سلێمانییە و یەکێک لە خزمەکانی کاک فاروقی هێناوە. مامۆستا حەمە

رەشیدی مەلا عەلی، وانـەی کوردیی پێدەووتین، تازە کوردیی هاتبووە ناو قوتابخانەوە کە بەهۆی شۆڕشی ١٩٥٨ەوە بوو. جا باسی شێخ مەحمود و داریکەلی بۆ دەکردین کە چۆن چووەتە داریکەلی و خواردنی خۆشیان بۆ لێناون، زۆر بەخۆشیی دەیگێڕایەوە و خۆشی زۆر بـاش کـوردی دەزانـــی، ئـەوەش کاریگـەریی لـەسـەرم هەبوو. مامۆستایەکی ترمان هەبوو عەباس گورجەیان پێدەووت، وابزانم وەفاتیکردووە، وەک مامۆستا حەمە رەشیدی مەلا عەلی. وەرزشی پێدەووتین، زۆربەی وانەی وەرزشەکەی دەکرد بە سروود و ئەو سروودانەی لە سەردەمی منداڵیی ئەو فێری کردووین لەبیرم ماوە. ئەو ساڵە نەورۆز کرا لە تووی مەلیک و هێنایان بۆ ئەوێ، تیپێکیان دروستکردبوو، جا من دەنگم خۆش نییە، ئەوەی نەیزانم گۆرانییە، میوزیکە، شتی هونەرییە. ئیتر سروودی ئەی رەقیب و خوایە وەتـەن ئاواکەی و ئەوانەیان پێ لەبەردەکردین. رەنگە مامۆستا عەباس پارتی بووبێت و پارتییەکی باشیش بووبێت، بۆیە ئەو سروودانەی پێ لەبەر دەکردین، ئێستاش هەموویانم لەبەرماوە.

دوای ئەوەی سەرەتاییت تەواوکرد لە ناوەندی چۆن دەستتپێکرد؟

چونکە من یەکەم بووم، ئەوسا سێ هەڵبژاردەت هەبوو، ئەوانەی زیرەکبوون و لەخۆیان رادەبینی دەچوونە سانەوی، بەشێکی دەچووە بازرگانی و بەشێکی دەچووە پیشەسازی. خەڵکێک هەبوو دەیویست بچێتە سانەوی، بەڵام نمرەکەی کەم بوو یا لە خولی دووەم دەرچووبوو و سانەوی وەرینەدەگرت. سانەوی، لە ماڵی ئێمەوە بیست مەتر دووربوو. دواتر ناوەندییەک کرایەوە لەناو سانەوی سلێمانی بەناوی ناوەندیی سیروان، چونکە قوتابی زۆربوو، پۆلی یەکەکانیان کرد بە دوو بەش، ئێواران و بەیانیان. وەجبەی ئێواران پێیاندەووت مولحەق، ئێمە لە وەجبەی بەیانیان بووین. دواتر سانەوی وەتەنیان دروستکرد و مولحەقەکانیان گواستەوە بۆ وەتەن. من تا تەواومکرد لەوێ مامەوە.

مامۆستایەکمان هەبوو بەڕێوەبەری سانەوی سلێمانی بوو، ناوی مامۆستا سامی حوسێن نازم بوو، ئێستا لەژیاندا ماوە، بەڵام زۆر پیربووە. دوو یاریدەدەری هەبوو یەکێکیان هادی ئەفەنی «هادی مەحمود بەگ»

ئـەوی تریش شـەوکـەت ئەفەنی. هـادی مەحمود بەگ مامۆستای ئینگلیزی بوو، شەوکەتە فەنی لە پەروەردە دەرچووبوو، بایەلۆژی تەواوکردبوو، پیربوو. ئەو ساڵەی من چوومە پۆلی یـەک، شۆڕشی ئەیلول دەستیپێکرد. شەڕی دەربەندی بازیان و دەربەندیخان دەستیپێکرد. ئەو عەشایەرانە و ئەو کەسانەی کوردایەتیان دەکرد لە دەربەندی بازیان کۆبوونەوە، بەشێکیش لە دەربەندیخان. دواتـر حکومەت هێرشی کـردە سـەریـان لـە بـازیـان و دەربەندیخان و چۆڵیان کرد. لە بارزانیش بە هەمان شێوە هیچ بەرگرییەکیان نەکرد. دوای ئەوە عەبدولکەریم قاسم داوایکرد بروسکەی پشتگیری لێبدەن دژی تێکدەران، بۆ ئـەوەش داوایـان لـە مامۆستایان کـرد. بەشێک لە مامۆستایان و بەشێک لە شیوعییەکان بروسکەیانکرد و بەشێکیان نەیانکرد. پارتییەکانیش بە هەمان شێوە، بۆ ئەوەی خوێندنگاکە چۆڵ نەبێت، بەشێکیان بروسکەیان لێدا و بەشێکیان لێیان نەدا.

لەبیرمە مامۆستا مەحمودی مەلا عیززەت یەکێک بـوو لـەو مامۆستایانەی بروسکەی پشتگیریی لێنەدا، ئـەوەی بروسکەی لێ نـەدەدا یان دەبوایە رایکردایە یا

دەگیرا. بەشێک لە مامۆستاکانی ئێمە بروسکەیان لێنەدا و لەبەرئەوە گیران. بۆ ئەوەی قوتابییەکان بێ مامۆستا نەمێننەوە و شوێنەکانیان پڕبکەنەوە، شەوکەتە فەنییان دانابوو بە مامۆستای حساب، جاران بە بیرکارییان دەوت حساب، فەقیرحاڵ بوو لـەڕووی بیرکارییەوە، ئێمەش کۆمەڵێک قوتابی زیرەکبووین لەپۆلەکەمان، حسابمان لەو باشتر دەزانی، ئەو پرسیاری بە هەڵە حەل دەکرد. من لە ژیانی قوتابیێتیدا لێدانم بە دار نەخواردووە، تەنها یەکجار نەبێت. لەپێشی پێشەوەی پۆلەکە دانیشتبووم، کە پرسیارەکەی حەلکرد، پێکەنیم. وتی: شەکی شەکباب (بەو شێوەیە قسەی دەکرد) بەچی پێدەکەنی. وتم: مامۆستا هەرلەخۆمەوە پێکەنینم هات. وتی: هەستە، شەش داری مـزری لێدام، قەت لەبیرم ناچێتەوە، ئیتر بەو شێوەیە دەستمانپێکرد.

یانی ئیتر لەو کاتەوە وردە وردە ئاشنای سیاسەت بوویت و دەستتپێکرد؟

سەرەتاکەی وەک باسمکرد لە لاوان و گەنجانەوە دەستیپێکرد و ئەو دوو مامۆستایەشم کاریگەرییان لەسەرم

هەبوو. لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم کە پارتی مۆڵەتی وەرگرت وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، بارەگاکەیان بەرامبەر مزگەوتی مەولەوی بوو لای باخی گشتییەوە، نزیک شەقامی ئەمین زەکی بەگ چوارڕێیانێک هەیە لای مزگەوتی مەولەوییەوە. من قوتابیبووم و منداڵبووم دەچووم بۆ حەدیقەی شەعب (باخی گشتی). ڕۆژێکیان کاتێک چووم سەیرمکرد قەرەباڵغیی هەیە، فزولی بووم، سەیرمکرد لە بارەگای پارتییە و منیش سەرکەوتم بە پلیکانەکاندا بۆ نهۆمی دوو، کە سەیرمکرد کۆڕێک هەیە لە هۆڵێکی گەورەدا کۆببوونەوە، بەڵام هۆڵەکە ئەوەندە گەورە نەبوو. سێ کەس دانیشتبوون، دواتر زانیم یەکێکیان کاک نەوشیروان بوو، یەکێکیان قادری شەریفە کوردە بوو، ئەوەی تریان فوئادی مەلا مەحمود بوو. بەڕەحمەتبن قادری شەریفە کوردە بەرپرسی قوتابیانی سلێمانی بوو، کاک نەوشیروان ئەندامی لیژنەی شار بوو، فوئادی مەلا مەحمودیش بەهەمان شێوە. کۆڕێکیان دەگێڕا، کۆڕەکە کاک نەوشیروان قسەی تێدا دەکرد، خۆشت دەزانی چەند بە ڕێکوپێکی قسەی کردووە. شەرواڵ و مرادخانییەکی لەبەردا بوو ڕەنگەکەی بۆر

بوو بە لای سـەوزدا دەیڕوانی، دوو گیرفانی گەورەی پێوەبوو، عارەقی بنباخەڵی مرادخانییەکەی سپی کردبوو. کتێبەکەی مام جەلالی دەووتەوە، بەناوی کوردایەتییەوە زۆر خۆشحاڵبووم لەوێدابووم.

دواتـر لە پۆلی یەک کوڕێک هەبوو لە خـوار ماڵی خۆمانەوە، نـاوی حەمە برایم بـوو، بەداخەوە لەژیاندا نەماوە، لە پۆلی یەک ئەو پەیوەندیی پێوەکردم و بووم بە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ئەوکاتە ئەندامبوون لەسەر گەڕەک بوو، دواتـر کە هاتینە سەر ئەو بابەتە باسی دەکەم.

هەر لـەو قوتـابخـانـەیە مایتەوە؟

بەڵێ، تا تەواومکرد لەوێ مامەوە.

بەشداری چالاکییەکانی قوتـابخـانـە بۆ نموونـە وەرزش و چالاکیی هونـەریت دەکرد؟

بەشداری چالاکیی هونەری و وەرزشیم نەکردووە، بەڵام بەشداری هەموو چالاکییە سیاسییەکانم کردووە. پێشتر حەزم لە فوتبۆڵێن دەکرد کە وەکو وتم لە شەشی

سەرەتاییدا لە کاتی تاقیکردنەوەی بەکالۆریدا قاچم شکا و وازم لە فوتبۆڵێن و وەرزش هێنا، لـەدوای ئـەوەوە رقم لە وەرزش و وێنەکردن بوو، هەمیشە کە نمرەکانم کەمدەکرایەوە بەهۆی وەرزش و وێنەوە بوو.

لە قوتابخانە بەشداری هەڵکردنی ئاڵات کردووە؟

بەڵێ، هەموو رۆژێک دەچووین، بەتایبەتی کاتی سەرەتایی، هەموو رۆژێک بەرلـەوەی بچینە پۆلەوە، دەیانپشکنین بزانن نینۆکمان هەیە یا نا، دەستمان خاوێنە یا نا، بەو شێوەیە بەشداریمان لە هەڵکردنی ئاڵاشدا دەکرد.

ئەو کاتە بارودۆخی مادیی ماڵی ئێوە چۆن بوو؟

بارودۆخی ماڵی ئێمە لەڕووی مادییەوە مامناوەند بوو، نە هـەژار بووین و نە دەوڵەمەند بووین. باوکم منی زۆر خۆشدەویست و هەرچیم بویستایە بۆی دەکردم و منی نایە بەر خوێندن، چوونم بۆ قوتابخانە فەزڵەکەی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ مامم. راستە گەر رەزامەندیی باوکم نەبوایە نەدەچووم بۆ قوتابخانە،

چونکە باوکم خۆی خوێندەواریی نەبوو، بۆیە خوێندن ئەوەندە بەلایەوە گرنگ نەبوو، بەڵام مامم خوێندەواریی هەبوو، نیمچە مەلایک بوو. مامم رۆڵی گەورەی بینی لەناردنمدا بۆ قوتابخانە، بۆیە من و مامم یەکترمان زۆر خۆشدەویست، ئەگەر مامم نەبوایە رەنگە ئێستا منیش کەسێکی نەخوێندەوار بوومایە.

بەهۆی سیاسەتەوە دەستم بە خوێندنەوەی کتێب کرد

جگە لە خوێندنی وانەکان، لەو سەردەمە دۆستایەتیت لەگەڵ خوێندنەوەی کتێب پەیدا نەکرد؟

زۆر نا کەم، بەهۆی سیاسەتەوە کەوتمە خوێندنەوەی کتێب. زۆر هاوڕێم خەریکی خوێندنەوەی کتێبی چیرۆک و دڵداری بوون، من هیچم لەوانە نەدەخوێندەوە، بەڵام هەر کتێبێکی سیاسیم دەستکەوتایە دەمخوێندەوە.

ئەو هاوڕێیانەی لە ئامادەیی ناسیتن، ئێستا دۆستایەتیتان ماوە یاخود نا؟

با ماون، یەکێک لە هەرە هاوڕێ نزیکەکانم خەڵکی جاسەنەیە، مامۆستا جەبار نادر، خزمی کوێخا سمایلی تەلانە، ماوە و یەکێکە لە هاوڕێکانم. عومەر فەتاح لەپۆلی یەکی ناوەندییەوە هاوڕێمە. کاک نەوشیروان و شازاد سائیب و دارۆی شێخ نوری لەپێش ئێمەوە بوون، کە هاتینە سەر باسی سیاسەت باسی ئەوانە دەکەم. ئەوانەی ماون برای ئەحمەد سالاری هونەرمەند، ساتعی ناو بوو، وابزانم ماوە. زۆربەی هاوڕێکانم بەهۆی سیاسەتەوە ناسیوون، کاک نەوشیروان ئەوکاتە ئەندامی لیژنەی شار بوو لە یەکێتی قوتابیان، هەستا بە گۆڕینی پەیڕەوی یەکێتی قوتابیان. پورەی دانا، ئەو ناوە لە پورەی هەنگەوە هاتووە، شانە و شانەی سەرەکی و ئەو شتانەی نەهێشت. وەک ئێستا جڤات و جڤاتی نیشتمانی و مەکۆ و ...هتد. ئەو شتانەی داهێناوە و هەمیشە شتی نوێی دادەهێنا. ڕێکخستنەکانی قوتابیانی کوردستانی لە گەڕەکەوە گۆڕی بە پورە، پورەی رۆژ و پورەی ئەستێرە و پورەی مانگ و پورەی هەتاوی داهێنا، هەر پورەیەک لەو پورانە سەرپەرشتیی چەند قوتابخانەیەکی دەکرد.

لە پۆلی دووەمی ناوەندییەوە کردمی بە بەرپرسی

پورەی خۆر، ئامادەیی سلێمانی بەمنەوە بەسترایەوە، هەروەها ناوەندییەکەش لای من بوو. ئەوکاتە زۆر منداڵ بووم و زۆر لاوازیش بووم، باوەڕیان پێ نەدەکردم کە من بەرپرسیاری ئامادەیی سلێمانی بم کە ئەوسا من لە پۆلی دووی ناوەندی بووم، هەتا کاغەزی مۆرکراوم برد، بۆیە زۆربەی هاوڕێکانم لەڕێی سیاسەتەوە ناسیوون.

کاک ئەوشیروان هەمیشە شتی نوێی دادەهێنا

ئەگەر بێینە سەر سەرەتای دەستپێکردنی کاری سیاسیت، چۆن دەست بە سیاسەت کرد؟

پێشتر هەندێکیم باسکرد، لە پۆلی پێنجی سەرەتاییەوە. رەنگە دوو هۆکار هەبووبێت کە نەچوومە گەنجانەوە لەگەڵ ئەوەی زۆرکەس چوونە گەنجانەوە، یەکێکیان ئەو مامۆستایانەی هەمبوو، رەشیدی مەلا عەلی و عەباس گورجی. هۆکارەکەی دیکە ئەوەبوو باپیرم زۆر سەرگوزشتەی شەڕی ئاوباریکی بۆ دەگێڕامەوە، باسی دەربەندی بازیان و ئەو جۆرە شتانە. خێزان، کاریگەریی زۆر لەسەر ئەوانە هەیە. باوەڕی کوردایەتیم بەهێز بوو، ئەوکاتە تەنها پارتی و شیوعی هەبوو، شیوعی

بەهێزبوون، سەرەتاکەم ئەوە بوو بە کاک نەوشیروان ئاشنابووم نەک بیناسم کە لە کۆڕەکە کوردایەتییەکەی مام جەلالی دەووتــەوە. بینیم دواتــر کــارم لە یەکێتی قوتابیاندا کرد، هەم لە خوێندن و هەم لە کاری یەکێتی قوتابیاندا زۆر چالاکبووم، وەکو ئێستا نەبوو، دەبوایە مانگانە چەند دۆستێکت پەیدا بکردایە.

ئەو کاتە کۆکردنەوەی ئابوونە هەبوو؟

بەڵێ، ئابوونەدان هەبوو، ناچارییبوو، هەموو شتەکان لەسەر خۆمان بوو، کە پەیڕەوی گەڕەک بوو بەپورە، من ئامادەیی و ناوەندییەکەم لابوو، لە پۆلی دووەمەوە بووم بە ئەندامی پارتی.

بیرتە چەند ئەندامتان هەبوو؟

بیرمنایێ، بەڵام کارێکی وامانکرد بە چالاکییەکانمان و پەیوەندیکردنی بــەردەوامــمــان لــەگــەڵ قوتابیان و بارودۆخەکەش لەباربوو، بۆیە زۆر بەهێزبووین و کەس نەبوو کێبڕکێی پارتی بکات. پارتی یەکەم بوو، چونکە لە یەکێتی قوتابیانەوە خەڵک دەبوو بە پارتی، واتە یەکێتی

قوتابیان وەک مەدرەسەیەک وابوو بۆ بوون بە ئەندامی پارتی. من زۆر حەزم دەکرد بچمە حیزبەوە و لە پۆلی دوو بە لایەنگر وەریانگرتم. ئەندام و پاڵێوراو هەبوو، ئەندام بە لایەنی کەمەوە دەبوایە تەمەنی ١٨ ساڵ بوایە، پاڵێوراویش و بە لایەنی کەمەوە ١٦ ساڵ بوایە. نامەیەکم نارد وەرنەگیرام، نامەی دووەمم نارد وەرنەگیرام، هەستام گوێزانم بەکارهێنا بۆ ئەوەی گەورە دەربکەوم و مووم لێبێت، بە شەڕەشەقی خۆم لە پۆلی سێدا وەریانگرتم.

ناوی نهێنیم لە پارتیدا سەرباز بوو

لە چ لیژنەیەک وەریانگرتی؟

پارتی سیستمەکەی وابوو، شانە هەبوو، شانەی سەرەکی هەبوو، لیژنەی مەکتەب هەبوو، ڕێکخراو هەبوو، ناوچە هەبوو، ئینجا لق هەبوو. هەموو مەکتەبەکانی سلێمانی ڕێکخراوێک بەڕێوەی دەبرد ناوی ڕێکخراوی چوار بوو. ئەوکاتە کاک نەوشیروان یا بەرپرسی ڕێکخراوەکە بوو یا ئەندام، بەڵام باوەڕم وایە بەرپرسی ڕێکخراوەکە بووبێت.

لە تەمەنی چواردە ساڵیدا لەپۆلی دوو یا سێی ناوەندی

بووم، بووم بە ئەندام و ناوی نهێنیم «سەرباز» بوو، لە قوتابیانیش ناوی نهێنیم «سەرەواڵە» بوو. هەردوو ناوەکە کاک نەوشیروان بۆی داناوم، نەمدەزانی سەرەواڵە مانای چییە، جارێکیان لە بەغدا بووم لە زانکۆ، کاک نەوشیروان هات و بینیم. وتم: کاک نەوشیروان سەرەواڵە مانای چییە ئەم ناوەت لە من ناوە؟ وتی: واتا نایزانی حەمە؟ وتم: نەوەڵڵا نایزانم. وتی: واتا قائید. ئیتر تێگەیشتم لە سەری واڵ و ئەو شتانەوە هاتووە، لەبەرئەوەی زۆر چالاکبووم و ئیشی سانەوی دوای ئەوەی جیلی کاک نەوشیروان و ئەوان چوونە بەغدا، من بەڕێوەمدەبرد.

تا تەواوکردنی شەشی ئامادەیی لە چ پلەیەکی حیزبیدا بوویت؟

لە قوتابیان تا ئەو کاتەی تەواومکرد، ئەندامی لیژنەی سەرکردایەتی کاتیی (ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کاتیی یەکێتی قوتابیانی کوردستان) بووم و لەحیزبیشدا بەرپرسی ناوەندیی وەتەن و ئامادەیی سلێمانی بووم.

ساڵی چەند ئامادەییت تەواوکرد؟

ساڵی ١٩٦٤ بۆ ١٩٦٥.

واتە ئەو ساڵەی کێشەی سیاسیی لەنێوان مەلا مستەفا و باڵی مەکتەبی سیاسی دەستیپێکردبوو؟

بەڵێ دەستیپێکردبوو، لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ کە بەیانی موشیر - بارزانی دەرچوو، لە چۆخماخ کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانمان هەبوو لە هەموو عیراق. پێش ئەوە لە سلێمانی هەموو ڕێگاکانی دەرچوون لە شار و هاتنەناو شار بە ڕەبایەی سەربازیی گیرابوون. زۆر بە زەحمەت دەتتوانی بچیتە دەرەوەی سلێمانی و بێیتە ناوەوە، ئەو ڕەبیانە لە هەموو شوێنێک دانرابوون. ئێمە کە بڕیاری کۆنگرەمان دابوو، ئاگامان لە دانوستانی بارزانی و حکومەتی عیراق نەبوو، بەیانی ١٠ی شوبات حسابی بۆ نەکرابوو و نەماندەزانی.

بڕیار درابوو کۆنگرە لە جەژنی ڕەمەزاندا بێت، کاتەکەی ئاشکرا نەکرابوو، بۆ دووربوون لە چاوی ئاسایشی عیراق و هێزە سەرکوتکەرەکانی. لەبەرئەوەی خەڵک سەرقاڵی جەژن بوون و سەرباز دەگەڕایەوە بۆ ناو ماڵی خۆی، کاتی گرتنی کۆنگرەمان لە جەژندا دانابوو.

کۆنگرەی قوتابیان بۆیە لە چۆخماخ دەبەسترا، چونکە مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ئەشکەوتەکەی مالومەدا بوو، وا دانرابوو وەفدەکان بەشی زۆری بە دۆڵەڕووتدا بڕۆن، هەندێکیشیان بە شاخی قزلەردا بڕۆن، چونکە سەرکەوە سەر شاخی قزلەر و وەرەوە خوارەوە چۆخماخ لەوێدایە. هەندێکیشیان بە قەیواندا رۆیشتبوون،چونکە کە چوویتە سەر قەیوان بە دۆڵی سنوور و مێولاکە شۆڕبەرەوە لەو دۆڵەوە دەگەیتە چۆخماخ.

ئێمەیان دانابوو لە سلێمانییەوە ئازووقە بەرین، من و شەهید ئەحمەدی موهەندیسی هاوڕێم کە لەسێدارەدرا، هەروەها شەهید جەباری حاجی رەشید، ئەم سێ کەسە راسپێردرابووین ئازووقەی کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەرین بۆ چۆخماخ. باری سێ بارگیر بوو، بڕیار درابوو بەیانیی زووی ١٠ی شوبات لە قڕگەوە بارەکان بگەیەنینە مالومە و چۆخماخ.

باشە بەلایەنی کەمەوە جەنابت لە کۆنگرەکە دوو شەو پێچووە، چیت بە باوکت وت؟ ئایا زانیبووی بۆ چالاکییەکی سیاسی دەچیت؟

ئـــەوەش چـیـرۆکـێـکـی خـۆی هـەیـە و پـێـتـدەڵـێـم. ١٠ی شـوبـات، بەیانیی زوو چووینە سیتەک، هەموو بەڕۆژووبووین، ئەو کاتە موسڵمانێکی عەیارە ٢٤ بووین، ئێوارە گەیشتینە سیتەک. ڕۆژی دواتـر لە سیتەکەوە چووین بۆ مۆکەبە، بە وڵاغەکانەوە ئێوارەکەی گەیشتینە مالومە. کە گەیشتین شەهید مەردانی لێ بوو بەڕەحمەت بێت، واتا شەهید عەلی حەمدی لێ بوو کە مەلا مستەفا کوشتی، ئیسماعیل عارفی لێ بـوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوو، بەڵام ئەوکاتە (تجمید) سڕکرابوو، کاک حەمە چاوشینی لێ بوو بەڕەحمەت بێت ئەوکاتە ئەندامی لقی چوار بوو.

ئەوکاتە کێ سکرتێری قوتابیان بوو؟

بیرمنایێ، حەیدەرێک هەبوو هەولێری بوو، دڵنیانیم ئەو بوو یا نا، بەڵام کەسی ژمارە یەک لە قوتابیان، کاک نەوشیروان بوو. فوئادی مەلا مەحمود و عومەر تۆفیقی برای مامۆستا محەمەد نوری کە وابزانم چەند ساڵێک لەوەوبەر رفاندیان و دیارنەما، کۆمەڵێک خەڵکی تریش هەبوون لە بادینان و ئەو شوێنانە.

من هەرگیز بەبێ پرسی باوکم نەچوومەتە دەرەوە تا ئەوکاتە، بۆ کاتی کۆنگرەی قوتابیان باوکم لە سلێمانی نەبوو. ئەی چۆن بڕۆم و بە کێ بڵێم، وتم یەڵڵا دەڕۆم. ئەوکاتە دایکم کۆچی دوایی کردبوو، بەڵام باوەژنم هەبوو. پێم وتن دەڕۆمە دەرەوە. باوکم دێتەوە و دەڵێت کوا حەمە؟ دەڵێن چووەتە دەرەوە. دەڵێت چۆن چووە؟ جەژن دەبێت، ئیتر وڵاغێک دەهێنێت و دەکەوێتەڕێ بەرەو چۆخماخ کە دەگاتە سەر لوتکەی قزلەر، کاک نەوشیروان و عومەر تۆفیق و ئەوان دەبینێت. دەیناسن، دەڵێن حاجی بۆ کوێ دەڕۆیت، ئەو کاتە باوکم حەجیشی نەکردبوو. دەڵێت وەڵڵا دەڵێن کوڕەکەم هاتووەتە ئەم ناوە. دەڵێن خەمت نەبێت مام سابیر کوڕەکەت بە پارێزراوی بۆ دەگەڕێنینەوە.

ئەی لەبارەی کۆنگرەکەوە چی، کۆنگرەیەکی چۆن بوو؟

ئێمە ئەندامی کۆنگرە بووین، ئیتر گفتوگۆ دەستیپێکرد و لیژنەی سەرکردایەتی تازە هەڵبژێردرا. کاک نەوشیروان کەسی یەکەم بوو، عومەر تۆفیق و فوئادی مەلا مەحمودی

تێدابوو، ئەوانەی زیندان، تەیب بەرواری تێدابوو، ئەو حەیدەرە هەولێرییەی تێدابوو، کوڕێکی خەڵکی بادینانی تێدابوو، هەموو ناوەکان نایەتەوە بیرم.

بەیاننامەی ئابی ١٩٦٤

دوای تەواوبوونی کۆنگرەکە و گەڕانەوەت بۆ شار، بەرپرسیارێتیت هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەرداهات؟

من لە یەکێتی قوتابیان هەر بەرپرسی پورەی خۆر بووم، لە حیزبیشدا بەرپرسی ناوەندیی وەتەن و ئامادەیی سلێمانی بووم، بەڵام کە ٦٤ هات بەسەردا (ئەوەیان باسێکی ترە). ئیتر یەکێتی قوتابیان دەبوایە لایەنی مەکتەبی سیاسی یان لایەنی مەلا مستەفا بگرێت، بۆیە زۆری نەبرد دوای کۆنگرە خۆی یەکلاییکردەوە بە لای مەکتەبی سیاسیدا و بەیاننامەیەکی بەناوبانگی دەرکرد بە ناوی بەیاننامەی ٨ی ئابی ١٩٦٤ەوە.

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا بیڵێم، هەموو بەڵگەنامەکانم فەوتا هەتاوەکو بەیاننامەی ٨ی ئابی ٦٤. لەو بەیانەدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان پشتگیریی باڵی مەکتەبی سیاسی کرد. کە پشتگیریی کرد ئەو کاتە کانی ماسی

دامەزرابوو، مەلا مستەفا کە کودەتای کرد و پێشمەرگەی ناوشاری دروستکرد، خەڵکیان لە ناوشارەوە دەبرد بۆ کانی ماسی و تێریان لێ دەدا و پاکانەیان پێدەکرد. ئیتر کاک نەوشیروان و ئەوان خۆیان حەشار دا، چونکە ئەوان دیاربوون هەم لە حیزب و هەم لە قوتابیان، ئێستا وەفاتی کردووە و وەک پێش وەفاتکردنی کارەکانی دەکرد. هەستا سەرکردایەتییەکی تازەی بۆ یەکێتی قوتابیان دروستکرد، لەو سەرکردایەتییە تازەیە، من بووم، کاک شازاد بوو بەڕەحمەت بێت، شەهید جەمیل ڕەنجبەر بوو، کوڕێکی لە بادینان تێدابوو. ئەوانەی لە سلێمانی بووین من و شازاد بووین، جەمیل ڕەنجبەر لە هەولێر بوو، ئەوەی بادینانیش ئیشوکاری بادینانی یەکێتی قوتابیانی پێ سپێردرابوو. هەروەها برادەرێک دەستنیشانکرا بوو بۆ بەغدا و برادەرێکیش بۆ کەرکوک، بەڵام بەداخەوە ناوی ئەو برادەرانەم بیرنەماوە. بەو جۆرە یەکێتی قوتابیانیان دایە دەست ئێمە، ئەوە دوای بەیانی ٨ی ئابی ١٩٦٤ بوو.

چالاکییەکانی یەکێتی قوتابیان تەنها بڵاوکردنەوەی بەیاننامە بوو یاخود ڕێپێوان و چالاکیی

دیکەشی تێدابوو؟

ئەوکاتە ڕیپێوان نەبوو، نەشرە و بەیاننامەمان هەبوو. دوو ئامانجمان هەبوو، ئامانجی پیشەییمان هەبوو کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی قوتابیان بوو، وەک دۆخی خوێندن و ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی گونجاو بۆ قوتابیان و دابینکردنی بەشەناوخۆیی و باشکردنی گوزەرانی قوتابیان و ئەو جۆرە کارانە. ئامانجی نیشتمانیشمان هەبوو، کە لەپێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی و مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان بوو. ئێمە هەم بەیاننامەمان دەردەکرد، هەم ورەمان دەدایە بەر خەڵکی و هەم لەڕووی ڕێکخستنەوە خەڵکمان ڕێکدەخست و هەم واجیهەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووین و لە قوتابیانەوە قوتابی و هاوڵاتیانی کوردستان ئامادە دەکرا بۆ ئەوەی بهێنرێنە ناو پارتییەوە.

حیزب بە چاوێکی گەورەوە تەماشای قوتابیانی دەکرد یا وەک ڕێکخراوێکی پەراوێزخراو؟

نەخێر پەراوێزخراو نەبوو، چونکە کارە بنەڕەتییەکان لە لای ئێمەوە بوو. زۆربەی زۆری سەرکردە سیاسییەکان

له یەکێتی قوتابیانەوە پێگەیشتوون یا بەپێچەوانەوە یەکێتی قوتابیان بە دەست سەرکردە گەورەکانەوە بوو.

ئێوە لەناو خەڵکدا دەناسرانەوە یان بە نهێنی کارتاندەکرد؟

ئێمە خۆمان ئاشکرا نەکردبوو، بەڵکو موختەفی بووین، بەڵام لە قوتابخانەدا قوتابییەکان دەیانزانی کێ لە یەکێتی قوتابیانە و پارتییە، تەنانەت بەڕێوەبەرەکانیش دەیانزانی و چاویان لێ دەپۆشین.

کاتی کودەتاکەی حیزبی بەعس، ئەوان شیوعییەکانیان دەکردە ئامانج، ئێوەش بەهەمان شێوە بوون؟

با رووداوێکی ناخۆشی خۆم بگێڕمەوە کە لە پۆلی سێی ناوەندی، دوو هاوڕێم هەبوو، هەردووکیان نەماون و شەهیدبوون، ئەحمەدی موهەندیسی ئابلاغی و غەفور ساڵح ژاژڵەیی، غەفور کوڕێکی زۆر زیرەک بوو ناسینی ئەویش بۆخۆی چیرۆکێکی ترە. لەپۆلی سێ بووم، من لە پۆلی «ئەلف» بووم، ئەوان هەردووکیان لە پۆلی

«ب» بوون، ئەوکاتە وانە چل و پێنج خولەک بوو و بۆ کاتی پشووش دە خولەک یا چارەکێک هەبوو. هاتینە دەرەوە، پێشەکی پێیانووتم ئەحمەدیان برد. وتم: بۆ؟ وتیان نازانین. زۆرم پێناخۆش بوو، چونکە هاوڕێی گیانی بەگیانی بووین. دەمزانی ئەویش خەریکی ئیشکردنە. دواتر پرسیار و بەدواداچوون کرا، کەسێک هەبوو پێیاندەووت گوێبڕاو، ئەم گوێبڕاوە دەچێتە دەرەوە و لە ماوەت جاسوسییەکەی ئاشکرا دەبێت و دەگیرێت، پاشان سزای دەدەن و گوێی دەبڕن و دواتر ئازادی دەکەن. ئەمیش کە دێتەوە بۆ سلێمانی ئەوەی ناسیوویەتی و زانیوویەتی و ناوی بیستووە دەیدات بە گرتن لای ئەمنی سلێمانی. پارتیش بڕیاری کوشتنی بۆ دەردەکات و لای کۆڵانێکی سەعید تەها کۆییەوە دەیکوژن. وا بڵاودەکرێتەوە ئەحمەد ناوێک کوشتوویەتی، هەرچی ئەحمەد ناوە دەیگرن، هاتن لە قوتابخانە ئەحمەدیان گرت و سێ بۆ چوار مانگێک زۆر نارەحەتی چەشت.

رووداوی دووەم هی غەفور بوو، غەفور زۆر زیرەک بوو، کێبڕکێ لەنێوانماندا هەبوو لەسەر ئەوەی کاممان یەکەم یان دووەم بین. من لەوکاتانەی پشووی نێوان

دوو وانە هەبوو نەدەچووم بۆ حانووت بۆ شتكڕین یا پشوو وەرگرتن، قسەم لەگەڵ ئەوانە دەكرد كە متمانەم پێیان هەبوو بۆ رێكخستن و یەكێتی قوتابیان. قسەم لەگەڵ غەفور كردبوو، دوای ئەوەی رازی بوو، ئەوكاتە بڵاوكراوەی خەبات دەردەچوو، خەباتێكم بۆ هێنا و وتم بیخوێنەرەوە. بۆ رۆژی دوایی وتیان غەفور گیراوە. زۆرم پێناخۆش بوو وەک ویژدان، چونكە پشكنین هەبوو لەسەر رێگا، پۆلیس خەڵكیان دەپشكنی. وتم نەوەک خەباتەكەی پێ گیرابێت. ئەو جەبارەی هاوڕێم كە پێشتر باسمكرد، ئەویش لە بەشەناوخۆیی بوو وەكو غەفور، بانگمكرد و وتم: خۆت بدزەرەوە و بڕۆ بۆ بەشەناوخۆیی، دۆڵابەكەی غەفور بكەرەوە و ئەگەر بۆت نەكرایەوە بیشكێنە، بزانە خەباتەكەی لێ ماوە. جەبار خۆی دزییەوە و رۆیشت و پاش كاژێرێک هاتەوە و وتی: ئەوە خەباتەكەم هێناوە و لەسەر ئەوە نەگیراوە. مەبەستم ئەوەبوو لەڕووی ویـژدانـەوە ناخۆشبوو كـە لـەسـەر من گیرابێت. ئیتر دووریانخستەوە بۆ حللە، مامۆستاكان زۆریان پێ ناخۆش بوو لەبەرئەوەی قوتابییەكی زۆر زیرەک بوو. دەیانزانی لەگەڵ من هاوڕێیەتی نزیكی هەیە، بانگیان كردم، وتیان:

لەسەر چی گیراوە؟ وتم: وەڵڵا نازانم و هیچ چالاکییەکیشی نەبووە. دواتر من سۆراغم کرد، غەفور خەڵکی ژاژڵە بوو، ژاژڵەش نزیکبوو لە کێوەڕەشەوە کە بارەگای سەرەکیی مەکتەبی سیاسی پارتی لێ بوو. ئەوکاتە پێشمەرگە زۆر پیرۆز و موقەدەس بوو. کاتێک هاوینان دەگەڕایەوە بۆماڵەوە، سەردانی پێشمەرگەی پارتی کردووە لە کێوەڕەش و ماوەت، یەکێک لە کەسە نزیکەکانی خۆی جاسوس دەبێت و خەبەری لێدەدات، چونکە هەژدە ساڵ تەمەنی نەبوو نەیاندەتوانی لە زیندان بیهێڵنەوە، بۆیە رەوانەی حللەیان کرد، واتە دووریانخستەوە (نەفییان کرد بۆ شاری حللە).

دوای سێ مانگ کە تاقیکردنەوەی پۆلی سێیەکان درا، غەفور لەهاویندا خۆی دزییەوە و لە حللە هەڵهات و لە دەربەندیخانەوە هاتەوە. چوومە لای بەڕێوەبەرەکەمان، وتم: غەفور پێویستی بە یارمەتییە. وتی: هەرچییەکی پێویست بێت بۆی دەکەم. ئەوەبوو رێگایان دا دەوری دووەم تاقیکردنەوەی دەرەکی بدات و لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچوو. لەبەر کەمدەرامەتیی چووە خانەی مامۆستایان و تەواویکرد، بەڵام بەداخەوە لە شۆڕشی نوێدا کە

یەکێتی لە ساڵی ١٩٧٦دا بەرپایکرد، وابزانم لە سەرەتای هەشتاکاندا شەهید بوو.

ساڵی ١٩٦٤ پێش ئەوەی کێشەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی و مەلا مستەفا دەستپێبکات، جەنابتان بەرپرسیارێتیتان لەحیزبدا هەبوو؟

بەڵێ، لە قوتابیان و لەحیزبیشدا بەرپرسیارێتیم هەبوو.

ئەوکاتە کێشەکانتان چۆن دەبینی و هەڵسەنگاندنتان بۆیان چۆن بوو؟

ئێمە دژی ماڵی مەلا مستەفا بووین، واماندادەنا کە هۆی سەرەکیی تێشکانی هەموو شۆڕشەکانی پێشووی کورد ئەوە بووە کە سەرکردەکانی سەرۆک هۆز و خێڵ بوون و پارتێکی سیاسی و بە ئەزموون و قاڵبووی خەبات سەرکردایەتی نەکردووە. لەو روانگەیەوە ئێمە دژی باڵی بارزانی بووین لەناو حیزبدا و پێمانوابوو بەیانی ١٠ی شوبات هیچ مافێکی بۆ کورد بەدەستنەهێناوە.

مەبەستم ئەوەیە چۆن لە کێشەکە تێگەیشتبوون؟

دوای ساڵی ١٩٦٤ و سەرهەڵدانی ئینشیقاق، کۆنفرانسی ماوەت گیرا. جگە لە مەلا مستەفا، هەموو ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی لەوێ بوون. لەو کۆنفرانسەدا مەلا مستەفا تەجمیدکرا و ئەوانیش بەیانێکیان دەرکرد. بەیانەکە رەنگە ئێستا لەناو بەڵگەنامەکان هەبێت، بەیانێکی زۆر بەناوبانگە بەناوی «أصلاح أم الاستسلام»

کە تیایدا هەموو بڕگەکانی بەیانی ١٠ی شوباتیان شیکردبووە و دەریانخستبوو کە بەیانی ١٠ی شوبات هیچ مافێکی بۆ کورد و ئامانجەکانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ تیا بەدینەهاتووە .

ئەوە بوو، عەبدولسەلام و بارزانی رێککەوتنێکیان لەڕێی موتەسەڕیفی سلێمانییەوە کردبوو، بارزانی لەو بەیاننامەیەدا داوای لە هێزی پێشمەرگە کردبوو کە چەکەکانیان دابنێن و بچنەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆیان، لەوە زیاتر هیچ داواکارییەکی کوردی تێدا نەبوو. ئێمە ئەوەمان پێناخۆش بوو، چونکە پێشمەرگە لەوپەڕی بەهێزیدا بوو. دواتر ئێمە شارەزاببووین لە شۆڕش، چونکە پێشتر زۆر کتێبمان لەسەر شۆڕشی شێخ مەحمود و شۆڕشی مهاباد

خوێندبۆوە و لەوە تێگەیشتبووین کورد کێشەی ئەوەی هەیە سەرکردەیەکی سیاسی و پارێزەرێکی باشی نییە، بۆیە هەمووومان دژی ئەوەبووین، بەتایبەتی لە سلێمانی کەسی تێدا نەبوو دژی ئەوە نەبێت.

تۆ زیاتر لەگەڵ کاک نەوشیروان تێکەڵبوویت یاخود لەگەڵ جەنابی مام جەلال؟

من لە کاک نەوشیروانەوە نزیکبووم، کاتێک ساڵی ١٩٥٩ و یان زیاتر مام جەلال هاتە سلێمانی، فەرماندەی هێزی رزگاری بوو، من منداڵبووم، وێنەیەکی هەیە بە کلێتەیەکەوە و دەستێک رانکوچۆغەی لەبەردایە لە بیناکەی نوری عەلی لای بەردەرکی سەرابوو بینیم، بەڵام دوایی کە چوومە بەغدا و چوومە حەبانییە، زیاتر ناسیم.

کاتێک بڕیاری جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی و تەجمیدکردنی مەلا مستەفا درا، هاتنە بەکرەجۆ؟

نەخێر ئەوکاتە لە ماوەت بوون، کاتێک مەلا مستەفا هێزی کۆکردەوە و چووە سەریان، ئەوانیش بۆ ئەوەی

خوێن نەڕژێت و خوێنی کورد بە دەستی کورد بەفیڕۆ نەڕوات، ئەوەبوو شەڕیان لەگەڵ هێزەکەی مەلا مستەفا ڕەتکردەوە و بەجێهێشتنی خاکی کوردستانیان هەڵبژارد. لەجیاتی شەڕی براکوژی، چوونە ئێران و هەمەدان و پاشان بەگوێرەی ڕێککەوتنێک لەگەڵ مەلا مستەفادا هاتنەوە. کە هاتنەوە و دواتر لە دۆڵەڕەقە دانران، ئەگەر کتێبەکەی مام جەلالت خوێندبێتەوە چۆن لەلایەن هەباس ئاغاوە هەواڵیان بۆ دێت کە بەنیازن بیانکوژن، ئیتر ئەوکاتە ناچار دەبن دۆڵەڕەقە جێبهێڵن و خۆیان بشارنەوە و دەڕۆنە بەغدا. پاشان مام جەلال وەکو فەرماندەی هێزی رزگاریی باڵی مەکتەبی سیاسی، لە بەکرەجۆ جێگیر دەبێت.

ئەوکاتە لەناو شاری سلێمانی سەرقاڵی چی بوون؟

ئێمە خەریکی کاری ڕێکخستن بووین بۆ باڵی مەکتەبی سیاسی.

ئەم دابەشکارییە هەر سەرکردەکان دەیانزانی

یاخود کادێری خواره‌وه‌ش؟

به هه‌موو ئه‌ندامه‌کان ده‌ووترا، هه‌موو کادێرانی حیزب لێی به‌ئاگابوون. دوو ماڵ له سلێمانی وه‌کو باره‌گای لێهاتبوو، ماڵی کاک شازاد و ماڵی ئێمه.

ده‌گه‌ڕێمه‌وه سه‌ر خوێندن، پۆلی شه‌شی ئاماده‌ییت به چ ئاستێک ته‌واوکرد؟

له ساڵی ٦٤ بۆ ٦٥ ئه‌وکاته پۆلی شه‌ش نه‌بوو پۆلی پێنج هه‌بوو. له هه‌فته‌یه‌کدا سی کاژێر قوتابخانه هه‌بوو، من ٧٢ کاژێر له کۆبوونه‌وه‌ی حیزبیدا بووم، مه‌جالی خوێندنم نه‌بوو، شه‌وی وا هه‌بوو دوو کاژێر خه‌وتووم. ئه‌و ساڵه‌ش بۆ نه‌گبه‌تیی من پرسیاره‌کان زۆر زۆر قورس بوون، به‌ڵام من باوه‌ڕم به‌خۆم هه‌بوو. ئه‌و ساڵه شه‌ش که‌س له سلێمانی ده‌رچوون له ده‌وری یه‌که‌م، یه‌کێکیان من بووم. خۆشحاڵبووم که نمره‌ی پزیشکیم نه‌هێنا، چونکه ئێمه خانه‌واده‌یه‌کی نه‌خوێنده‌واربووین که‌س نه‌بوو پاڵپشت و ڕێنوێنیم بکات. چوومه لای مامۆستا سامی حسێن نازم که به‌ڕێوه‌به‌ری ئاماده‌یی سلێمانی بوو. وتم: چی بکه‌م به بۆچوونی تۆ؟ مامۆستا وتی:

تۆ حەزت لە خوێندنی بەرزە؟ وتم: بەڵێ. وتی: بڕۆ بۆ کۆلێژی علوم واتە زانست. بەو شێوەیە چوومە کۆلێژی زانست لە زانکۆی بەغدا، بەو مەبەستەی کە خوێندنی باڵا بخوێنم لەبواری زانستە سروشتییەکاندا وەکو فیزیا و کیمیا یا ماتماتیک، چونکە خۆم زۆر باشبووم لەو مادە و بوارانەدا. هەروەک دەبینن ئەو ئامانجەم بەدەستهێناوە و ئێستا دکتۆراکەم لە فیزیای ئەتۆمدایە و خاوەنی دەیان لێکۆڵینەوەی زانستیم لەو بوارەدا.

لە بەغداش هەر خەریکی کاری سیاسی بوویت؟

بەڵێ، لەوێش یەکێک بووم لە کەسە چالاکەکان.

ئەگەر باسی ئەوێ بکەین، هاوڕێکانت کێبوون، چۆن دەستپێکرد و لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی چۆن بوون؟

ئێمە قوتابیان بووین، جیاواز بووین لە کاسبکاران و مامۆستایان، کە چووم راستەوخۆ بووم بە ئەندامی لیژنەی زانکۆی بەغدا.

کێ بەرپرسی لیژنەکە بوو؟

دوو کەس بوون، یەکەمجار کەمال محێدین بوو کە ئەوسا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، ئێستاش ماوە. پێش ئەویش تەیب بەرواری بوو، ئێستا لە هۆڵەندایە، بەڵام بەرپرسی سەرەکیمان کاک کەمال محێدین بوو.

پەیوەندیت چۆن لەگەڵ مام جەلال دروستکرد؟

هەموو رۆژێک نا، بەڵام زۆرکات لە رۆژنامەی نور و کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەمبینی، مانگی وا هەبوو دووجار دەمبینی.

کادیرەکانی ناو کۆلیژەکانی بەغدا کێ بوون؟

کاک نەوشیروان، هێشتا تەخەڕوجی نەکردبوو، کاک شازاد بوو، تەیب بوو و بەکر حسێن و فازیلی مەلا مەحمود و شەهید ئەحمەد بوون. ئەوانەی ئێستاش ماون سەربەست بامەڕنی بوو.

لەوێ چ جۆرە چالاکییەکتان دەکرد؟

بەیاننامە دەرکردن و پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ

پارتە سیاسییەکان و مانگرتنی زانکۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٦٧ کە ئێمە دەورێکی کاریگەرمان تێدا بینی.

یادی نەورۆزتان دەکردەوە؟

بەڵێ یادی نەورۆزیشمان کردەوە، قوتابیانی زانکۆ سەیرانێکی بۆ حەبانییە ڕێکخست و مام جەلالیش هات. هەڵبەت بۆ سەیران نەبوو، بەڵام بەناوی سەیرانەوە کۆبوونەوە کرا. وەکو ئێستا نەبوو، هەموو کەسێک ئامادەبوو خۆی بدات بە کوشت لەپێناو هاوڕێکەیدا، وەفا و دڵسۆزیی بۆ یەکتر لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، پاشقوللێگرتن هەر بوونی نەبوو وەک ئێستا.

بڵاوکراوەتان نەبوو بۆ خوێندکارانی کورد؟

بێگومان هەمانبوو، هەم بۆ خوێندکاران و هەم بۆ حیزب.

بە دەست دەتانووسی؟

هەندێکیمان بە تایپ و بە ڕۆنیۆ دەنووسییەوە، ئەو خوێندکارانەش کە خەتیان خۆش بوو بە کاربۆن

دەمانووسی، شەش کاربۆنمان لەسەریەک دادەنا بۆ بڵاوکراوەی حیزب. لەوانەی خەتیان خۆش بوو، کاک نەوشیروان خەتی زۆر خۆش بوو، بەختیاری براشی خەتی زۆر خۆش بوو، منیش خەتم خۆش بوو، بەڵام ئەگەر بەختیار لەوێبوایە بەومان دەنووسییەوە.

مەترسیتان لەسەر نەبوو لەلایەن حکومەتەوە، کەستان لێ دەستگیر نەکرا؟

با سەرەتا شتێکت بۆ باسبکەم، لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ کاتی مەنع تەجەولەکەی زەعیم سدیق، من گیرام و کەسێکی تورکمان رزگاریکردم. زۆر زەعیف و لاواز بووم، تا ساڵی ١٩٧٩ لە ٤٩ کیلۆ زیاتر نەبووم. لەکاتی مەنع تەجەولەکە (قەدەغەی هاتوچۆ) کاتی تاقیکردنەوەی بەکەلۆری پۆلی سێ بوو. سەرباز هاتنە سەر ماڵی ئێمە، بەهۆی پیرییەوە باوکمیان دەستگیر نەکرد، بەڵام مامم و دوو ئامۆزام گیران، هەموویان خرانە ناو لۆرییە سەربازییەکانەوە. ئێمەش کابرایەکی تورکمان میوانمان بوو، من منداڵبووم و بە عەقڵی ئەوکاتە زۆر رقم لە تورکمان بوو. هەر دەمووت باوکە ئەم تورکمانە چی

دەکات لە ماڵی ئێمە، ئەویش ڕێگای لێگیرابوو نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بۆ کەرکوک. باوکم دەیووت کوڕم تۆ هەقت چییە بەسەر ئەو بەستەزمانە. کە هاتن منیشیان گرت، هاوارمکرد من قوتابیم و تاقیکردنەوەم هەیە، بەڵام سوودی نەبوو، بە لێدان بردیانم بەرەو لۆرییەکە. ئەو کابرا تورکمانە دەستی هەرچی ئەفسەر و سەربازەکانە ماچیکرد کە من بێگوناحم و قوتابیم و تاقیکردنەوەم هەیە، ئیتر بەریاندام.

زۆر حەزەرمان دەکرد، لەماڵەوە چەندین شوێنی شت شاردنەوەم هەبوو. یەکێکیان لەدیوارێکدا بوو، دیواری ئەوکاتە شێوەیەکی تر بوو، لەناو دیوارەکە وەک چەکمەجەیەک وابوو، ڕاتدەکێشا و دەتخستەوە شوێنی خۆی. هەروەها لە حەمامی ماڵەوە، حەمامی جاران بە پەرەمێز گەرمدەکرا، پێش ئەوەی بچیتە حەمامەکەوە سەکۆیەک هەبوو، ناوەکەی بۆش بوو، لەوێدا شتی نهێنم دەشاردەوە. بۆ چوونەدەرەوەش لە جلی ژێرەوە گیرفانێکمان دروستدەکرد و زنجیرێکیان لێدەدا، بەیاننامە و ئەو شتانە وەک چوکلێتێکی بچووک لەوێدا دەمانشاردەوە.

جارێکیان دوو زللەیان لێدام لەسەر ئەوەی خراپ ڕۆیشتووم، زۆر بە چاکی منیان پشکنی، بەڵام هیچیان نەدۆزیوە. ئەوەشت بۆ باسبکەم، لەپۆلی دووەمی ناوەندی، بەکر حسێن (ئێستا لە سویدە)، بەرپرسم بوو، چوومە ماڵیان لای مزگەوتی دوو دەرگا، ماڵێکی گەورەیان هەبوو. کورسییەکی هەبوو ئاسن بوو، بەڵام لەژێرەوە شتی تێدا دەشـاردەوە. ئەوکاتە باسی فیدراڵی و کۆنفیدراڵیی بۆ دەکردم. ئیتر بەو شێوەیە هەم پارێزگاریمان لە خۆمان دەکرد و هەم بەختیشمان هەبوو.

ساڵی چەند کۆلێژت تەواوکرد؟

ساڵی ١٩٦٩.

ڕاستەوخۆ گەڕایتەوە بۆ سلێمانی؟

بەڵێ، هاتمەوە بۆ سلێمانی. پێش ئەوەی دابمەزرێم، موحازیر بـووم (واتـە وانـەم دەووتـەوە) لە ناوەندیی سیروان و لە ناوەندییەکی تری پشت ئامادەیی وابزانم ناوەندیی ئەزمەڕ بوو. دواتر لە ناوەندیی سەلاحەدین دامەزرام بەرلەوەی بچمە زانکۆی سلێمانی.

کە هاتمەوە، کاک نەوشیروان ئەندامی لقی پارتی بوو لە سلێمانی لە باڵی مەکتەبی سیاسی. هەروەها حەمە چاوشین و مەحمودی مەلا عیزەت و جەمال عەبدول و ڕەفعەتی مەلا بوون. ئەوکاتە لەناو ڕێکخستنی سلێمانیی پارتی واتە لقی چوار، دوو باڵ هەبوون، بەشی ڕاست و بەشی چەپ هەبوون. هەموویان مام جەلالیان بە مامۆستای خۆیان دەزانی. بەرپرسی لق، کاک حەمەی حاجی تایەر بوو، بەرپرسی عەسکەریش مام جەلال بوو و بارەگاکەی لە بەکرەجۆ بوو. کۆمەڵەیەکی تریش هەبوو بە ناوی سازمانی ئینقیلابەوە، گروپێکی چەپ و ماویست و زۆر زیرەکبوون و مام جەلال یارمەتیدابوون. کوڕێکیان تیابوو ناوی دکتۆر جەلال بوو، دوایی چووەوە ئێران و ئیعترافیکرد. ئەوان کاریگەرییان لەسەر مام جەلال و کاک نەوشیروان و مەحمودی مەلا عیززەت و من و کاک شازاد و برادەرانی تر هەبوو، هەرجارێک بهاتنایەتەوە و هەفتانەش رزگاری هەبوو، مام جەلال کۆیدەکرینەوە و شەو لەوێ دەبووین و وانەی پێدەووتین و هەروەها ئەرکی دەداینێ. دەیووت: «هەریەکە و شتێک ئامادەبکات و بیڵێتەوە». دەیویست زەمینە خۆشبکات بۆ

لەدایکبوونی پارتێکی چەپی پێشڕەو و ئەو کەسانەی کە پەروەردەی دەکردین لە دوارۆژدا لەو پارتەدا کاربکەین. خۆی بنچینەی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی لێرەوە دەستپێدەکات. لەبەرئەوەی لەناو لقی سلێمانی کەسانێکی وەکو جەمال خەفاف و حەمەئەمینی قائیمقامی ئەوکاتەی هەڵەبجە (وابزانم کچێکی ناوی مهابادە و ئێستا چالاکوانێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە مەڵبەندی سلێمانی)، هەروەها عەلی ئیسماعیلی معارف هەبوو، ئەمانەمان بە راستڕەو دەدایە قەڵەم. کۆنفرانسی سلێمانی بۆ کۆنگرە گیرا، سەرەتا لیژنەی ناوچە و لق هەڵدەبژێردرا، دواتر نوێنەر بۆ کۆنگرە هەڵدەبژێردرا، لە کۆنفرانسەکەدا ئەوانەی هەواداری دروستکردنی پارتی پێشڕەو بوون سەرکەوتن بۆ کۆنگرە. کە هاتمەوە بۆ سلێمانی کاک نەوشیروانم بینی، کاک نەوشیروان کاریگەریی هەبوو لەسەر قوتابیان و لەسەر حیزبیش. وتی: «حەمە تۆ بۆ ناگەڕێیتەوە و ببیت بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی قوتابیان، واتا ئەندامی لیژنەی جێبەجێکار کە بەمنزیکانە کۆنگرە دەبەسترێت». وتم: «وەڵڵا تازە هاتوومەتەوە لە بەغدا و خوێندنم تەواوکردووە و تاقەتم نییە، دواتر

چۆن من دەکەن بە ئەندامی کۆنگرە». وتی: «نا نا برۆ هەموویان برادەرتن، پێیان بڵێ منیش دەمەوێت بەشداربم لە کۆنگرە».

ساڵی ١٩٦٩ لە بەکرەجۆ کۆنفرانس گیرا، سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان ئەوکاتە کاک دارۆی شێخ نوری و شەهید ئارام و فازیلی مەلا مەحمود بوون، لە ئامادەیی من بەرپرسی کاک دارۆ بووم. پێمووت: «کاک دارۆ بۆ پێتان نەوتووم بۆ کۆنگرە، منیش دەمەوێت بەشداربم؟». وتیان: «لەبەرئەوەی تۆ تەخەڕوجت کردووە». وتم: «جا چییە لە سلێمانی کارتان بۆ دەکەم». وتیان: «وەڵڵا زۆرباشە». ئیتر بووم بە ئەندامی کۆنگرە و هەڵبژێردرام بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، واتا ئەندامی لیژنەی جێبەجێکار و بووم بە بەرپرسی لقی سلێمانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لەحیزبیشدا بووم بە بەرپرسی رێکخراوی ١١ لەبری رێکخراوی چوار.

تا کاتی ١١ی ئازار، لەگەڵ کاک نەوشیروان و حەمەچاوشین و برادەران کە چوونە بەغدا، ئیشمدەکرد. لە ئەنجامی بەیانی ١١ی ئازار، برادەرانی لق و لێپرسراوە دەرکەوتووەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی چوونە بەغدا.

لەوێش لیژنەیەکی ناوچەی نهێنییان دروستکرد تا سەرکردایەتی سلێمانی بکات، لەوانە من و درەخشانی شێخ جەلال بەڕەحمەت بێت و جەلال عەزیز بەڕەحمەت بێت و شەهید جەمال تاهیر و قادری برای حەمەی حاجی تایەر بووین. جەمال عەبدول ئەوکاتە ئەندامی لق بوو، ئەو بووە بەرپرسمان تا ساڵی حەفتا تێکەڵاوبووینەوە.

کاتی تێکەڵاوبوونەوە هیچ پرس و راوێژێک بە ئێوە کرا؟

بەڵێ ئەی چۆن، لەوێدا هەوڵماندا کۆمەڵە دابمەزرێنین. مام جەلال لە هەندێک شوێن باس لەوانە دەکات لە سلێمانی کاریانکردووە، کارە سەرەکییەکان من و کاک شازاد و کوڕێکی ئەندازیارمان لەگەڵ بوو ناوی جەبار بوو، ناوماننابوو جەبارە کەلە، نازانم لەژیاندا ماوە یان نا, ئاوات عەبدولغەفور بوو، شەهید جەمال تاهیر بوو، مەحمودی مەلا عیززەت بوو، کاک نەوشیروان خۆی بوو. پێش ئەوەی کۆمەڵە رابگەیەنرێت ئێمە بە دەوری کۆدەبووینەوە. ئێمە بە گروپی سلێمانی ناودەبراین و چەندین برادەری تریش هەبوون لە سلێمانی، وەکو

فازلی مەلا محمود و ئەشرەف تاڵەبانی و ....هتد. ئەوان پاشان بە لای عیراقیدا خۆیان ساغکردەوە، هەروەها کاک فوئاد قەرەداخی کە ئەویش چووبووە بەغدا و لەکاتی دامەزراندنی کۆمەڵە لەلایەن گروپی بەغداوە یەکێک بوو لە دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵە، بەڵام پاشان لایەنی عیراقی هەڵبژارد و لەگەڵ چەند برادەرێکی تردا هاتنە دەرەوە لە کۆمەڵە. ئەوەندەی من بزانم، جگە لە مام جەلال، کاک فوئاد قەرەداخیش باسی گروپی سلێمانی کردووە.

بۆچوونتان چی بوو لەسەر یەکگرتنەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی مەلا مستەفا؟

دوو ئۆپشن (هەڵبژاردە)مان دانابوو، یا ئەوەتا باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی مەلا مستەفا یەکبگرنەوە، یا حیزبێکی تر دابمەزرێنین.

تۆ لەگەڵ کام ئۆپشنەدا بوویت؟

من لەگەڵ دروستکردنی پارتی پێشڕەو بووم، ئیتر ئەوکاتە هاتوچۆ دروستبوو لەگەڵ فاخیر مێرگەسوریدا

و لە ڕێگەی ئەویشەوە لەگەڵ مەلا مستەفا و هەوڵی یەکگرتنەوە دەدرا. کاتێک کۆنگرەکە لە بەغدا بەسترا لە ماڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە شەقامی فەڵەستین، مام جەلال لە دەرەوەی عیراق بوو لە ئیتاڵیا بوو. ڕۆژی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆنگرە بە دڵی ئێمە دەڕۆیشت. ئێمە بەتایبەتی ئەوانەی سلێمانی، لەدوای دانیشتنەکانی کۆنگرە، لە هوتێل حافز قازی کۆدەبووینەوە بۆ ئەوەی پلانی ڕۆژی دواتر دابنێین. دوایین ڕۆژ کۆبوونە کرا و گفتوگۆیەکی زۆر کرا لەسەر ئەوەی بمێنینەوە یا پارتێکی دیکە دروستبکەین، ئەو پارتە کێی تێدا بێت؟ بەشێکی زۆر دەیانووت نابێت مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد و کەمال محێدین و ئەوانەی تێدابێت. بەداخەوە کاک نەوشیروان بەجێیهێشتین، ئەو وتی: «من پێم باشە مام جەلالی تێدا بێت». تەنها کاک نەوشیروان ئەوەی وت کە مام جەلالی تێدابێت. ئێمە گەنجبووین و حەماسەتمان هەبوو، گوێمان نەدەدا بەوەی کێی تێدا بێت و کێی تێدا نەبێت. بۆ بەیانی چووینە کۆنگرە، مام جەلال هاتەوە، بۆ ماوەی سێ کاژێر و نیو قسەی کرد، دانیشتنەکە درا بەو، هەرچییەکمان دانابوو لێی هەڵوەشاندینەوە و ڕیسەکەی لێ کردینەوە

بە خوری. یەکێک لە برادەرەکانمان کە کاک فازیلی مەلا مەحمود بوو، وەک ئێمە بیری دەکردەوە، کە مام جەلال قسەکانی کرد، ئەویش چووە پاڵ قسەکانی مام جەلال و دید و بۆچوونەکانی مام جەلال. مام جەلال کە لە ئیتاڵیا لەگەڵ کۆمەڵەی سازمانی ئینقیلاب و سەرکردەکانیان و سەرۆکەکەیان کە نازناوەکەی قوباد بوو (مام جەلال قوبادی کوڕی بەناوی ئەوەوە ناوناوە پاش شەهیدبوونی لە ئێران)، ئەوان وایان لە مام جەلال گەیاندبوو کە ئەگەر بکرێت باشترە کە پارێزگاریی لە مانەوەی حیزب بکرێت، واتا باڵی مەکتەبی سیاسی، چونکە ئەم باڵە نوێنەری پێشکەوتنخوازانە و دژی کۆنەپەرستیی کوردە. ئیتر چی بکەین، دامانناا وەڵامی مام جەلال بدەینەوە، ئەم عەبدوڵڵا سەعیدە کە ڕاوێژکاری خۆی بوو و شەهید جەمال تاهیر و من و دوو کەسی تر، بەڵام مەجالی تێدا نەما بەوەی حیزبی خۆمان دروستبکەین جیا لە باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی بارزانی.

ئەو جۆرە دابەشبوونە بەسەر مەلایی و جەلالیدا لە زانکۆکان هەستی پێدەکرا؟

بەڵێ زۆریش هەستی پێدەکرا، ئێمە رێکخستن و کاری باشترمان دەکرد. عادل موراد ئەوکاتە مەلایی بوو، بەرپرسی رێکخراوی قوتابیانی کۆلێژی پەروەردە بوو.

عادل موراد مەلایی بوو؟

بەڵێ ئەوکاتە مەلایی بوو، ئازاد بەرواری لە کۆلیژی کشتوکاڵ بوو، ئەنوەر رەئیس لەوێ بوو، ئەمانە قوتابیانی باڵی بارزانی بوون.

ئەوکاتە پلەی بەرپرسیارێتیت چۆن بوو لە بەغدا؟

ئەندامی سەرەکیی لیژنەی زانکۆ بووم و ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش بووم لە بەغدا.

کارەکانتان لەڕووی رێکخستنەوە چۆن بەڕێوەدەچوو؟

زانکۆمان دابەشکردبوو بەسەر کۆلێژەکاندا، من بەرپرسی کۆلێژی زانست و کارگێڕی و دارایی بووم. دوو هاوڕێی ترم کە لە دەورەی دووەم دەرچووبوون، ئەوان چوونە پەیمانگای باڵای پیشەسازی، بەکر حسێن

و شەهید ئەحمەد حەمەکەریمی موهەندیس. ئـەوان لە تەلمحەمەد بـوون، بـەڵام هەر هاوڕێبووین و کاری سیاسیمان دەکرد، رۆژانی پێنجشەممە لەسەر هەینی یان ئەوان لای من بوون یا من دەچوومە لای ئەوان.

ئەی چالاکیتان چی بوو لە زانکۆی بەغدا؟

جگە لە چالاکیی سیاسی و پەیوەندیی بە پارتە سیاسییەکانی عیراق و رێکخراوەکانی قوتابیان، چالاکیی کۆمەڵایەتیشمان زۆربوو. یادی نەورۆزمان دەکردەوە و چالاکیی دیکەشمان ئەنجام دەدا. هـەمـوو ساڵێک شوێنێکمان هـەڵدەبژارد، یەکەم ساڵ چووینە فەلوجە و جارێکی تر چووینە حەبانییە و جارێکی تر چووینە ناوچەیەک پێیاندەووت ڕاشیدییە. لە رێکخستنی هەموو ئەو چالاکییانەدا من دەوری سەرەکیم هەبوو.

ئەوکاتە نێوانتان لەگەڵ جەنابی مام جەلال چۆن بوو ، سەردانی دەکردن؟

بێگومان، لە یادکردنەوەی نەورۆز ئەوەی حەبانییە

لەگەڵمان بوو. پارتی دوو بارەگای هەبوو لە بەغدا، یەکێکیان لە تەلمحەمەد بوو، ئەوی دیکەش لە گۆڕەپانی ئەندەلوس بوو. ئێواران دەچووین سەردانمان دەکردن، زۆربەی سەرکردەکان لەوێبوون، حیلمی عەلی شەریفیش لەوێبوو.

ساڵانی کۆلێژ بەم جۆرە چالاکییانە بەڕێکرا؟

بەڵێ، لەڕووی حیزبییەوە هەفتانە کۆبوونەوەمان هەبوو. باشترین چالاکیی کە دیاربوو، ئەو مانگرتنەی قوتابیانی زانکۆی بەغدا بوو لە ساڵی ١٩٦٧ لە بەغدا بەرلەوەی بەعس بێتە سەر حوکم لە ساڵی ١٩٦٨.

ئەوکاتە بەرەیەکی قوتابیان دروستبوو، ئەو بەرەیە لە ئیتیحادی عامی قوتابیان کە شیوعییەکان سەرپەرشتییان دەکرد بە هەردوو بەشەکەوە، لە لیژنەی مەرکەزی و قیادەی مەرکەزی کە عەزیز حاج سەرپەرشتی دەکردن، قیادەی مەرکەزی زۆر بەهێزبوون، زۆریش چالاکبوون، ڕۆژانە دوو بۆ سێ بەیانیان دەردەکرد، ئێستا عەزیز حاج لە فەڕەنسایە. حەرەکەی ئیشتیراکیی عەرەبیش دۆستی ئێمە بوون. حیزبی بەعسی ئیشتیراکیی عەرەبی، باڵی

چەپ و ڕاست، ئێمە لەگەڵ چەپەکان پەیوەندیمان هەبوو، فوئاد ڕەکابی و ئـەوان لەگەڵ مـام جـەلال و ئیبراهیم ئەحمەد پەیوەندیی زۆر باشیان هەبوو، ڕاستڕەوەکان باڵی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حسێن بوون. جا ئەو ئیزڕابە (مانگرتنە سەرتاسەرییەی زانکۆی بەغدا) هەموو ڕێکخراوەکان بەگشتی، شیوعیی بە هەردوو باڵەکەیەوە و قەومییەکان و ناسرییەکان و ئێمە بەشداربووین، جگە لە جەماعەتەکەی سەدام و ئەحمەد حەسەن بەکر نەبێت.

سەدام ئەوکاتە خوێندکاری سێی یاسا بوو، ڕۆژانە کۆبوونەوەمان هەبوو کە چۆن هەماهەنگی بکەین. بڕیاری ئەوە درا بۆ سەرکەوتنی مانگرتنەکە لە هەندێ کۆلێژ بەعسی ڕاستڕەو بەشداریی پێبکەین، بـەڵام چەپەکان واتا بەعسی چەپ قبوڵیان نەبوو جەماعەتی ڕاستڕەوی حیزبی بەعس بێنە ناو مانگرتنەکەوە. هەرچەند لەگەڵیان هەوڵماندا سوودی نەبوو، هەوڵەکان بۆ ئەوەبوو پرۆسەکە سەربکەوێت، چونکە حیزبی بەعس باڵی ڕاستیان زۆر بەهێزبوون لە ئەعزەمییە و بەتایبەتی لە کۆلێژی زانست و منیش لەوێ بـووم. محەمەد دوبـدوب یەکێک بوو لە سەرکردەکانیان و لە کۆلێژی ئێمە بوو لە بەشی بیرکاری،

منیان راسپارد بچم رێککەوتنیان لەگەڵ بکەم، کە چووم دانیشتم لەگەڵیان و چەند دانیشتنێکمان کرد. دووجار لە شەقامی رەشید لە قاوەخانەی بەڕازیلی، ئەو شوێنە بۆ قاوەخواردنەوە بوو، هەروەها شوێنی سەعیکردنی قوتابیانیش بوو, شوێنێکی خۆشی هەبوو. جارێکیش لە کۆلێژی خۆمان کۆبووینەوە. ئەوان داوایان دەکرد وەک ئەندام لە لیژنە سەرەکییەکە بن، منیش تەنها دەسەڵاتم درابوویێ رێککەوتنیان لەگەڵ بکەم لەسەر کۆلێژی زانست، ئەوان بەوە رازی نەبوون. دوادانیشتنمان لە قاوەخانەی بەڕازیلی بوو لە شەقامی رەشید، محەمەد دوبدوبی و ئیحسان ناوێک بوون هاتن، بە راشکاویی پێیانووتم ئێوە دەتانەوێت لەو شوێنانەی ئێمە بەهێزین بچینە ناو مانگرتنەکەوە، دواتر پشتگوێماندەخەن، ئێمەش ئەوە ناکەین.

کە پرۆسەکە بەردەوامبوو، ئەوان «حیزبی بەعس باڵی ڕاست» لیژنەیەکیان دروستکرد و دەهاتنە ناو کۆلێژەکانەوە بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن بەردەوام بێت و مانگرتنەکە بەزۆر بشکێنن، ئەم لیژنەیە بە سەرپەرشتیی نازم گەزار و سەدام حسێن بوو.

شیوعییەکان نەیاندەوێرا بەرپەرچییان بدەنەوە، دەگەڕان بەسەر هەموو کۆلێژەکاندا، بەشێک لە کۆلێژەکانی یاسا و کارگێری و دارایی تەقەی تێدا کرا و جەماعەتەکەی سەدام و ئەحمەد حەسەن بەکر نەیانهێشت مانگرتنەکە سەربکەوێت. ئەوان بە ئاشکرا پێیانووتین ئێوە دەتانەوێت حکومەت بەئاگابێتەوە لەوەی ئێمە چیمان بەدەستەوەیە، واتا بەئاشکرا دەیانووت کە کودەتا بەسەر عەبدولڕەحمان عارفدا دەکەن، دوایش توانییان سەربکەون بەسەر ئەو حکومەتەدا.

کودەتاکەی ٦٨ ئێوە لەکوێ بوون؟

لە بەغدا بووم.

لە قۆناغی چواری زانکۆ بوویت؟

بەڵێ.

رووبەڕووی هیچ کاردانەوەیەک بوونەوە؟

نەخێر رووبەڕووی هیچ نەبووینەوە، چونکە وەک دەڵێن کودەتایەکی سپی بوو، بۆردومانی سەرۆکایەتییان

کرد و ئەوانەی تێیدابوون ناردیانن بۆ ئوردن و مەغریب، عەبدولڕەحمان عارفیشیان نارد بۆ تورکیا.

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٩ زانکۆت تەواوکرد، بڕیاری چیت دا؟

هاتمەوە بۆ شاری سلێمانی، دواتر بووم بە سەرباز لە ناسریە بۆ ماوەی مانگێک زیاتر. پاشان بڕیارێک درا بۆ ئەوانەی دەرچووی زانکۆن و دەتوانن بەدەل بدەن، واتا بڕی نزیکەی ١٠٠ دیناری ئەوسات دەدا لەجیاتی تەواوکردنی راژەی سەربازی و هەوڵی دامەزراندت دەدا، منیش پارەکەم دا و لە سەربازیی بەخشرام. هاتمەوە بۆ سلێمانی، داواکاریم پێشکەشی پەروەردە کرد و بووم بە مامۆستا لە ئامادەیی سەلاحەدین و دوای ساڵێک خۆم گواستەوە بۆ زانکۆی سلێمانی.

ئەگەر نزیکبینەوە لە بەیاننامەی ١١ی ئازار، بەڕێزتان چۆن لەو بەیاننامەیە دەڕوانن؟

چەند رۆژێک پێش ١١ی ئازار، وەک پێشتر باسمکرد لەگەڵ مام جەلال لە گۆڤاری ڕزگاری کۆدەبووینەوە و لە

ژوورەکەی کاک نەوشیروان دانیشتبووین، مام جەلال و کاک شازاد و مەحمودی مەلا عیززەت و من بووین. مام جەلال باسی لە ڕێککەوتنی نێوان بارزانی و حکومەت کرد، ئەو ئاگاداری وردەکارییەکان بوو. وابزانم ٩ی ئازار بوو کە دانیشتبووین. وتی: «هەواڵم بۆ هاتووە ڕێککەوتنەکە ناکرێت». وابوو، چونکە شاندەکە لە بەغدا گەڕابوونەوە. بۆ ١٠ی ئازار سەدام حسێن خۆی چووە لای بارزانی و پێی وتبوو، کاغەزی سپیم بۆ هێناویت چیت دەوێت من ئیمزای دەکەم.

بە بۆچوونی تۆ سەدام حسێن بۆ وایکرد؟

سەدام حسێن دەیویست ببێت بە کەسی یەکەم لە عیراقدا، بۆ ئەوەش کاتی پێویست بوو. ئەگەر نەیکردایە و شەڕ لە کوردستاندا بوایە، جەماعەتی ئەفسەرەکان وەکو ئەحمەد حەسەن بەکر و سەعدون غێدان و مەهدی ساڵح عەمماش و ئەوانەی تر کە لە هێزە سەربازییەکاندا بوون سەردەکەوتن. ئەمانە هەموویان لە بەعسدا ناو بوون و ئەندامی قیادەی قوتری (هەرێمی) بوون. سەدام حسێن لە دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستیپێکرد، سەدام هیچ نەبوو، بۆ

ئەوەی ببێت بە کەسی یەکەم، کاتی پێویست بوو.

من زۆر باشم لەبیردێت، شەوەکەی کاک سالار عەزیز، واتا کاک نەجمەدین و ئاوات عەبدولغەفور لە ماڵی ئێمە بووین لە چوارباخ. جا زۆربەی خەڵکی گەڕەکەکەمان دەیانزانی ئێمە جەلالین، بەیانی کە هەستاین ئەوانەی لەگەڵ ئێمە نەبوون چەپڵەیان بۆ لێدەداین و هوتافیان لەسەر دەکێشاین. چووین بۆ بەکرەجۆ بۆ لای مام جەلال، ئەو پیاوە گەورەیە هەرگیز لەنائومێدیدا ناهێڵێت بەرامبەرەکەی بکەوێت، دەستی بە قسەکردن کرد و وتی: «حەقمان بەسەر مەلا مستەفاوە نییە، بەڵام ئەمە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گەورەیە بۆ میللەتەکەمان و شانازییەکی گەورەیە بۆ گەلی کورد. پێویستە پشتیوانیی لێبکەین، بۆ یەکەمجارە باسی حوکمی زاتی بکرێت، ئەمە ئەگەر جێبەجێ بکرێت دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ کورد و پێویستە ئێمە هەموومان پشتگیریی تەواوی لێبکەین».

جگە لە جەنابی مام جەلال، ئەوکاتە چ سەرکردەیەکی دیکە لە بەکرەجۆ بوو؟

کە چووینە لای مام جەلال بەیانییەکی زووبوو، هەر

خۆی بوو. کاک حەمەی حاجی تایەر کە بەرپرسی لقی چوار بوو بارەگاکەی لە سلێمانی بوو، کاک نەوشیروان و برادەرانی لقی چواریش ئەو بەیانییە لەوێ نەبوون. وەکو هەموو جارێک ورەی بەرزکردینەوە و وتی: «ئەم رێککەوتنە زۆرنابات، چونکە نە سەدام بەڕاستێتی نە مەلا مستەفا بەڕاستێتی، هەردوولایان بۆ کاتکوشتن کردوویانە، بەڵام ئەگەر جێبەجێبکرێت سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت بۆ کورد».

ئیتر دوای ئەوە کە پارتی و باڵی مەلا مستەفا هاتنەوە سلێمانی، ئەوانەی دیاربوون واتا کەسایەتییە ناسراوەکانی ناو باڵی مەکتەبی سیاسی، چوونە بەغدا. وەکو مام جەلال و نەوشیروان و حەمەی حاجی تایەر و مەحمودی مەلا عیززەت و حەمە چاوشین... هتد. کاک نەوشیروان، لەوێ لەسەر ئاستی سلێمانی، لیژنەیەکی ناوچەی نهێنیی دانا، دیارە من باسی سلێمانی دەکەم، گەرنا پێدەچێت لە هەولێر و کەرکوکیش بە هەمان شێوە لیژنەیان داناوە. لەو لیژنەی ناوچەیە، کاک جەمال عەبدولیان هێشتەوە وەک بەرپرسی لیژنەکە، ئەوانەی تریش من و درەخشانی شێخ جەلال بەڕەحمەت بێت، قادری برای حەمەی حاجی

تایەر و جەلال عەزیز بووین ئەوەندەی بیرم بێت، ئیتر تەنزیماتمان وەرگرتەوە.

ئەرکی ئێوە چی بوو؟

هەمان ئەرکەکانی پێشووی لیژنەی ناوچەی پێشوو بوو، ئیشوکاری حیزبمان رادەپەڕاند و بە نهێنیی کارمان دەکرد.

نەدەترسان پارتی تیرۆرتان بکات؟

با چۆن، دەترساین، بەڵام بە نهێنیی کارمان دەکرد. کە کاری حیزبییت کرد نابێت بترسیت، چونکە ماڵی خۆت نیت، نازانم بۆم باسکردوویت یا نا. لە ساڵی ١٩٦٤ پێشمەرگەی کانی ماسییان دانا، چەند جارێک بۆ حەمە چاوشین دانیشتن بیکوژن، بەڵام چونکە پیاوێکی جەربەزە بوو بەرنەدەکەوت. هەر ئەو کەسانە چەندین کەسیان دەستگیرکرد و بردیانن بۆ کانی ماسی و سووکایەتی دنیایان پێکردن.

باشە زانیاری هەیە جەنابت دژی یەکگرتنەوەی

باڵی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ مەلا مستەفا بوویت؟

نەخێر وەکو دژ نا، من دەمووت یا ئەم یا ئەو، من لەگەڵ ئەوەبووم واز لە خەباتی چەکداری بێنین. دوای ئەوەی مام جەلال ڕێڕەوی کۆنگرە و بۆچوونەکانی ئێمەی گۆڕی، گەیشتینە سەر ئەوەی یەکبگرینەوە و نابێت دوو حیزبی چەکدار هەبێت.

بۆ بەیانی ئـەوەی یەکەم کەس قسەیکرد، شەهید جەمال تایەر بوو، دووەم من بووم، سێیەم عەبدوڵڵای حاجی سەعید بوو، چوارەمم بیرنایەت. وادانرابوو وەڵامی قسەکانی مام جەلال بدرێتەوە، مام جەلالیش هەرکات بیزانیانە بەرەنگاریی توند هەیە بەرامبەر بۆچوونەکانی، هـەوڵـی هـێورکـردنـەوەی دۆخـەکـەی دەدا و بـەدوای چارەیەکی ناوەندی و گونجاودا دەگەڕا. پاش گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر هەموو بابەتەکان، بەرنامە دانـرا بۆ ئـەوەی شاندێک بچێتە لای مەلا مستەفا بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ بکەن، ئەگەر مەلا مستەفا بە ڕاسپاردەکان کە لەو کۆنگرەیەدا بڕیاری لەسەر درا ڕازی بێت، ئەو کاتە حیزب هەڵدەوەشێنرێتەوە، بەڵام پاش گەڕانەوەی شاندەکە و خستنە بەردەستی هەموو ڕێککەوتنەکە کە لە

بەشی دووەمی کۆنگرەکە بە هەڵواسراوی بەجێهێڵرابوو بۆ کاتی گەڕانەوەی شاندەکە و دوابڕیاردان لەسەر ئەو ئەنجامانەی کە شاندەکە بەدەستیاندەهێنا، ئەگەر هاتوو کۆنگرە بە ئەنجامەکانی شاندەکە قایلبوو و بڕیاری لەسەر دا، ئەوسا ڕێککەوتنەکە مۆر دەکرێت لەنێوان هەردوولادا و هەردوولا پابەند دەبن بە جێبەجێکردنی. شاندەکە، وەکو بیرمبێتەوە بریتیبوون لە مام جەلال سەرۆکی شاند و کاک شازاد و کاک بەکر حسێن و کاک حەمەی فەرەج و ئەوانی ترم بیر نییە، ئەندامانی شاندەکە بوون بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ مەلا مستەفا و پارتییەکەی بۆ چۆنێتی تێکەڵاوکردنەوە و یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی حیزب.

ئەوانەی کە بە ئاشکرا لەو کۆنگرەیەدا دژی حەلکردنی حیزب و یەکگگرتنەوەبوون لەگەڵ مەلا مستەفا و پارتییەکەیدا، ئەوەی بیرم بێتەوە مام جەلال بوو، لەگەڵ ئەوەشدا قبوڵیکرد کە ببێت بە سەرۆکی شاندەکە، چونکە هەم حیزب بڕیاریدا کە مام جەلال سەرۆکی شاندەکە بێت و هەم بەرژەوەندیی کورد وای پێویست دەکرد و بۆ ئەوەی گومان لای مەلا مستەفا دروست نەبێت کە باڵی

مەکتەبی سیاسیی جددی نین لە رێککەوتن لەگەڵیدا، بۆیە مام جەلال بۆ بەرژەوەندیی کورد و پارتی و پێداویستیی قۆناغەکە، قبوڵیکرد کە ئەو بچێتە لای مەلا مستەفا و سەرۆکی شاند بێت و هەوڵی ئەوە بدات گفتوگۆکە سەرکەوتووبێت.

جگە لە مام جەلال، ئەوەی بیرم بێت کاک کەمال فوئاد و عەبدولستار تاهیر شەریف و نۆ کەس دە کەسی تری ئەندامانی کۆنگرە، دژی تێکەڵاوبوونەوە و حەلکردنی حیزب بوون لەو کۆنگرەیەدا.

ئەوەبوو پاش هەڵپەساردنی کۆنگرە و دەرکردنی بەیانێکی تەفسیلیی سەبارەت بە کۆنگرە و بڕیارە سەرەتاییەکانی و ناردنی شاندێک بە سەرۆکایەتی مام جەلال بۆ لای مەلا مستەفا و پارتییەکەی، مام جەلال و ئەندامانی شاندەکە بەرێکەوتن بۆ لای مەلا مستەفا کە ئەوسا بارەگای سەرەکیی بارزانی لە چۆمان بوو، بە یارمەتی و یاوەریی کاک فاخیر مێرگەسوری، وەکو نێوانگیرێک کە لەلایەن بارزانییەوە راسپێردرابوو بۆ رێکخستن و چوونی شاندەکە بۆ چۆمان. مام جەلال خۆی باسی ئەوە دەکات چۆن کۆبوونەتەوە و چی روویداوە.

بۆ دەرەنجامی گفتوگۆکە، بەشی دووەمی کۆنگرە بەسترا، دواتر چوونە بەغدا و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وتارێکی لەوێ پێشکەشکرد.

زۆرباشە، دوای ئەو کۆبوونەوەیەی شاندەکە پێکهێنرا بە سەرۆکایەتی مام جەلال بۆ ئەوەی سەردانی مەلا مستەفا بکەن، دواتر لەوێ چۆن بڕیاری یەکگرتنەوە درا؟

کە شاندەکە دەچێتە چۆمان لەگەڵ مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسیی پارتیی ئەو سەردەمە کۆدەبنەوە، ئەوەندەی بیرم بێت مەکتەبی سیاسی زۆر هاندەر نەبوون بۆ یەکگرتنەوە. دوایی کە مەلا مستەفا دەبینن، مەلا مستەفا خۆی دەڵێ گوێمەدەن بەوانە ئێمە دەبێت یەکبگرینەوە. بێگومان ئەوسا مەلا مستەفا بڕیاردەری سەرەکیی بوو، کوڕەکانیشی، بەتایبەت ئیدریس، ئەوسا کاک مەسعود منداڵ بوو. نازانم ماوەی دە رۆژ یان چەندێک مانەوە، لە ئەنجامی ئەو چەند جارەی مەلا مستەفایان بینیبوو، بێگومان مەکتەبی سیاسیش کە زانییان مەلا مستەفا بەجددیەتی و دەیەوێ، ئەوانیش هاتنە سەر خەت، ئەوسا

حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری مەکتەبی سیاسی بوو، د.مەحمودیش ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو. بەهەرحاڵ هاتنە سەر ئەوەی پێویستە یەکبگرنەوە و یەکگرتنەوەکەش لەسەر بنەمای ئەوە بێت کە ڕێکخستنەکان، (پێشتر لەو کۆبوونەوەیەی یەکەمدا ئێمە ناوی حیزبەکەمان گۆڕی لەجیاتی پارتی دیموکراتی کوردستان/ باڵی مەکتەبی سیاسی کردمان بە پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بۆ ئەوەی تێکەڵاوبوونەوەکە ببێت واتا دوو حیزب بە هەمان ناوەوە ئەگەر ڕێکیشنەکەویتن بە هەمان ناوەوە نەمێنێتەوە و ئەو کێشەیەش چارەسەربێت) ئەوەبوو بڕیاریان دابوو کە پێویستە یەکگرتنەوەکە ببێت و یەکگرتنەوەکە بەو شێوەیە بێت کە لە هەموو دامودەزگاکاندا، بە یەک لەسە سێ بێت واتا لە لیژنەی ناوچەدا ئەگەر نۆ کەس بن سێ کەسی لە پارتی شۆڕشگێڕ بێت و شەش کەسیش لە پارتی بێت، بەم شێوەیە لە هەموو دامودەزگاکاندا هەتاوەکو دەگاتە سەرەوە، ئەمە بەشێکی ڕێککەوتنکە بوو لە هەموو لقەکان. ئەوسا کە لقەکان هەبوو لقی یەک و دوو و سێ و چوار ئەوانە، ئینجا داوای هەندێ کەسیشی کردبوو کە بچن لە بارەگای بارزانی دابینشن، شوێنێکیان

بۆ دانابوو کە (چیکان)ی پێ دەووترا لەنێوان ناوپردان و حاجی ئۆمەراندا بوو شوێنێکی خۆش بوو من چووم. ئەو کەسانە، ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە بوون کە مەلا مستەفا خۆی داوای ئەوانەی کردبوو بچنە ئەوێ. هەندێ کەسی دیکەش هەبوون وەکو عەبدولڕەحمان زەبیحی کە ئەوسا ئێمە پێمان دەووت عولەما و حەمەی حاجی تایەر و کۆمەڵێ خەڵکی تر لە لیژنەی مەرکەزی، وتبووی: «با ئەوانە هەر نەیەن و بۆ خۆیان دانیشن لە بەغدا یان هەر شوێنێکی تر کە هەیە»، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە بەگوێرەی مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە دەبوو لەوێبوونایە. ئیتر ئەوەبوو ئەوان هاتنەوە و ڕەشنووسی ڕێککەوتنەکەیان خستە بەردەم بەشی دووەمی کۆنگرە کە بە کراوەیی مابووەوە، چونکە کە کۆنگرە گیرا و شاندەکە ڕۆیشتن ئێمە بەیانێکمان دەرکرد دوای بەیانەکە چاوەڕێی شاندەکە کرا بێنەوە بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا بە ڕێککەوتن یان ڕێکنەکەوت دانیشتنی کۆتایی کۆنگرەکە تەواو دەبێت. ئیتر ئەوەبوو بە زۆرینەی دەنگ بڕیار درا کە یەکبگرینەوە و وابزانم دوانزە یان سیانزە کەس دژی یەکگرتنەوەکە و

ڕێککەوتنەکە بوون. لەوێدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بە وتارێکی ورد و سەرپێیی باسی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش و ئەوانەی کرد و قسەکانی نزیکەی کاژێرێکی خایاند و زۆری ئامادەبووان دەستیانکرد بە گریان (بێگومان جگە لە مام جەلال - بەپێکەنینەوە)، بەهەرحاڵ ئەمە کۆتاییەکەی بوو، بەڵام ئەگەر لە ئەرشیفدا مابێتەوە ئەوا ناوی ئەو دوانزە سیانزە کەسە هەیە کە لەگەڵ ڕێککەوتنەکە نەبوون.

دواتر پرۆسەی یەکگرتنەوەکە چووە بواری جێبەجێکردنەوە؟

بەڵێ، چووە بواری جێبەجێکردنەوە. بۆ نموونە من بەشی ئێرە ئاگام لێیە، لە سلێمانی بۆ ئەندامانی لق، کاک سمکۆ فەتحوڵڵا و کەمال خۆشناو و ڕەفعەتی مەلا و فوئاد قەرەداخی، وابزانم ئەم چوار کەسە دانرابوون، ئەوانە پارتی شۆڕشگێڕبوون. لە لیژنەی ناوچەشدا من و شەهید جەمال تاهیر و عەبدوڵڵای حاجی سەعید، ئەم سێ کەسە بووین. دیارە لە لیژنەکانی تریشدا کە دەکەوێتە دوای لیژنەی ناوچە و ڕێکخراوەکان هەر بەو

شێوەیە تێکەڵاوبوونەوە.

ئەم دۆخە تا ساڵی ١٩٧٤ بەردەوامبوو؟

بەڵێ، ئەم دۆخە تا ساڵی ١٩٧٤ بەردەوامبوو تا چووینە دەرەوە و شەڕ هەڵگیرسایەوە، ئیتر بووینەوە بە یەک حیزب و پارتی شۆڕشگێڕ نەما، هەرچەند شێخ ستار و ئەوان شتێکیان هێشتەوە بەناوی خۆیانەوە و بۆ ئەوەی لەگەڵ بەغدا رێککەون، بەڵام شتێک نەبوو. باڵی مەکتەبی سیاسیی خۆی هەڵوەشاندەوە و چووەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان. لەو کاتانەدا من خۆم لە لیژنەی ناوچەدا بووم، لە هەمان کاتدا کە لە ١٩٧٠وە کۆمەڵە دروستبووبوو پێش کۆنگرەی ١٩٧٠ ئەوەی کە باسمکرد، کۆمەڵە پێموایە لە (١٩٧٠/٧/١٠)دا دروستبوو و ئێمە رێکخستنی کۆمەڵەمان هەبوو، رێکخستنی نهێنیی بوو.

لەپاڵ کاری پارتایەتیدا ئەوەشتان دەکرد؟

بەڵێ، ئەوەشمان دەکرد، بەڵام دەشمانزانی کە پاراستن هەندێ کەس لەوانەی کە ئێمە پەیوەندیمان

پێوە کردوون بەتایبەتی لە بەغدا، لە سلێمانی نا، ئەوانە دووسەرە بوون، هەم پەیوەندییان بە کۆمەڵەوە هەبوو هەمیش بە پاراستنەوە، لەبەرئەوەی لە رێگەی ئەوانەوە زانیارییەکانی ناو کۆمەڵە بەشێکی دەچووە دەرەوە بۆ لای پارتی و پاراستن.

هیچ کاردانەوەیەکیان هەبوو؟

نەخێر، بـەڵام ئێمە لـە سلێمانی ئـەوانـەی کـە بە جەلالیی بەناوبانگبووین، چاودێریی دەکراین. ئەوەبوو لە سەرەتای مانگی شوباتی ١٩٧٤ کە ئەوسا لێپرسراوی هەرێمی سلێمانی بـووم، واتـا هەموو رێکخستنەکانی کۆمەڵە لە سلێمانی، ئەوانەی تر کە لەگەڵمان بوون وەک لیژنەی شوێنەکانی تر، کاک عومەری سەید عەلی بوو ئاوات عەبدولغەفور بوو، دلێری برازای عومەر دەبابە بوو (ئەو ناوانەم بیر دێتەوە). خاڵە شەهاب موختەفی بوو، وا بڵاوکرابۆوە کە چووە بۆ زەفار لە عومان کە دیار بوو ئەوە بۆ چاوبەست بوو. خاڵە شەهاب هاتبۆوە ئێرە، لە سەرەتاوە کە هاتەوە بۆ سلێمانی لە ماڵی کاک عومەر فەتاح خۆی حەشار دابوو بەناوی خاڵە عوسمانەوە. ماڵیان

ئەوسا لای ئامادەیی سلێمانی کچان بوو، ئێمە شەوانە هەتا هەفتەیەک لەوێ کۆبوونەوەمان هەبوو، لەدوای بانگی ئێوارەوە هەتا نزیکەی بەرەبەیان کۆبوونەوەمان هەبوو، ئیتر لەسەر هەموو بابەتەکان قسەمان دەکرد، باسی بارودۆخی ئەوسای کوردستان و شۆڕش و رۆڵی کۆمەڵەمان دەکرد و دەبێت دەوری چی بێت لەو شۆڕشەدا. هەروەها کۆمەڵە و رێکخستنەکانی و چۆنێتیی گەشەپێدانی زیاتری و فراوانکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی کوردستان و چۆنێتی رەگداکوتان لەناویاندا باسدەکرد، بێگومان ئەوسا کۆمەڵە گۆڤارێکی هەبوو بەناوی (ئاڵای سوور). لەگەڵ باسکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی لەجیهاندا و تێزی سێ جیهان و ناکۆکییەکانی نێوان چین و سۆڤیەت, هەروەها شوێنی کۆمەڵە لەنێوان ئەم دووبەرەیەی سۆشیالیستیدا کە ئەوکاتە هێڵی گشتیی کۆمەڵە، واتا کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، خۆمان بە لای ماوتسی تۆنگ و بەرەی چیندا ساغکردبۆوە و ئەو بەرەیەمان بە راست دەزانی. ئەمە جگەلەوەی کە چۆن گەشەبدەین بە بەرنامەی رۆشنبیری و خۆپەروەردەکردنی زیاتر بە بیروباوەڕی

مارکسیزم و لینیزم و بیری ماوتسی تۆنگ.

پاش ئـەوەی کـە بـەرنـامـەی ئیشکردنمان دانـا و بەرپرسیارێتیی هەر کەسە دیاریکرا کە لەماوەی داهاتوودا دەبێت چی بکات و چ کارێک ئەنجام بدات. بڕیارمان دا، پشوویەک بدەین بە خاڵە شەهاب بۆ ماوەی هەفتەیەک، بۆ ئەوەی ماڵ و منداڵی ببینێت، بۆیە لە ماڵی کاک عومەر فەتاحەوە گواستمانەوە بۆ شوێنێکی تر و بڕیارماندا هەر کەسەمان بچێت بە لای ئەو ئیشوکارانەوە کە بۆی دیاری کرابوو.

یەک دوو رۆژ دوای ئەو کۆبوونەوانە، واباوبوو، ئێـواران لـە شەقامی مـەولـەوی تـا بـەر دەرکـی سـەرا، گەنجەکان و خوێندەواران و رۆشنبیران و قوتابیانی زانکۆ پیاسەمان دەکـرد. ئێوارەیەکیان لە شەقامی مەولەوی لای بینای تۆفیق قـەزاز لەبەری ئەمبەری کۆگای باتە دەرۆیشتم, لەوبەریشەوە ئاسۆی شێخ نوری کە ئەویش ئەندامی کۆمەڵە بوو، من بەرپرسی بووم، لەو کاتانەشدا بڕیاری کۆمەڵە ئەوەبوو کە نابێت لە سەرشەقام و شوێنە گشتییەکان ئەندامانی کۆمەڵە و ئەوانەی یەکتری دەناسن، بەیەکەوە پیاسە بکەن و قسەوباس بکەن. کە کاک ئاسۆ

منی بینی، یەکسەر هاتە ئەمبەری شەقامەکە بۆ لای من. منیش وتم: «کاک ئاسۆ خێرە». وتی: «بۆ نەتزانیوە؟». وتم: «چی؟ نەوەڵڵا». وتی: «ئەمڕۆ پاراستن کاک عومەری سەید عەلییان رفاندووە, نازانین بۆ کوێ«. کاک عومەری سەید عەلی، مامۆستا بوو لە گوندی هەیاسی نزیک تەینالا, کە لە قوتابخانە تەواو دەبێت و لە رێگایدا بۆ سەر شەقامی تەینالٚ تا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. پاراستن، بە فەرمانی محەمەد رەحیم (هەڤاڵ جوجەڵە) کە ئەوسا بەرپرسی پاراستنی سلێمانی بوو، کاک عومەری سەید عەلی دەفڕێنن و دەیبەنە گرتووخانەی چوارتا. منیش بە کاک ئاسۆم وت: «تۆ دڵنیایت کە رفێنراوە لەلایەن پاراستنەوە؟». وتی: «دڵنیام». منیش وتم: «سوپاس، ئەگەر هەر هەواڵێکی دیکەت لابوو، بەزوویی ئاگادارم بکە». دوای ئەوە، یەکسەر چووم بۆ ئەو پەناگەیەی کە خاڵە شەهاب خۆی لێ حەشار دابوو و وتم: «دەبێت بگوێزیتەوە». بەزوویی گواستمانەوە بۆ شوێنێکی تر. هەمووومان، واتا ئەو برادەرانەی کۆمەڵە کە لەگەڵ خاڵە شەهاب شەوانە کۆدەبووینەوە جگە لە کاک عومەری سەید عەلی, کۆمەڵێ بڕیامان دەرکرد. یەکێک لەو

بڕیارانە ئەوەبوو, هەر هەمووومان خۆمان بشارینەوە (ئیختیفا) بکەین لە سلێمانی و کەسمان لەماڵی خۆمان نەنووین و نەبینرێین، تا هەفتەیەک چاوەڕوان بکەین و بزانین چی دەبێت، ئەگەر پاش هەفتەیەک بەرنەبوو، ئێمە هەمووومان دابەشبکرێین بەسەر شارەکانی تری کوردستاندا و لەو شارانە، بە نهێنیی ئیشوکاری کۆمەڵە بکەین و بیبەین بەڕێوە. بڕیاری دووەممان ئەوەبوو کە لیژنەیەکی تری سەرپەرشتیاری پارێزگای سلێمانی لە شوێنەکانی هەریەک لە ئێمە، لەو برادەرە لێهاتووانەی کۆمەڵە کە دەرکەوتوو نەبوون و نەناسراون دابنێین، بۆ پاراستنی رێکخستنەکانی کۆمەڵە و برادەکانمان. من لەو کاتەوە, بەرپرسیارێتیی کۆمەڵەم لە سلێمانی، دایە دەست برادەرێکی دەرنەکەوتووی کۆمەڵە. خۆیشم لە ماڵی کافیە خان، واتا ماڵی باوکی، چونکە ئەوکاتە هاوسەرگیریی نەکردبوو، شاردەوە و هەموو بەڵگە و دیۆکۆمێنت و کەلوپەلەکانی کۆمەڵە کە لای من بوون و لە ماڵی ئێمە شاردرابوونەوە, بردمە لای کافیە خان، چونکە زۆر جێگەی بڕوام بوو و تەنها کافیە خان خۆی ئاگای لەم مەسەلەیە بوو. پێمووتبوو کە من کۆمەڵەم و بۆچی

دەمەوێت لە ماڵی ئەوان خۆم بشارمەوە، چونکە جێگای گومان نەبوو. ئەو شتانەش کە بردبوومە ماڵی ئەوان، دیۆکۆمێنتی کۆمەڵە و بەڵگەنامەکان, ئەویش ئازایانە و بێ هیچ سڵکردنەوەیەک و پرسیارێک و بێ هیچ گوێدانە مەترسییەک کە لێی بکەوێتەوە، هەموو شتەکانی شاردەوە زۆر بەباشی و هەتا دوای ئاشبەتاڵ و چوونە دەرەوەشم بۆ ئەوروپا، لە ماڵی ئەواندا شاردرابوونەوە.

وەکو دەردەکەوێت، پاش رفاندنی کاک عومەر، دەیبەنە بەندینخانەی چوارتا و لەوێ زیندانیی دەکەن. کاک مستەفا چاوڕەش کە ئێستا ئەندامی سەرکردایەتییە، ئەوکاتە لەوێ پاسەوانی دەبێت. بە کاک عومەر دەڵێت، ئەوە لەسەر چی گیراویت؟ ئەویش دەڵێت، لەسەر ئەوەی شتی مارکسیی دەخوێنمەوە، ئەویش ڕێزی زۆری لێدەگرێت کە لەسەر خوێندنەوەی مارکسیەت گیراوە، چونکە خۆیشی کۆن لە قیادەی مەرکەزیی حیزبی شیوعی عیراقی بووە. وەکو بیرم بێت، کتێبی تۆڵستۆی (سبعه ایام عزه العالم)ی بۆ دێنێت کە بیخوێنێتەوە لە زیندانەکەیدا. پاش ئەوەی کە مامۆستا بەهیە مەعروف کە ژنێکی شۆڕشگێڕبوو، خزمایەتیشی هەبوو لەگەڵ کاک عومەر،

و چەند کەسێکی تر هەوڵیان بۆ بەربوونی کاک عومەر دا، پاش هەفتەیەک ئازادیان کرد و هێنایانەوە سلێمانی. ئێمەش بەنهێنیی پەیوەندیمان پێوەکرد، بێگومان ئەو کاتە وەکو ئێستا مۆبایل نەبوو، لەبەرئەوە کچانی ڕێکخستنمان بەکاردەهێنا بۆ زانیاریی گواستنەوە، چونکە گومانیان کەمتر لەسەربوو، لەو ڕێگەیەوە دڵنیای کردینەوە کە هیچی نەدرکاندووە. بۆیە ئێمەش، واتا ئەو برادەرانەی کە لەگەڵ کاک شەهابدا کۆدەبووینەوە و بەرپرسیاری پارێزگای سلێمانیی کۆمەڵە بووین, خۆمان ئاشکراکردەوە و چووینەوە سەر ئیشوکار و پیشەی خۆمان، واتا هیچمان نەچووین بۆ شارەکانی تری کوردستان و بەغدا, بەڵکو هەر لە سلێمانی ماینەوە، بەڵام ئەو گۆڕانکاریانەی کە کردبوومان لە لێپرسراوی بەش و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا, وەکو خۆی هێشتمانەوە, ئەو برادەرە تازانەی کۆمەڵە کە دەستنیشانمانکردبوون، ئیشوکارەکانی کۆمەڵەیان لە سنووری پارێزگاری سلێمانی بەڕێوەدەبرد.

بڵێین ئەو ماوەیە بەو شێوەیە بەردەوامبوون، بەڵام ئیتر بێگومان کاتەکە دەڕوا، لە ڕێککەوتنەکەی

کۆنگرە بۆ ئاشبەتاڵەکە چوار پێنج ساڵی نێوان بوو؟

بەڵێ، پاش ئەوە ماوەیەکی زۆری نەبرد ئیتر شەڕ دەستیپێکردەوە و ئێمە چووینە دەرەوە، من خۆم ئەوسا موعید بووم لە زانکۆی سلێمانی، زەمالەمان هەبوو، هەموو مامەڵەیەکم تەواوکردبوو کە بڕۆمە دەرەوە. ئەگەر شەڕ یەک هەفتە دوابکەوتایە، ئەوا من ڕۆیشتبووم و لە دەرەوەی عیراق بووم، چونکە پاسپۆرت و هەموو شتێکم تەواو بووبوو، بەڵام کە ئەوە بوو ناچاربووین بچینە دەرەوە، چونکە ئێمە خۆمان جێگەی گومان بووین و نەدەبوو نەچین لەگەڵ هاوڕێکانمان. من خۆم ئەندامی لیژنەی ناوچە بووم ئەگەر بمایەتەوە و نەچوومایەتە دەرەوە ئەوا نیشانەی پرسیارم لەسەر دادەنرا. هەروەها بابەتی نیشتمانپەروەرییش لەسەروو هەموو شتێکەوە بوو لامان، بۆیە من ڕۆیشتم و زەمالەکەیان دا بە کەسێکی تر لە بەشەکەمان. بە هەرحاڵ کە ئێمە چووینە دەرەوە، ئیتر دیسان لە دەریشەوە کۆمەڵێ ئیجرائات کرا بەرامبەر بەو خەڵکانەی کە لە کۆمەڵە بوون. ئێمە بەداخەوە کچێکی سووریمان هەبوو ناوی (سەکینە) بوو، جاسووس بوو، لەگەڵ پاراستنی پارتیشدا ئیشی دەرکرد و لە شانەیەکی

خوارەوەی کۆمەڵەشدا بوو.

دوای ئـەوەی بڕیاری ئاشبەتاڵ درا، زۆر لە دەرەوە مایتەوە؟

بەڵێ، ئێمە لە مانگی ئازاری ١٩٧٤دا چووینە دەرەوە و ساڵی دواتر واتا لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥دا بەیانەکە دەرچوو، واتا نزیکەی ساڵێک. یەکەمجار من کە چوومە دەرەوە لە لیژنەی ناوچەی سلێمانی بووین و لە چوارتا بووین، من زانیم کە چاودێریم لەسەرە، بۆ ئەوەی دووربکەومەوە، ئەوسا بڕیاری دروستکردنەوەی زانکۆی سلێمانیان دا لە قەڵادزێ، من چووم بۆ قەڵادزێ وەکو ستافی زانکۆ، لەوێ هەم وانە دەڵێمەوە و گواستراشمەوە بۆ لیژنەی ناوچـەی قـەڵادزێ لەسەر داوای خـۆم. ئیتر ئەوەبوو بۆردومـانـەکـەی قـەڵادزێـی بـەسـەرداهـات، ئـەو ڕۆژەی بۆردوومانەکەی قەڵادزێ کاژێر نۆی بەیانی من و کاک عومەر لەگەڵ چەند دکتۆرێکدا گەیشتینەوە قەڵادزێ، واتا ئێمە لە بۆردوومانەکەدا گەیشینە قەڵادزێ، ئیتر برادەرانی لیژنەی ناوچەی قەڵازدێ هەموویان چوونە دەرەوە بۆ شاخ، بەڵام من مامەوە وەک ئەندامی لیژنەی ناوچە، چەند

هاوڕێیەکم هەبوو وەکو، براکەی شەهید جەباری حاجی ڕەشید، هەم لە بەشی فیزیاش لەگەڵما بوو، بورهانی حاجی ڕەفیق برازای حەمە تۆفیق، حەمە ئازادێک هەیە لە کشتوکاڵە کوڕی مامۆستا عەبدوڵڵا بوو، ئەوان لەبەر من مانەوە لەبەرئەوەی بە تەنها بووم. حەسەنی سەید ئەحمەد قائیمقامی قەڵادزێ بوو ئەویش بۆخۆی ڕۆیشت و نەهاتەوە.

چیرۆکی ئاشبەتاڵ، هەموومان دەیزانین، زۆر گێڕدراوەتەوە کە چۆن پیلانە کرا و کێ بوو، من دەمەوێ بە کورتی لەسەر ئەوە قسەم بۆ بکەی، پێتوایە وەکو ئاگادارێک کە لە ڕووداوەکاندا بووی، بابڵێین وەکو باڵی جەلالی کە لە جەنابی مام جەلال و ئەوانەوە نزیکبووی، پێتوایە کورد دەیتوانی ئاشبەتاڵ نەکات؟

بە بۆچوونی من، بەڵێ، چونکە دەزانی بۆچی، یەکێ لە هەڵە گەورەکانی شۆڕشی ئەوسا ئەوەبوو کە داوامان لە هەموو خەڵک کرد بێتە دەرەوە. سەیرتدەکرد لەم شاری سلێمانییەدا کەم مامۆستا هەبوو نەهاتبێتە دەرەوە، لەسەر ئاستی زانکۆ و هەموو ئاستەکان، لە هەموو چین

و توێژەکان داوا کرا بێنە دەرەوە و ئەوەبوو قەبارەیەکی زۆر گەورە دروستبوو لەسەر شۆڕش، ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی ترەوە دەوروبەری ١٠٠ هەزار پێشمەرگە هەبوو، پارەیەکی باش هەبوو، چونکە ئەو پارانەی کە دەهات ئەمریکا و ئەملاولا دەیدا، بەڵام لە ڕێگەی ئێرانەوە دەدرا، ئەوسا (٤٩) ملیۆن دۆلار پاشەکەوت بوو لە حەزێنەی پارتیدا، لای ماڵی مەلا مستەفا بوو.

لە نسکۆدا لەناونەچوو؟

نەخێر، هیچ لەناو نەچوو، هەمووی برایە ئێران و خۆیان دابەشیانکرد. بەهەرحاڵ، ئەوە جارێ تۆ پارەت هەبوو، (١٠٠) هەزار پێشمەرگەت هەبوو، مەعنەویاتی خەڵک لەسەدا سەد بوو، وەک ئێستا نائومێد نەبوون، هەموو کەس ئامادەبوو خۆی بدا بە کوشت، لەبەرئەوە دەتوانرا بەرگریی بکرێت. با (١٠٠) هەزار نەبوایە و پوختە بکرایە بۆ دە هەزار پێشمەرگە، هەم دەتتوانی ئەو چەکەی هەتبوو باشتر بەکاریبهێنی، هەم دەتتوانی لەجیاتی شەڕی جەبهەیی، شەڕی پارتیزانی بکەی، چونکە یەکێک لە هەڵە گەورەکان ئەوەبوو لەو ماوەیەدا کەوتینە شەڕی

جەبهەییەوە، بەتایبەتی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران و شوێنە سەختەکان، تۆپەکانی ئێران بۆردوومانیان دەکرد و بەرگرییان دەکرد، باشە کە ڕێککەوتنی ٦ی ئازار بوو ئەوان تۆپەکانیان کێشایەوە، بەڵام خۆ شاخەکان لە شوێنی خۆیان مابوون، دەتوانرا لەجیاتی ئەو هێزە گەورەیە، شەڕی پارتیزانی بکرێت. لەبەرئەوە بەڵێ، دەتوانرا و زۆر بە باشی دەتوانرا بەرگریی بکرێت، چونکە هەم هێزت هەبوو، هەم پارەت هەبوو و میللەتەکەشی هەموو لەگەڵدا بوو، ئەوە نەبوو بڵێی میللەتی لەگەڵدا نەبێ، لەبەرئەوە تۆ میللەتت لەگەڵدا بێت و پارە و هێزت هەبێ، بۆ ناتوانی بەرگریی بکەیت! کاتی خۆی یەکێتیی نیشتمانیی کە دروست بوو، لە مەفرەزەیەکەوە دەستمانپێکردەوە و بەعسیش هەر ئەو بەعسە بوو، بۆیە بە بۆچوونی من بەڵێ، دەتوانرا.

کە ئاشبەتاڵ کرا، جەتابت چیت کرد؟

ئەوکاتە من لە یاخسەمەر بووم، بەرپرسی لیژنەی قەزا بووم، بارەگاکەمان لە یاخسەمەر بوو، بروسکە هات و تێیدا هاتبوو کە هەرچی بەڵگەنامەی نهێنیی هەیە هەمووی

بسووتێنن و بـەرەو پێنجوێن بـڕۆن، کۆبوونەوەمان لە پێنجوێن دەبێت. لەبەرئەوە ئێمەش بەگوێرەی ئەو ڕێنوێنییەی کە لە بروسکەکەدا هاتبوو کارەکانمان کرد، جا لەوێدا نازانم بۆچی بوو، نامەیەکم بۆ کاک مستەفای برای کافیەی خان نووسی کە ئەوسا بەڕێوەبەری کارگەی شەکر بوو. لەو نامەیەدا هەر ئەوەندەم بۆ نووسیبوو: «ئـەوا ئاشبەتاڵمان کـرد»، مەبەستم وشـەی ئاشبەتاڵە، نازانم چۆن بە خەیاڵمدا هات. بێگومان بارودۆخێکی زۆر ناخۆشبوو، بارانیش بوو، ڕۆیشتین بە دوو ڕۆژ گەیشتینە پێنجوێن بەو هیوایەی کە بەرگریی هەبێت و دووبـارە خۆمان ڕێکبخەینەوە. بەڵام کە چووینە پێنجوێن وتیان دوو هەڵبژاردنتان لەبەردەمدایە، یان ئەوەتا بچنە ئێران و لەوێ بمێننەوە یان بڕۆنە دەرەوە بۆ ئەوروپا. یان ئەوەتا بگەڕێنەوە ناو شار و خۆتان تەسلیمبکەنەوە و سوود لەو لێبووردنە وەرگـرن، چونکە حکومەت لێبووردنی دابوو لە ١٩ی ئازار تاوەکو ٢٩ی ئازار بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە. جگە لەوەش پێشتر کۆمەڵە بڕیاری ئەوەی دابوو کە بەرگریی بکات و شەڕی پارتیزانی بکات، بەڵام کە چووینە پێنجوێن، کاک شەهاب و ئەو سەرکردانەی

ئەویش تا من گەیشتم بڕیاری ئەوەیان دابوو کە ناکرێ بەرگریی بکەین و دەبێت بگەڕێینەوە ناوشارەکان و کاری ڕێکخستن بکەین. جا کە من چوومە پێنجوێن بڕیاری هەموو شتێک درابوو. لەبەرئەوە هاتینەوە و لە سلێمانی خۆمان تەسلیمکردەوە، ئیتر بووین بە گەڕاوەکان، من چوومەوە زانکۆ و ماوەیەک مامەوە، لەدوای ئەوە دوورخرامەوە بۆ کوت، سێ مانگ لە کوت مامەوە و جارێکی تر نەفییانکردمەوە بۆ ناسریە. لەدوای ناسریەشەوە چوومە دەرەوە.

ساڵی چەند چوویتە دەرەوە؟

ساڵی ١٩٧٦.

ئەو کاتەی بڕیاری دامەزراندنی یەکێتی درا، جەنابت چۆن ئاگاداربوویتەوە؟

تازە یەکێتی دامەزرابوو کە لە ڕێگەی کاک شازادەوە زانیم، کاک شازاد لە دەرەوە بوو، چونکە پارێزەر بوو، هاتوچۆی دەرەوەی دەکرد، مام جەلالی بینیبوو، بەیانی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کاک شازاد

هێنایەوە بۆ کوردستانی عیراق.

لە سوید بووی ئەو کاتە؟

نەخێر، لە سوید نەبووم. ئەوکاتە لە ناسریە بووم کە هاتەوە. کاک عەلی عەسکەریش لە عەممارە بوو لە یەکێک لە قەزاکان سەرۆک شارەوانی بوو. ئیتر من فرسەتەم بۆ ڕێکەوت و هاتمەوە، لێرە ئەوسا ئەوەبوو خاڵە شەهاب و ئەوان چووبوونە دەرەوە بۆ ئێران و ڕێکخستنەکانی یەکێتیش تووشی پشێوویی بووبوون. شەهید ئارام، (بێگومان شەهید ئارام یەکێ لە کادێرە هەرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە نەبوو لەڕاستیدا، بڵێین لە پێشڕەوەکان بوو، بەڵام ئەندامێکی کۆمەڵە بوو) ئەوسا لە ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی ئیشیدەکرد، چووبوون بیگرن، بەڵام خەڵکی سلێمانی خەڵێکی نیشتمانپەروەر و هەتا بڵێی شۆڕشگێڕبوون، شاردبوویانەوە و نەیانهێشبوو ئەمن بیگرێت و دەربازبووبوو. کە دەربازبوو ئیتر بە موختەفی لەسلێمانیدا بەشێکی لە ماڵی کاک شازاد و بەشێکی لە ماڵی شەهید جەماله رەش و کۆمەڵێ ماڵی تردا بوو. کاک مەلا بەختیاریش لەو ماوەیەدا لە خانەقینەوە هاتبووە

ئێرە، نازانم لە چ ئاستێکدا بوو، بەڵام لەگەڵ کاک ئارامدا بوو، ئیتر من لەوەدابوو بڕۆمە دەرەوە، کاک مەلا بەختیار نامەیەکی برادەرانی کۆمەڵە و کاک ئارامی بۆ هێنام. وتی: «کە چوویتە دەرەوە دەبێت ئەمە بەریت بۆ مام جەلال». مام جەلال ئەوکاتە لە شام بوو. وتم: «باشە بەسەرچاو». ئیتر نامەکە بەگوێرەی بارودۆخی ئەوسا دەمانخستە ناو هەویری ددان و دەمانشاردەوە، بەهەرحاڵ کە چوومە دەرەوە تەلەفۆنم بۆ مام جەلال کرد لە پاریسەوە، وتم: «ئەوە من هاتوومەتە دەرەوە و لە پاریسم و نامەیەکم پێیە». ئیتر ڕێوشوێنی بۆ دانام و نامەکەم بۆ نارد.

بە فەرمیی چوویتە دەرەوە؟

ئەوکاتەی دوورخرابوومەوە بۆ ناسریە، فەڕەنسییەکان کارگەی ئەلەمنیۆمیان دانا، بەگوێرەی گرێبەستەکە، فەڕەنسییەکان ئەوانەی ئەندازیار و کادێری هونەری بوون، شەش مانگ مەشقیان بۆ دانابوون لە فەڕەنسا، من بەر ئەو شەش مانگە کەوتم بەناوی مەشقەوە، کاک شازادیش کەفیلم بوو، ڕێککەوتنمان کردبوو، کەم کەس هەبوو هێندەی کاک شازاد پیاو و

مەرد بێت لەوکاتەدا. بەهەرحاڵ کە چوومە ئەوێ تەلەفۆنم بۆ مام جەلال کرد و باسی نامەکەم بۆ کرد. وتی: «باشە، بەو شێوەیە بۆم بنێرە». دوایی مام جەلال هات بۆ پاریس بۆ لام و باسی چۆنێتیی ئیشکردنی لە دەرەوە کرد، بێگومان ئەوسا تازە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرابوو، داوای لێکردم بۆ رێکخراوی کۆمەڵە، چونکە تا ئەوکاتەش مام جەلال سکرتێری کۆمەڵەی مارکس لینینی ئەوسا و کۆمەڵەی رەنجدەرانی دواتر بوو. ئیتر ئێمە کۆبوونەوەیەکمان کرد لە پاریس، من سەرپەرشتیم کرد، ئەو کەسانەی کە تێیدا بەشداربوون، جگە لە خۆم ئەحمەد بامەڕنی بوو، ئەوانەی هۆڵەندا ئازاد خۆشناو و کاک مستەفا چاوڕەش بوو، هەروەها فوئاد حسێن بوو ئەوەی ئێستا سەرۆکی دیوانە، زاهیر حەمەد بوو، (ئەوەبوو ئەنفال کرا خۆی و خێزانەکەی دوای ئەوەی کە هاتەوە)، لە نەمسا فوئادی مەلا مەحمود بوو (بەڕەحمەت بێت)، ئیتر ئێمە رێوشوێنمان دانا و من نامەیەکم نووسی بۆ مام جەلال کە کۆبوونەوەکە چۆن بووە و چیمانکردووە. پاش دە رۆژ لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٧٧ وەڵامی داومەتەوە و نامەکەیم ماوە. ئیتر ئێمەش رێکخراوی کۆمەڵەمان

دامەزراند جگە لـەوەی یەکێتی، ئیتر دوای ئەوە من لە پاریسەوە چوومە شام، لە شام نزیکەی مانگێک مامەوە و چوومە سوید و لەوێ جێگیربووم. دووەم کۆنفرانسمان گرت لە فرانکفۆرت، یەکەم کۆنفرانس ئـەوەی بەرلین بوو پێش ئەوەی من بێمە دەرەوە لە کاتی دامەزراندنی یەکێتیدا کە کاک کەمال فوئاد (بەڕەحمەت بێت) ئەو کاتە لێپرسراو بـووە. هەروەها دووەم کۆنفرانس کۆمەڵەی خوێندکارانیش بەشداربوون، لە خوێندکاراندا هەموو کوردستانییان بەشداربوون، ئێران و سوریا و هەموو پارچەکانی تێدا بوو، بەڕەحمەت بێت شەهید قاسملۆش لەوێ بوو، وتووێژی توندوتیژ کرا و هەر لەوێشەوە من بووم بە لێپرسراوی لقی دەرەوەی یەکێتی کە لە سوید بوو.

تا کەی ئەو لێپرسراوێتییەت هەبوو؟

تا ساڵی ١٩٩٢.

لەو ماوەیەدا چالاکییەکانی ئێوە چی بوو؟

چالاکیمان زۆربوو، خۆپیشاندان بوو، مانگرتن بوو

لە خواردن، یارمەتیی کۆکردنەوە بوو.

هیچ بڵاوکراوەیەکتان هەبوو؟

بڵاوکراوەمان زۆربوو، بەشی زۆری هەموو ئەرشیفەکانم داوە بە بنکەی ژین کە نزیکەی ١٨ سندوقی گەورە بوو. ئەوسا کە ڕێکخراوەکە دروستبوو، یەکەمجار دەستمکرد بەوەی گۆڤارێکی مانگانە دەربکەم بەناوی (ڕاپەڕین)، دوو ژمارەمان لێ دەکرد، ئەوەبوو کاک نەوشیروان وتی: «بیوەستێنن خۆمان دەریدەکەین»، هەردوو ژمارەکەی وابزانم ماوە. دوای ئەوە (دەنگی یەکێتی)مان هەبوو و دوای ئەوە ڕۆژنامەکەمان کرد بە (الاتحاد)، ئینجا بە ئینگلیزی و هەر وڵاتەو بەو زمانەی خۆی پەیام و گۆڤارمان دەردەکرد.

هەواڵگریی عیراق لە دەرەوە هیچ مەترسیی لەسەرتان دروستکردبوو؟

بەڵێ، چاودێرییان دەکردین و لە هەموو کۆبوونەوەکاندا هەوڵیان دەدا کە کەسی خۆیان بنێرنە ناومان بۆ ناسینی ئەندامەکانمان. هەروەها تۆڕێکیان

دروستکرد له سوید، تۆڕی جاسوسی، بۆ چاودێریکردن و کۆکردنەوەی زانیاریی، هەندێکیان پەیوەندییان به یەکێتیشەوە هەبوو، لە هەموو وڵاتەکاندا هەیانبوو بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی که بنکەی ڕێکخراوەکانی لێبوو.

واتا کوردێک هەبوو ئەندامیش بێت و جاسوسی عیراقیش بێت؟

بەڵێ، هەبوو.

دوایی هەستتانپێکرد؟

بەڵێ، دۆزیمانەوە و دەرمانکرد، بەرهەحاڵ ئەوە چیرۆکێکی درێژە و هەموو بەڵگەکانم هەیە.

لەو ماوەیەی جەنابت لە دەرەوە بووی لە ١٩٧٦ و ١٩٧٧ که بەرپرسیارێتیی وەردەگریت تا ساڵی ١٩٩١ و ڕاپەڕینەکەی خەڵکی کوردستان، هیچ هاتیتەوە شاخ؟

نەخێر، لەو ماوەیەدا نەهاتوومەتەوە شاخ. بڕیار وابوو ساڵی ١٩٨١ بێمەوە و لە یەکەم کۆنفرانسی کۆمەڵە که لە مالیمۆس بوو بەشداریبکەم. هاتمە شام، کاک

شازاد نوێنەری یەکێتی بوو لەوێ، زۆر هەوڵیدا ڤیزەم بۆ وەربگرێ، بەڵام بۆی وەرنەگیرا. چووە بەیروتیش کە ڤیزەی ئێران وەربگرێ، هەر بۆی وەرنەگیرا. مام جەلال لەوێ بوو، وتی: «حەمە وەرە بەیەکەوە دەچین بۆ نەمسا». وتم: «کێ ڤیزەمان بۆ وەردەگرێ؟». وتی: «فازیلی مەلا مەحمود». من نێوانم نەبوو لەگەڵ فازیل و بە مارکسییەکی عەیارە بیست و چوارمان نەدەزانی، چونکە خۆدەرخەر بوو، سەری بە هەموو شوێنێکدا دەکرد. وتم: «مادام فازیل وەریدەگرێت، من نامەوێت». مام جەلال وتی: «دە باشە تۆ شۆڕشگێڕی بەپێ بڕۆرەوە». بەهەرحاڵ، بەداخەوە ئەوە سەرکەوتوو نەبوو، ئیتر من گەڕامەوە سوید.

مام جەلال چووە نەمسا و لەگەڵ فازیلی مەلا مەحمود گەڕایەوە، ئەوسا فازیل پەیوەندیی هەبوو لەگەڵ بەنی سەدردا، ئاخر بەنی سەدریش ماوی بوو، هەروەکو عادل عەبدولمەهدی. مام جەلال لەگەڵ بەنی سەدر چووبووە تاران و وابزانم بە گەیشتنی بۆ ناوزەنگ، بەنی سەدریان ناچارکرد بە هاتنە دەرەوە و لە پاریس پەنابەریی وەرگرت.

کە کورد جینۆساید دەکرێ لە ئەنفال و هەڵەبجەدا کە ئەوە یەکێکە لەو رووداوە گەورانەی مێژووی کورد و مرۆڤایەتی، جەنابت وەکو لێپرسراوی لقی دەرەوەی یەکێتی، چیتان کرد وەکو رەوەندی کوردی لە دەرەوە؟

وەڵڵا، هەرچی توانیمان کردمان لە خۆپیشاندان، لە مانگرتن و بەیاننامە بڵاوکردنەوە.

لە دەرگای هەموو باڵیۆزخانەکانتان دا؟

بەڵێ، لە هەمووی، بۆ نموونە لە سوید هاتین هەرچی رۆژنامەکان لەسەر هەڵەبجە و کورد نووسیویانە هەموویمان کۆکردەوە، ئەجێندایەکی ترمان لە لەندەن دەرکرد.

ئەمە وەکو یەکێتیی یان کوردەکانی دەرەوە؟

وەکو یەکێتی، هەرچی شتێک لەو ماوەیەدا دەرچووە هەموویمان کۆکردەوە، بەڵام ئەوەی سەیر بوو وڵاتانی سۆشیالیست هیچیان نەنووسی و بڵاونەکردەوە کە ئێمە خۆمان بە پێشکەوتنخواز و کۆمۆنیست و ئەوانە دادەنا.

ئەوە نیگەرانی نەکردن؟

زۆر زۆر نیگەرانبووین، جا ئێمە لەو ئەجێندایەدا، لەو لاپەڕانەی کە تایبەت بوو بە رۆژنامەکانی یەکێتی سۆڤیەت وەکو (تاس) و ڕۆژنامەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات، لاپەڕەکەمان بە سپێتیی دادەنا و مانشتێکی گەورەمان لێ دەنووسی لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەیان، چونکە وڵاتانی خۆرئاوا ئەو هەموو بابەتەیان دەنووسی کەچی ئەوان هیچیان نەنووسی. هەروەها ئەنجێندایەکی تریشمان بە ناوی (بێدەنگییەکانی دونیا) چاپکرد. ئەمە جگەلەوەی خۆپیشاندانی گەورە و مانگرتن لە خواردنیشمان ئەنجامدا.

هەستتان دەکرد ئەو چالاکییانەی ئێوە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر راوبۆچوونی سیاسیی یان مەدەنی هەبێ؟

بەدڵنیاییەوە لەسەر رای گشتیی هەیبوو، هەروەها پەرلەمانەکانیشمان هێنایە سەر خەت، من لەبیرمە شوێنێک هەیە لە ناوجەرگەی ستۆکهۆڵم بەناوی (سێڵفس ستۆری) هەموو ئەندام پەرلەمانەکان هاتن بەشدارییان

لەگەڵ کردین، هەم بە وتار هەم بە ئامادەبوون، لە هەموو وڵاتەکان بە نزیکەیی. جا من لێرەدا پێویستە سوپاسی ئێران بکەم، چونکە کە هەڵەبجە روویدا، مام جەلال لە لەندەن بوو، لەوێ وتارێکی دا و رایگەیاند کە هەڵەبجە کیمیاییباران کراوە و دوو هەزار کەس شەهید بووە. ئاژانسی رۆیتەرز بڵاویکردەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژەیان بەوە دا کە مام جەلال زیادەڕۆیی دەکات و شتی وا نەبووە. هەرچەندە ئێران خۆشی بەرژەوەندیی لەوەدا هەبوو، بەڵام خۆشبەختانە، ئەوەبوو رێگەی دا بە رۆژنامەنووسان کە بچنە هەڵەبجە و رووماڵی ئەو تاوانە بکەن, کە رێگەی دا، لە هەموو وڵاتانی دنیاوە رۆژنامەنووسەکان روویانکردە ئێران و لەوێوە چوونە هەڵەبجە، ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئاوا بڵاونەدەبووەوە، چونکە ئێمە ساڵێک لەوەوپێش و ١٩٧٨دا زۆر هەوڵماندا بۆ تاوانەکانی بۆردوومان بە چەکی کیمیایی لەناوچەی بالیسان و بەتایبەتی دێی شێخ وەسانان کە هەموویان کۆمەڵکوژکران و کەسی لێ دەرنەچوو، بەڵام بێدەنگیی لێکرا، هەرچەند هاوارمانکرد و بەیاننامەمان دەرکرد، بەڵام ئەوان باوەڕیان پێنەدەکردین یەک دێ هەمووی

لەناوبرابێ و ئەوەش نەبوو رۆژنامەنووس رێی پێبدرێت بێتە ناوچەکە، بۆیە ئێران ئەو فەزڵەی هەیە لەسەرمان کە رێگەی دا بە رۆژنامەنووسەکانی دونیا بێنە ناوچەکە، ئەگەر وانەبوایە هەڵەبجەش وەکو شێخ وەسانان و دۆڵی بالیسان و سێوسێنان و دەیان شوێنی تر کە کیمیابییباران کران و باسیش نەکران، ئەویش وادەبوو. هەروەها ئەلبومێکیشیان دەرکرد کە من وێنەیەکیم هەیە، بە ژمارەیەک زۆر لە هەموو دونیادا بڵاویانکردەوە و کاریگەریی گەورەی هەبوو لە ناساندنی جینۆسایدی هەڵەبجە.

دەمەوێت بە کورتی و لەماوەی چەند خولەکێکدا باسی راپەڕین بکەین، ئێوە چۆن ئاگاداری راپەڕین بوون و بەشداریتان چی بوو تیایدا؟

بەڵێ ئاگاداربووین، لە پێش راپەڕین مام جەلال یەکێک بوو لەو کەسانەی پێشبینی دەکرد کە سەدام کوێت دەگرێت. لە مانگی ئایار بوو یان حوزەیران، پێش ئەوەی سەدام کوێت بگرێت، لە چەتن هاوس شوێنێک هەیە، سیاسەتمەدارەکان و رۆژنامەنووسە

بەناوبانگەکان و پەرلەمانتارەکان کۆڕ دەگرن بۆ یەکێک
لە سیاسەتمەدارەکانی دونیا. کۆڕێکیان بۆ مام جەلال
سازکرد، لەو کۆڕەدا مام جەلال وتی: «بەپێی تێگەیشتنی
من، بەمنزیکانە سەدام کویت داگیر دەکات». ئەوەبوو
هەموو تووشی شۆک بوون. یەکێکیان پێی وتبوو:
«مستەر تاڵەبانی تۆ بەڕاستە؟». وتبووی: «بەڵێ من
بەڕاستمە، خۆ لەخۆمەوە نایڵێم، هەم لەسەر بنەمای
زانیاری و هەم لەسەر بنەمای ناسینی سروشتی ئەو
رژێمە». بەڵام گاڵتەیان پێدەهات. هاتە پاریس من خۆم
لەگەڵیابووم، لەگەڵ فەرەنسییەکاندا قسەی کرد و هەمان
شتی وت، بڕوایان پێ نەکرد. بێگومان زۆری نەبرد
سەدام کوێتی گرت. کە کوێتی گرت، پەیوەندیی گەورەی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو پێشبینییەوە هات
کە ئیتر ئیعتیبارێکی گەورەیان بۆ دادەنا لەو لێدوانەوە،
هەروەها لەوەشەوە کە وتی دوو هەزار کەس و دوایی
بوو بە پێنج هەزار شەهید و دە هەزار بریندار کە دونیا
ئێستا ئەیسەلمێنێ، بەڵام ئەوسا بە دوو هەزار کەس
رازیی نەبوون، جا مەبەستم ئەوەیە مام جەلال دەورێکی
گەورەی بینی لە پێشبینیکردنی ئەوەی کە سەدام کوێت

داگیردەکات، بەڵام گوێیان پێنەدا. پاش ئەوەی سەدام کوێتی داگیرکرد، بەنیسبەت ئێمەوە هەر خەریکبووین، چونکە دەمانزانی، ئەوەبوو ئەمریکا هاتە سەر خەت و هەموو دونیا هاتنە سەر خەت. لەناو سەرکردایەتیدا مام جەلال بۆچوونی وابوو کە ئەمریکا لە سەدام دەدات و بە هێز دەریدەکات، بەڵام سەرکردایەتی بۆچوونیان وانەبوو لەناویاندا کاک نەوشیروانیش، نامە بەناوبانگەکانی هەیە، وابزانم لە ئەرشیفەکەمدا هەیە. مام جەلال نووسیویەتی بۆیان و دەڵێ: «من بۆچوونم وایە ئەمریکا بە شەڕ سەدام دەردەکات لە کوێت و دەبێت ئێمە خۆمان بۆ ئەوە ئامادەبکەین». راستە لەگەڵ ئەوەی کاک نەوشیروان خۆی (ئەوسا بێگومان مام جەلال لە دەرەوە بوو)، پێی وانەبوو شەڕ رووبدات لەنێوان عیراق و ئەمریکادا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا یەکێتیی ئامادەکاریی کردبوو بۆ راپەڕین و بۆ هەر پێشهاتێک کە رووبدات، ئەوەبوو شانە چەکدارەکانی ناوشاری دروستکردبوو, ئەمە پلانی بۆ دارێژرابوو.

لە دەرەوەش ئێوە ئامادەکاریتان بۆ کردبوو؟

بەڵێ، کە ئەم پلانە دارێژرابوو، ئێمە ئاگاداربووین بەو شێوەیە دەبێت و نەخشە و پلان هەیە چی بکەین و چی نەکەین، ئەو پلانە وابوو کە ئێمە ئیشمان لەسەر دەکرد. ئەوەبوو پرۆسەی گەردەلووی بیان دەستیپێکرد و لە ترسی ئێران نەبووایە پاش چەند رۆژێک دەهاتنە بەغدا و سەدامیان لەناودەبرد، بەڵام ئەوەبوو رێککەوتننامەی سەفوان کرا و لای خۆشمان راپەڕین هەبوو.

جەنابت دوای راپەڕین هاتیتەوە؟

بەڵێ، دوای راپەڕین هاتمەوە، لە ئێرانەوە هاتمەوە، کە هاتمەوە بینیم یەک ئاوەدانی و یەک دێ نەماوە، خەم دایگرتم و هەرگیز وێنای ئەوەم نەدەکرد کە کوردستان وایلێهاتبێت.

پاش گەڕانەوەت، زۆر مایتەوە لە کوردستان؟

بەڵێ، من کە لەساڵی ١٩٩٢ هاتمەوە بەنیازی مانەوەبووم، لەپێشدا لە چوارتا بووم و دوایی چوومە شەقڵاوە، بارەگامان لە شەقڵاوە بوو، چوار پێنج مانگێک

مامەوە و دوایی چوومەوە دەرەوە.

جەنابت دوای پرۆسەی ئازادیی بووی بە باڵیۆز، ئەمە چۆن دەستیپێکرد؟

من لە ساڵی ٢٠٠١ەوە لە ئەمریکا بووم وەکو نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە دەستبەکاربووم لە ئەمریکا، چەند مانگێک بەسەر هەڵبژاردنی ئەمریکادا تێپەڕبووبوو. جۆرج وۆکەر بوش، واتا بوشی کوڕ، بووبوو بە سەرۆک کۆماری ئەمریکا. هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی بوشی کوڕەوە، سێ مەسەلەی گرنگی لە پرۆگرام و کارنامەی خۆیدا دانابوو. ئەوەی لەبیرم بێت، یەکەم مەسەلەیان بریتیبوو لە مەسەلەی ئەفغانستان. دووەمیان، مەسەلەی چین بوو، سێیەمیشیان مەسەلەی سەدام و رژێمەکەی بوو.

یەکێک لە راوێژکارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کۆشکی سپی، واتا راوێژکاری سەرۆک بوش. بروس رایدل بوو کە پێشتر لە (CIA) کاریکردبوو. کابرایەکی زۆر شارەزا بوو لەبواری ئاسایش و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و

بەئاگابوو لە مەسەلەی سـەدام و عیراق. کۆبوونەوەم هـەبـوو لـەگـەڵـیدا لـە کـۆشـکـی سـپـی، لـە نووسینگەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا کە بەشێکە لە باڵەخانەکانی کۆشکی سپی. لەکۆبوونەوەکەمدا لەگەڵ بروس رایدل و یاوەرانی، باسی عیراق و تاوانەکانی سەدام و بارودۆخی عیراق و ناوچەکەمان کرد و پرسیاری ئەوەم لێکرد کە هەڵوێستی ئیدارەی تازەی ئەمریکا و بەڕێز بوش چی دەبێت بەرامبەر سـەدام؟ لەچوارچێوەی قسەکاندا و ئاڵوگۆڕی راوبۆچوونەکانمان لەسەر چارەنووسی سەدام و رژێمەکەی. بـروس رایـدل وتـی: «بـە بۆچوونی من، ئەمریکا و بوش، سەدام لادەبات و دەیڕووخێنێت، چونکە لە کۆبوونەوەیەکماندا، واتـا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش، بەڕێز بوش وتی، چۆن من لە سەدام خۆشدەبم لەکاتێکدا ئەم کابرایە نەخشەی داناوە کە باوکم بکوژێت لە کوێت (He tried to kill my Dad)». جا وابوو، سـەدام نەخشەی دانـابـوو لەکاتێکدا بوشی بـاوک کە سەردانی کوێت دەکات، هەوڵی کوشتنی بدات. وتی: «بە راوبۆچوونی من، سەدام نامێنێت و سەرۆک کۆمارەکەی من، بەڕێز بوش، هەوڵی جیددی دەدات کە لەناویبەرێت و

ڕژێمەکەی بڕووخێنێت».

ئەمەی لە کۆبوونەوەیەکی فەرمیدا بە جەنابتان وت؟

بەڵێ، لە کۆبوونەوەیەکی فەرمیدا وایووت و مەبەستم ئەوەبوو لە گێڕانەوەی گفتوگۆکانی ئەو کۆبوونەوەیە. کە من چوومە ئەمریکا لە ٢٠٠١، ماوەیەکی زۆری نەبرد کە ئەمریکا نەخشەوپلانی دادەنا بۆ لابردنی سەدام و ڕژێمەکەی.

ئەمریکییەکان لە ٢٠٠١ەوە تا ٢٠٠٣ بەگەرمیی سەردانی کوردستانیان دەکرد و لەگەڵ جەنابی مام جەلال کۆدەبوونەوە. هەروەها بە بەردەوامیی بانگهێشتی مام جەلالیان دەکرد بۆ ئەمریکا چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنیی بۆ باسکردنی چۆنێتیی لابردنی سەدام و دانانی ڕژێمێکی دیموکراتیی لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراق و کەسایەتییە دیارە نیشتمانپەروەرەکانی عیراق. ئەو کۆبوونەوە و سەردانانەی جەنابی مام جەلال و هێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆنی عیراق بوو کە پرۆسەی ئازادیی لێکەوتەوە.

حەزدەکەم لێرەدا بۆ مێژوو ئەو راستییە بڵێم، ئەحمەد چەلەبی کە رێکخراوی کۆنگرەی نیشتمانیی (INC) دامەزراندبوو، رۆڵی یەکجار گەورە و کاریگەریی بینی لای ئەمریکییەکان بە رازیکردنیان بۆ رووخاندنی سەدام و رژێمەکەی.

لەماوەی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٣ لە هەموو دیدار و کۆبوونەوەکانی مام جەلال کە هەیبووە لەگەڵ بەرپرسانی ئەوسای ئەمریکادا، بەندەشی لەگەڵبووە و بەشداریم تیاکردوون و ئاگاداری هەموو گفتوگۆ و قسەوباسەکانی پێش پرۆسەی ئازادیی عیراق بووم. ئەمریکییەکان وایاندەزانی کە سەدام و رژێمەکەی زۆر بەهێزن و لەڕووی سەربازییەوە بە پێنجەم هێزی سەربازییان دادەنا لە جیهاندا، بۆیەپێش پرۆسەی ئازادی، ئەمریکییەکان ٤٠ هەزار تابووتیان ئامادەکردبوو بۆ کوژراوەکانیان لەو شەڕەی کە لەگەڵ عیراق رووبەڕوویدەبنەوە لەئەنجامی پرۆسەی ئازادیدا. لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم، جەنابی مام جەلال، پێی وانەبوو کە تێشکاندنی سوپاکەی سەدام و رژێمەکەی کارێکی زۆر گران بێت و قوربانیی زۆری بووێت.

جەنابی مام جەلال چی بەئەمەریکاییەکان وت لەو بارەیەوە؟

مام جەلال بە ئەمریکییەکانی وت: «ئەگەر ئەمریکا هێزی سەربازیی بەکاربهێنێت بۆ لابردنی سەدام، ئەوا بە ماوەیەکی زۆر کورت، عیراق و هێزەکەی تێکدەشکێت و سەدامیش یان دەکوژرێت یان رادەکات و قوربانییەکی زۆر کەمی دەوێت لەڕووی سەربازییەوە.»، بەڵام دەیووت: «رۆژی دوای رووخاندنی رژێمی سەدام، چی دەبێت و چۆن ئیدارەی عیراق دەدرێت و بە چ شێوازێک عیراق بەڕێوەدەبرێت، ئەمانە زۆر گرنگن و پێویستە باش بیری لێبکرێتەوە و نەخشەوپلانی گونجاوی بۆ دابڕێژرێت». مام جەلال، قۆناغی دوای رووخانی رژێمی سەدامی بەلاوە گرنگتربوو لە رووخاندنەکەی کە بە ئاسانی دەزانی، بەڵام چۆنێتیی بیناکردنەوە و بەڕێوەبردنی عیراقی دوای سەدامی زۆر پێ قورستر و گرنگتربوو لە رووخاندنەکەی،چونکە عیراق وڵاتێکی مۆزاییکی و فرەنەتەوەیە، کێشەی پێکهاتەکانی عیراق لە شیعە و سوننە و کورد و تورکمان و کەرکوک و

چارەسەرکردنیانی زۆر بەزەحمەتر دەزانی لە رووخاندنی رژێم. هەمیشە لە دانیشتنەکانی پێش رووخاندنی رژێم، ئەو کێشانەی دەخستە بەرچاوی ئەمریکییەکان و پێی رادەگەیاندن کە گەلانی عیراق، مومارەسەی دیموکراتییان نەکردووە و زۆر قورسە بەو شێوەیەی کە ئەمریکییەکان باسیدەکەن بتوانرێت عیراق بەڕێوەببرێت، چونکە ئەوەی کە ئەمریکییەکان باسیان لێوەدەکرد بەوەی کە (Nation Building) لە عیراقدا پێکدەهێنن، واتا هەموو کەس لە عیراقدا خۆی بە عیراقی بزانێت و ئینتیمای سەرەکیی بۆ عیراق بێت. جەنابی مام جەلال ئەمەی زۆر زۆر پێ ئەستەم بوو کە ئەمریکییەکان دوای رووخاندنی رژێم بتوانن ئەمە بەدەستبهێنن. هەروەکو ئێستا پاش ١٥ ساڵ لە تێپەڕبوونی پرۆسەی ئازادی و رووخاندنی رژێمی سەدام دەیبینین. ئەو مەسەلەیەی کە هەموو کەس خۆی بە عیراقی بزانێت و ئینتیمای هەبێت بۆی، نەک هەنگاوێک نەچووەتە پێش، بەڵکو زۆر خراپتریش بووە لە ٢٠٠٣ و هەموو ئەو قسانەی جەنابی مام جەلال کاتی خۆی بە ئەمریکییەکانی وتبوو، بەداخەوە ئێستا هاتوونەتەدی.

وەزارەتـــی دەرەوەی ئـەمـریـکـا، پێش پـرۆسـەی

ئازادیی عیراق بە ساڵێک، واتا لە ٢٠٠٢ەوە کۆمەڵێ گروپیان لەبوارە جیاجیاکاندا (سیستمی فیدڕاڵی و بواری یاسایی و دەستوور و بواری پەروەردە، بواری ئابووری و بواری ئاو و کشتوکاڵ و دیموکراسی و.... هتد) پێکهێنا بەناوی (Working Group) گروپی کار، لە شارەزا ئەمریکی و عیراقییەکان لەو بوارانەدا و بۆ گەڵاڵەکردنی پرۆژە لەسەر هەموو ئەو بابەتە هەنووکەییانە. مەبەستیان ئەوەبوو عیراقی دوای سەدام، بەگوێرەی ئەو پرۆژە و دید و بۆچوونە ئامادەکراوانە بەڕێوەبەرن. لەلایەکی ترەوە، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، ئەوانیش هەستان بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێ راوێژکار و شارەزا لەبوارە جیاجیاکانی سیستمی بەڕێوەبردنی عیراقی دوای سەدام. بۆ هەر وەزارەتێکی عیراق، راوێژکارێکی شارەزایان دامەزراند بۆ ماوەیەکی کاتی، واتا بۆ هەموو وەزارەتەکانی عیراق، وەکو وەزارەتەکانی دەرەوە، بەرگری، نەوت، ناوخۆ، پەروەردە،خوێندنی باڵا، سەرچاوە ئاوییەکان و وەزارەتی داد و رۆشنبیری و دارایی و....هتد. وەکو وتم، بۆ هەریەکێک لە وەزارەتەکانی عیراق، راوێژکارێک یان دووانیان بە کاتیی دامەزراند،

لە عیراقییەکان و ئەمریکییەکان. بێگومان ئەمریکییەکان خۆیان سەرپەرشتیی هەموویانیان دەکرد و راهێنانیان پێدەکردن و چەندین خولیان بۆ کردنەوە لە ئەمریکا. بەندەش، وەکو نوێنەری حکومەتی هەرێم و یەکێتی، وەک راوێژکارێکی خۆبەخش، لە پشت پەردەوە، بەشداربووم لە دانانی زۆربەی راوێژکارە عیراقییەکان بە کورد و عەرەبیشەوە. هەروەها بەشداربووم وەک خۆبەخش لە بەشێک لەو گروپانەی وەزارەتی دەرەوە، لەبواری پەروەردە و سیستمی داهاتووی پەروەردە لە عیراق و بواری زمان و رۆشنبیری و پەیوەندیی دیپلۆماسی و ئامادەکردن و نووسینەوەی دەستوور و سیستمی فیدراڵی و ...هتد. بە لای منەوە، ئەگەر ئەو پرۆژانە وەکو خۆی جێبەجێبکرایە دوای رووخاندنی سەدام، سوودی زۆری بە عیراقی نوێ دەگەیاند.

هەروەکو دەزانن، پرۆسەی ئازادیی عیراق، لە کۆتاییهێنان بە سەدام و رژێمەکەی زۆر بەباشی بەڕێوەچوو. سوپای عیراق، لەماوەیەکی کورتدا تێشکێنرا و کۆتایی پێهات. لە ٩ی نیسان،پەیکەری سەدام لە مەیدانی فیردەوس، شکێنراو هێنرایە خوارەوە، بەمەش

کۆتایی هێنرا بە رژێمی دیکتاتۆری فاشستی بەغدا و بریمەر کرا بە حاکمی عیراق. لەو سەروبەندەدا، وەزارەتی دەرەوەی عیراق و باڵیۆزەکانی پێویستیان بە نوێکردنەوە بوو، بۆیە عیراق پێویستی بە وەزیرێکی نوێی دەرەوە بوو کە بڕوای تەواوی بە عیراقی نوێ هەبێت. هەروەها پێویستی بە دامەزراندنی کۆمەڵێک باڵیۆزی تازە هەبوو کە بڕوایان بە عیراقی نوێ و دیموکراتیی هەبێت و لە دەرەوەی ئەو باڵیۆزانە بن کە خزمەتی سەدام و رژێمەکەیان کردووە. لەبەرئەوەی باڵیۆزخانەکانی عیراق لەکاتی رژێمی سەدامدا، بووبوون بە وەزیری هەواڵگری و لانەی جاسوسیی دژی هاوڵاتی بە شەرەف و ئۆپۆزسیۆنی عیراق و کورد لەو وڵاتانەی کە ئیشیان تیادا دەکرد و پێویستی بە نوێکردنەوە و پاککردنەوەیان بوو لە جاسوس و هەواڵگری و بەعسییەکان، بۆیە وەزارەتی دەرەوەی عیراقی نوێ، بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵێ باڵیۆزی تازە و راوێژکار و دیپلۆمات و ئیداریی دا کە بڕوایان بە عیراقی نوێ و دیموکراسی و ئازادی و بەیەکەوەژیانی پێکهاتەکانی عیراق بە ئارامی و یەکسانی هەبێت بۆ بەدەستهێنانی هەموو مافێکی ئەوپێکهاتانەی

عیراق و بە هارمۆنی بەیەکەوەژیانیان.

ئـەوەبـوو کـاک هۆشیار زێـبـاری، وەزیــری نوێی دەرەوەی عیراق کە ئەوکاتە ئەیاد عـەلاوی سـەرۆک وەزیـران بوو و غـازی یـاوەر سـەرۆک کۆمار بـوو. لە ٢٠٠٤دا بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵێ باڵیۆزی تازەی عیراقیان دا، کە کۆی هەموویان ٤٣ باڵیۆز بوو. لەم ٤٣ باڵیۆزە، یەکێتیی نیشتمانی، ٤ باڵیۆزی بەرکەوتبوو کە یەکێکیان بەندە بـوو، لەگەڵ هەریەکە لە کاک ئەحمەد بامەڕنی و کاک هاواری کاکە زیاد و کاک عادل موراد. پارتیش، کاک غازی زێباری، کاک سیامەند، کاک تاریق عەقراوی و کاک فائق نیرۆیی. یەکگرتووی ئیسلامیش، کـاک عـومـەر بەرزنجییان کاندید کـردبـوو. واتـا کۆی گشتیی دەستەی یەکەمی باڵیۆزە کوردەکان کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا دامەزران، نۆ باڵیۆز بوون لە ٤٣ باڵیۆزەکە، کە کورد ڕێژەی ٢١٪ی پێکدەهێنێت لەکۆی گشتیی باڵیۆزە تازەکانی عیراق.

هەروەکو وتـم، من ئەوسا لە واشنتۆن بـووم، کە زانیم کاندیدکراوم بۆ یەکێک لە باڵیۆزەکانی عیراق و پێیانڕاگەیاندم کە من بۆ ئیسپانیا دانـراوم، منیش لە

واشنتۆن پەیوەندیی پتەوم هەبوو لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئیسپانیا و باڵیۆزەکەیان لە واشنتۆن. چووم باڵیۆزەکەیانم بینی و پێمووت، من بۆ باڵیۆزی عیراق لە وڵاتەکەی ئێوە کاندیدکراوم و پێویستم بە زانیارییە لەسەر سیستمی خوێندنتان، چونکە کچەکەم لێرە لە پۆلی ١٢ی ئامادەییە و بە ئینگلیزیی دەخوێنێت و ئیسپانیی نازانێت. باڵیۆزەکە زۆری پێخۆش بوو کە من بۆ وڵاتەکەی ئەوان کاندیدکراوم و باسی سیستمی خوێندنی وڵاتەکەیانی بە باش بۆ کردم و وتی: «هیچ کێشە نییە، کچەکەت دەتوانێت لەوێ بە ئینگلیزیی بخوێنێت و ئێمە هەموو یارمەتییەکت دەدەین و خەمی هیچ شتێکت نەبێت». ئەمە لە مانگی شەشی ٢٠٠٤دا بوو.

پاشان لە بەغداوە وەڵامیان بۆ ناردم کە لە ئەمریکاوە بگەڕێمەوە بۆ بەغدا، بۆ تەواوکردنی مامەڵەی بوون بە باڵیۆزییەکەم و خۆئامادەکردن و ڕۆیشتنم بۆ ئەو وڵاتەی کە بۆی دانراوم.

منیش لە واشنتۆنەوە گەڕامەوە سلێمانی و عیراق، بۆ تەواوکردنی مامەڵەی بوونم بە باڵیۆز. پێش هەموو شتێک چووم جەنابی مام جەلالم بینی، کە بینیم، وتی:

«کەی دەڕۆیت بۆ بەغدا بۆ تەواوکردنی مامەڵەی باڵیۆزییەکەت؟». وتم: «یەک دوو ڕۆژی تر دەڕۆم، مامە گیان». وتی: «بۆ کوێ دانراوی؟». وتم: «ئەوەندەی من بزانم، بۆ ئیسپانیا». وتی: «بەڵام من پێشنیاز دەکەم کە تۆ بچیت یان بۆ چین یان بۆ روسیا». لەوەڵامدا وتم: «مامە گیان، جەنابت چیت پێ باش بێت، من ئەوە دەکەم». وتی: «چونکە ئێستا چین وڵاتێکی زۆر گرنگە و پاشەڕۆژێکی درەوشاوەی هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە و یەکێکە لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، خاوەن ڤیتۆیە لە وەرگرتنی هەر بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشدا». منیش وتم: «مامە گیان، تۆ چی بڵێیت وادەکەم، بەڵام منیان بۆ ئیسپانیا کاندیدکردووە، چۆن ئەمە بگۆڕین». مام جەلال، وتی: «ئەوە ئاسانە گۆڕینی و نامەیەک بۆ کاک هۆشیار زێباری دەنووسم کە بتگۆڕێ بۆ چین یان روسیا، چونکە ئەو دوو وڵاتە گرنگن بۆ ئیمە». منیش وتم: «زۆرباشە». مام جەلال نامەکەی نووسی بۆ کاک هۆشیار، ئێستاش کۆپییەکیم لایە کە منی بۆ چین کاندید کردبوو. داواشی کردبوو کە کاک عادل مورادیش بکرێت بە باڵیۆز لەگەڵ حازم یوسفیدا، چونکە

لەو ناوانەی کە لەوەوپێش کاندیدکرابوون بۆ باڵیۆزیی، ناوی کاک عادل موراد و کاک حازمی تێدا نەبوو، چونکە ئەوکاتە کاک عادل لە بەغدا بوو، لە مەجلیسی حوکم دەوامی دەکرد. ئەگەر مام جەلال یان کاک نەوشیروانی لێ نەبوایە، ئەوا کاک عادل موراد جێگەیانی دەگرتەوە. لێرەدا دەمەوێت بۆ مێژوو ئاماژە بەوە بکەم کە ناوی کاک عادل لە لیستی کاندیدەکانی یەکێتیدا بۆ باڵیۆزیی نەبوو پێش ئەو نامەیەی مام جەلال بۆ کاک هۆشیار، بەڵکو ناوی کاک تەیب بەرواری تێدابوو کە کاتی خۆی لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق کاریکردبوو و تێکۆشەرێکی دێرینی کورد و یەکێتییە و لەسەر داوای مام جەلال لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابووردوودا کە لە باڵیۆزخانەی عیراق لە هۆڵەندا دیپلۆمات بوو، وازی لە باڵیۆزخانە هێنا و کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی ئەنجامدا و تیایدا وازهێنانی لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق و پۆستەکەی راگەیاند لە دژی سیاسەتی رژیمی سەدام بەرامبەر بە کورد. کاتی خۆی ئەم وازهێنانەی کاک تەیب و کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەی، دەنگێکی زۆرباشی دایەوە و کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر خەباتی یەکێتیی

دژی رژێم. کاک تەیب، بۆ رۆمانیا کاندید کرابوو وەکو باڵیۆزی نوێی عیراق. کاتێک مام جەلال ئەو نامەیەی بۆ کاک هۆشیار نووسی و من خۆم بردم بۆی، بەگوێرەی ناوەڕۆکی نامەکەی مام جەلال، کاک هۆشیار منی دانا بۆ چین و کاک عادلیشی لە شوێنەکەی کاک تەیب دانا بۆ رۆمانیا. دیارە کاک تەیب پاشان بوو بە باڵیۆزی عیراق لە دەستەی دووەمی باڵیۆزەکاندا و ئێستاش خانەنشینە و لە هۆڵەندایە.

ئەوەی کە ئاوەڵزاوای مام جەلال بووی، کاریگەریی زۆری هەبوو بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستەت؟

نەخێر، نە بەهۆی خزمایەتییەوە بووە و نە بەهۆی نزیکییشمەوە بووە لەگەڵ مام جەلال. ئەگەرچی شانازیی بەو خزمایەتییەوە دەکەم، بەڵام بووەتە هۆی ئەوەی کە من مافی خەبات و تێکۆشان و لێهاتوویی خۆم نەدرێتێ لەناو یەکێتیدا و ئەوەی پێیگەیشتووم و ئەو پۆستانەی وەرمگرتووە، هەمووی بەهۆی خەبات و ماندووبوون و لێهاتوویی خۆمەوە بووە، چونکە من هەر لە منداڵییەوە لە ساڵی ١٩٦١ەوە چالاکانە لە سیاسەتدا بەبێ دابڕان

کاردەکەم. رەنگە لەناو یەکێتیدا جگە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، کەسی لە من کۆنتری تیادا نەبێت. هەروەها دەوری بەرچاوم هەبووە لە دامەزراندنی کۆمەڵە و لە ئەندامە سەرەتاییەکانی بووم. لە پێش دروستبوونی کۆمەڵە و یەکێتیشەوە، ئەندامی پێشکەوتووی پارتی بووم و لە ئاستی لیژنەی ناوچەی ئەوسای پارتی (باڵی مەکتەبی سیاسی) بووم و لەکاتی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەشدا لە ساڵی ١٩٧١، بۆ لیژنەی ناوچەی سلێمانی، سێ کەس لە باڵی مەکتەبی سیاسیی دانران. من و شەهید جەمال تایەر و عەبدوڵڵای حاجی سەعید.

لە ساڵی ١٩٧٢ تا ١٩٧٤، بەرپرسیاری هەرێمی سلێمانیی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بووم، کە ئەوسا ناوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بوو. جگە لەو بەرپرسیارێتییە، لیژنەی کچانی کۆمەڵەشم بەڕێوەدەبرد. هەروەها هەندێ لە رێکخستنەکانی تری کۆمەڵەشم بەڕێوەدەبرد، بۆ نموونە هەر لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٢- ١٩٧٣دا، بەشێکی تر لە رێکخستنەکانی تری کۆمەڵەم بەڕێوەدەبرد. بیرم دێ لەو بەشەدا، نەرمین خان و برایم جەلالیش ئەندام بوون تیادا و بەشێکی زۆری

کۆبوونەوەکانمان لە گەڕەکی ئیسکان دەکرد. جارێکیان ئێمە دە کەس بووین، تەنها نەرمین خان لەناوماندا ژن بوو. کە کۆبوونەوەکە تەواوبوو، نەرمین خان پێی وتم: «خەڵکی گەڕەک بمانبینن من لەگەڵ ئەو هەموو پیاوەدا لە ماڵ دێمە دەرەوە، دەبێت چیم پێ بڵێن؟». وتم: «نەرمین خان، قوربانیدان جۆری زۆرە و تەنها پێشمەرگایەتی نییە، بوونی تۆش لێرەدا و لەگەڵ ئەم هەموو پیاوەدا کۆبوویتەوە لەم بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کوردەواریدا، قوربانییەکی یەکجار گەورەیە و ئەم ڕێگایەش خۆمان هەڵمانبژاردووە». دیارە لەو کاتانەدا، شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵە، لەسەر بنەمای هێشوویی (عنقود)ی بوو، نەک هەڕەمیی. من بە بەرپرسیاری هەرێمی سلێمانیی کۆمەڵە مامەوە تا سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ و بە ماوەیەکی کەم پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان ڕژێم و کورددا.

جگە لە هەموو ئەمانەی کە باسمکرد، لەپێشەوە لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانیشدا، لە پۆلی دووەمی ناوەندییەوە، لێپرسراوێتیم هەبووە و لە ١٩٦٤دا بووم بە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە ئەوسا لیژنەی جێبەجێکاریان پێدەووت. لە ساڵی

١٩٦٩شدا جارێکی تر، لە کۆنفرانسی بەکرەجۆی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا، بە ئەندامی لیژنەی جێبەجێکاری قوتابیان هەڵبژێردرامەوە و بووم بە بەرپرسی لقی پارێزگای سلێمانی.

لە دەرەوەی وڵاتیش، لە ساڵی ١٩٧٦ەوە لە کۆنفرانسەکانی یەکێتیی لقی ئەوروپا و رێکخراوی کۆمەڵە کە خۆم دامەزرێنەری بووم لە ساڵی ١٩٧٦ لە پاریس، بە رێنوێنیی جەنابی مام جەلال (تا ئەو کاتە مام جەلال سکرتێری کۆمەڵەش، دیمەوە سەری) هەموو ساڵێک هەڵبژێردراوم بە بەرپرسی ئەو دوو ئۆرگانە. واتا پێش بوونم بە ئاوەڵزاوای مام جەلال، لێپرسراوی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووم لە دەرەوەی وڵات، بە واتایەکی تر، من پێش ئەوەی ببمە ئاوەڵزاوای مام جەلال کە لە ساڵی ١٩٧٩دا بوو، بەرپرسیارێتیم لەناو یەکێتیدا لە ئێستا زۆر زیاتر بووە و کە من بووم بە ئاوەڵزاوای مام جەلال، ئەستێرەی من لەناو یەکێتی و کۆمەڵەدا، بەرەو داکشان دەستیپێکرد و بەڕای خۆم، لەم رووەوە غەدرێکی زۆریان لێکردووم، بەڵام من هەرگیز پەشیماننیم لەو هاوسەرگیریە، بوون بە

ئاوەڵزاوای مام جەلال، بە شەرەفێکی زۆر گەورە دەزانم بۆ خۆم و خێزانەکەم. بۆ بوون بە باڵیۆزیش، کەس لەو باڵیۆزانە، هەم لە یەکێتیدا و هەم لە پارتیدا، لەخۆم بەتواناتر و خاوەن بڕوانامەی بەرزتر و خاوەن ئەزموونتر نازانم. تەنانەت لە زۆربەی ئەو باڵیۆزانەی تری عیراقیش کە دانراون، خۆم بە شایستەتر دەزانم و ئەزموونی ئەو ١٢ ساڵەی کە باڵیۆز بووم، گەواهیی ئەوەم بۆ دەدەن کە یەکێک لە باڵیۆزە هەرە سەرکەوتووەکانی عیراق بووم. حەزدەکەم ئاماژە بەوە بکەم، خەڵکی وا هەیە کە یەکێتی دایناون بە باڵیۆز یان پاڵاوتوونی بۆ باڵیۆزیی، هیچ فڕیان بەسەر یەکێتییەوە نییە، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە بوون بە باڵیۆزیی، بەری رەنج و ماندووبوون و خەبات و تێکۆشان و لێهاتوویی و ئەزموونی خۆم بووە، نەک مەسەلەی خزمایەتی.

پێش ئەوەی بەڕێبکەویت بۆ چین، چ بەرنامە و پلانێکت هەبوو، هەگبەکەت چی تیادابوو بۆ عیراق و کورد؟

پێشەکی، حەزدەکەم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە

نامەکەی مام جەلالم وەرگرت، پێمووت: «مامە گیان، دڵنیابە هەموو هەوڵێکدەدەم کە سەرکەوتووبم و کارێکی وابکەم کە هەمیشە جێی شانازیی بەڕێزتان و کورد و یەکێتی بێت و سەرتان هەر بەرزبێت». پاشان نامەکەم برد بۆ بەغدا، دامە دەست کاک هۆشیار زێباری، ئەویش بەگوێرەی نامەکەی مام جەلال، منی لەئیسپانیاوە گۆڕی بۆ کۆماری چین. دوای ئەوەی کە ڕەزامەندیی کۆماری چینم بۆ وەرگیرا بەماوەیەکی پێوانەیی کە لە ١٤ ڕۆژ کەمتربوو، چونکە دەبێت پێش ئەوەی فەرمانی سەرۆکایەتی کۆمار دەرچێت بۆ هەر باڵیۆزێک کە کاندید دەکریت بۆ هەر وڵاتێک، دەبێت پێشەکیی ڕەزامەندیی ئەو وڵاتە وەربگیرێت کە بە زمانی دیپلۆماسیەت، پێی دەووترێت، (Agreement). جاری وا هەیە وەرگرتنی ئەم ڕەزامەندییە، زیاتر لە شەش مانگی پێدەچێت و جاری وا هەیە ئەو ڕەزامەندییە هەرگیز نایەتەوە، بێ ئەوەی ئەو وڵاتە ناچاربکرێت هیچ ڕوونکردنەوەیەک بدات. وەکو وتم، من زۆر بەختم هەبوو کە لەو ماوە کورتەدا ڕەزامەندیی وڵاتی چینم بۆ هاتەوە. ڕۆژی ١ی ئابی ٢٠٠٤ فەرمانی سەرۆکایەتی کۆمارم بۆ دەرچوو، لەلایەن

سەرۆک کۆماری ئەوسا کە بەڕێز غازی یاوەر بوو. هەر کە فەرمانی کۆماریم وەرگرت، کەوتمە ئامادەکرنی خۆم و ماڵ و منداڵم بۆ گەشتکردن بۆ چین، داوای ڤیزەی چینم بۆ خۆم و ماڵ و منداڵم کرد و لەماوەی هەفتەیەک کەمتر ڤیزەکەمان بۆ هاتەوە و چووم بۆ واشنتۆن بۆ هێنانەوەی ماڵ و منداڵ، هەروەها پاکتاو (تصفیە)ی هەموو شتمکرد لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم و یەکێتی لە ئەمریکا و هاتمەوە عیراق و پاش چەند رۆژێک بەڕێکەوتین بۆ چین.

سێ باڵیۆز لەکۆی ئەو ٤٣ باڵیۆزە تازەیەی عیراق، زوو دەستبەکاربوون، بەندە و سەلاح شێخلی لە لەندەن و عەلا هاشمی لە ئەڵمانیا.

بۆ وەڵامی پرسیارەکەشت، خۆم بەرنامەم دانابوو کە چۆن سەرکەوتووبم و چۆن هەموو هەوڵی خۆم بخەمەگەڕ بۆ ئەوەی بەڵێنەکەم کە بە مام جەلالم دابوو، بیبەمەسەر و بەتەواوی خۆم ئامادەکردبوو و نەخشەم دانابوو بۆ ئەوەی کە هەرچیم پێدەکرێت ئەنجامی بدەم بۆ توندوتۆڵکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیریی عیراق و چین و کورد.

پێش ئـەوەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم جێبهێڵی لە واشنتۆن، پێشنیازی کەستکرد کە جێگەت بگرێتەوە ؟

بـەڵێ پێشنیازی کەسێکم کرد،پێشتریش لە چاوپێکەوتنێکدا باسی ئەو مەسەلەیەم کردووە. ئەو کاتەی کە واشنتۆنم بەجێهێشت، کاک قوباد جێگرم بوو. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بۆ بابەتێک بکەم کە چۆن کاک قوباد پێش من لە ساڵی ٢٠٠٠دا چووە ئەمریکا بۆ ئیشکردن لە نووسینگەی حکومەتی هەرێم و یەکێتی کە هێشتا کاک بەرهەم لە ئەمریکا نوێنەر بوو. ئەوسا کاک قوباد لە لەندەن بوو، خوێندنی تەواوکردبوو و بەکالۆریۆسی هێنابوو لە ئەندازیاریی میکانیکدا. منیش ئەوکاتە سەردانی لەندەنم کردبوو، پێشنیازم بۆ کرد بچێتە ئەمریکا و لە نووسینگەی واشنتۆن لەگەڵ کاک بەرهەم کاربکات، چونکە ئەمریکا بۆ کورد و یەکێتی زۆر گرنگە و پێویستە کەسانێکی لێهاتووی وەک کاک قوباد لەوێ ئیشبکەن، بۆ دوارۆژی گەلەکەمان و یەکێتی زۆر گرنگ و بەسوودە، بەڵام راستییەکەی کاک قوباد خۆی نەیدەویست لەندەن بەجێبهێڵێت و بچێت بۆ ئەمریکا. زۆر لەگەڵی خەریکبووم

بۆ رازیکردنی. شایانی باسە، کاک هەڵۆی مامۆستا برایمیش زۆر هەوڵیدا رازییبکات بۆ ئەوەی بچێتە ئەمریکا. پاش دوو شەو و دوو رۆژ قسەکردن لەگەڵیدا، بەهەردووکمان توانیمان رازیبکەین کە بچێتە ئەمریکا. ئەوەبوو چووە ئەمریکا و ماوەیەک لەگەڵ کاک بەرهەم ئیشیکرد. کاتێکیش کاک بەرهەم گەڕایەوە کوردستان و بوو بە سەرۆک وەزیرانی ئیدارەی سلێمانیی حکومەتی هەرێم، من چوومە شوێنەکەی کاک بەرهەم لە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠١. کە چوومە ئەوێ، کاک قوباد ئیشێکی وای پێ نەسپێردرابوو لە نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم و یەکێتی لە ئەمریکا، تەنها وەکو فەرمانبەرێک کاریدەکرد، بەڵام کە من چووم، ئەوم کرد بە جێگری خۆم، چونکە گەنجێکی لێهاتوو و زمانزان و زۆر بزێو و چالاکبوو، پەیوەندیی کۆمەڵایەتیشی لەوپەڕی باشیدا بوو. کێشەی من و کوڕەکانی، لەگەڵ مام جەلال ئەوەبوو، هەتا بۆی بکرایە نەیدەهێشت نە من پۆستێکی باڵا وەربگرم نە هیچ یەکێک لە کوڕەکانی، بۆ ئەوەی پێی نەووترێت خزم و کوڕەکانی خۆی داناوە لە پۆست و پلە باڵاکاندا. بە بۆچوونی من، ئەمە راستە ئەگەر ئەو کەسانە شیاوی

ئەو پلە و پایەیە نەبن، بەڵام ئەگەر ئەو کەسانە بەتوانا و لێهاتوویی، شیاوی پلەی باڵاتر بن لەوەی هەن، حەق نییە ڕێگەیان لێبگیریت تەنها لەبەرئەوەی کوڕی مام جەلالن یان خزمی ئەون.

بێینەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەت، کە من گەڕامەوە سلێمانی و واشنتۆنم بەجێهێشت بۆ ئەوەی بچم بۆ چین و دەستبەکاربم. مام جەلال لێی پرسیم، وتی: «حەمە، بە بۆچوونی تۆ، کێ دابنێین لەجێگای تۆ لە ئەمریکا؟». منیش لەوەڵامدا وتم: «مامە گیان، من کاک قوباد پێشنیاز دەکەم بۆ شوێنەکەی من، لەبەرئەوەی کاک قوباد، شیاوی ئەو پۆستەیە و گەنجێکی لێهاتووە و زۆر بەتوانایە و زمانزانە و پەیوەندیی فراوانی هەیە لەگەڵ هەموو دامودەزگاکانی ئەمریکادا، لە هەموو بوارەکاند شارەزایی تەواوی پەیداکردووە لەسەر چۆنێتیی سیستمی ئەمریکا و ناسینی زۆربەی زۆری سیاسەتمەدارانی ئەمریکا، بۆیە باشترین کەسە بۆ ئەوەی لە ئەمریکا کاربکات و بچێتە شوێنەکەی من». مام جەلال بێدەنگ بوو و وەڵامی نەدامەوە. کاتی ئێوارەبوو، لە قەڵاچوالان بووین، مام چاوەڕێی پیتەر گال بریس و دکتۆر نەجمەدینی دەکرد بۆ نانی ئێوارە،

ئەوانیش هاتن و پاش نانخواردن، پرسیاری لێکردن و وتی: «بە بۆچوونی ئێوە، کێ دابنێین لە شوێنەکەی حەمە لە واشنتۆن؟». خواهەڵناگرێ، هەردووکیان یەکسەر وتیان: «کاک قوباد». پێشتریش بەگوێرەی زانیارییەکانی من، مام پرسیاری لە ئەمریکییەکان کردبوو چ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، چ ئەوانەی کۆشکی سپی و پێنتاگۆن، هەر هەموویان کاک قوبادیان پێباشبوو، بۆیە مام جەلالیش کاک قوبادی پەسەندکرد کە شوێنی من بگرێتەوە لە ئەمریکا پاش بوونم بە باڵیۆز.

نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەمریکا تا ئەو ئاستە سەنگی هەبوو کە جێگەی سەرنجی کاربەدەستانی ئەمریکا بێت و ئەوەندە چاویان لەسەر بێت تا بزانن کە کارەکتەرەکانیان چەند چالاکن؟

بەڵێ بەدڵنیاییەوە، نوێنەری حکومەتی هەرێم لای ئەمریکییەکان سەنگی زۆری هەبوو و گرنگی تەواویان پێدەدا، بەتایبەتی ئەو کاتانە کە پێش پرۆسەی ئازادیی عیراق بوو. پەیوەندییان لەگەڵ کورد زۆر بەگرنگ دەزانی و هەمیشە راوێژیان بە نوێنەری حکومەتی هەرێم

دەکرد و ئاڵوگۆڕی بیرورِا لە بابەت عیراق و رژێمەکەی سەدامەوە لەگەڵ ئەمریکییەکاندا بە بەردەوامی ئەنجام دەدرا و کوردیان بە ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەی عیراق دەزانی و ئەمریکییەکان هێزی سەرەکی (No fly zone.) بوون بۆ سەر هەرێمی کوردستان. نوێنەری حکومەتی هەرێم، لەوکاتەدا پەیوەندیی تووندوتۆڵی لەگەڵ کۆشکی سپی و وەزارەتــی دەرەوە و بەرگری و کۆنگرێس و سینات و هەموو دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بە پرۆسەی ئـازادیـیـەوە هـەبـوو، لەئاستێکی زۆر بـاڵادا نوێنەری حکومەتی هەرێم و ئێمەیان دەبینی و پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە رۆژانە بوو.

دەستپێکی کارت چۆن بوو لە چین؟

وەکو لەپێشەوە ئاماژەم پێکرد، هەموو مامەڵە و پێداویستییەکانم لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق لە بەغدا تـەواوکـرد. لە ١٠ی ئەیلولی ٢٠٠٤ خۆم و خێزانەکەم بەرِێکەوتین بـۆ ئـوردن – عـەمـمـان، چـووینـە هۆتێل کۆنتەنینتاڵا، باڵیۆزخانەی عیراق لە عەممان راسپێردرابوو کە بلیتی گەشتمان بۆ چین بۆ بکرِن، ئەوانیش بلیتی

فڕۆکەیان بۆ کڕین و ڕۆژی ١٣ی ئەیلولی ٢٠٠٤ بە هێڵی ئاسمانیی (گەڵف ئایەر) بەرەو چین بەڕێکەوتین و شەو درەنگ گەیشتینە بانکۆک و لە ترانزێت چەند کاژێرێک ماینەوە و پاش گۆڕینی فڕۆکەکەمان، بەڕێکەوتین بۆ پەکینی پایتەختی کۆماری چینی میللی. ڕۆژی ١٤ی ئەیلولی ٢٠٠٤، بەیانییەکەی دەوروبەری کاژێر ١١ی پێش نیوەڕۆ، گەیشتینە پەکین و لەو شوێنەی کە بۆ VIP تەرخانکرابوو، بەرپرسی فەرمانگەی مەراسیم لە وەزارەتی دەرەوەی چین و چەند یاوەرێکی لەگەڵ هەموو دیپلۆمات و کارمەندانی باڵیۆزخانەی عیراق لە پەکین لە دەرگای فڕۆکەکەوە وەریانگرتین و بردیانین بۆ هۆڵی VIP و لە هۆڵەکە جگە لە بەرپرسیی سەرەکیی پرۆتۆکۆڵ لە وەزارەتی دەرەوەی چین و یاوەرەکانی و دیپلۆماتەکانی باڵیۆزخانەی عیراق، هەموو باڵیۆزە عەرەبەکان کە لە پەکین کاردەکەن، هاتبوون بۆ پێشوازیمان، چونکە لە چین ئەنجومەنی باڵیۆزە عەرەبەکان هەبوو، هەر باڵیۆزێکی تازە لە وڵاتانی عەرەبی بهاتایە، هەموو باڵیۆزەکانی وڵاتانی عەرەب دەچوون بەپیریەوە بۆ پێشوازی لێکردنی. کە من گەیشتمە چین، ئەوکاتە

عەمیدی سلکی دیپلۆماسیی عەرەبی لە چین، محەمەد خەیرئەلوادی باڵیۆزی سوریا بوو، چونکە ئەو کۆنترین باڵیۆزی عەرەبی بوو لە چین. کاتێک باڵیۆزە تازەکە دەگات، بە وتارێک لە هۆڵی (VIP)، لەلایەن عەمیدی سلکی دیپلۆماسیی عەرەبییەوە بەخێرهاتن دەکرێت و ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی باڵیۆزە تازەکە بۆ سەرکەوتنی لە ئیشوکارەکانیدا لە چین، بۆیە باڵیۆز محەمەد خەیرئەلوادی، وتەیەکی زۆر بە سۆز و جوانی پێشکەشکرد. منیش هەروەکو کە باوە، لە وەڵامی وتـەی ئەو باڵیۆزە دەبێت وتەیەک پێشکەشی باڵیۆزە عەرەبەکان و ئامادەبووان بکەم. لەوتەکەمدا سوپاسی هاتنی هەموو باڵیۆزەکانم کرد، بەتایبەتی عەمیدی سلکی دیپلۆماسیی عەرەبی و وتەکەی و سەرۆکی پرۆتۆکۆڵی وەزارەتی دەرەوەی چین و هەموو ئامادەبووان. هەروەها لەوتەکەمدا باسی ئەوەمکرد کە من هاتوومەتە چین وەکو یەکەم باڵیۆزی عیراقی تـازە پاش رووخـانـی رژێمی سـەدام. رامگەیاند کە هەموو توانا و هەوڵێکی خۆم و باڵیۆزخانەکەم دەخەمەگەڕ بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان عیراق و چین بەگوێرەی بەرژەوەندیی هەردوو

وڵات و گەلی چین و گەلانی عیراق لەلایەک و لەلایەکی ترەوە هەموو هەوڵێکی خۆم دەدەم کە باشترین پەیوەندیم هەبێت لەگەڵ هەموو باڵیۆزەکانی وڵاتانی عـەرەب و چالاکانە کاربکەم لە کۆمەڵەی باڵیۆزەکانی عـەرەب لە چین، لەپێناو هێنانەدی ئامانجە هاوبەشەکانی وڵاتەکانمان و مەسەلەی فەڵەستین و مەسەلە هاوبەشەکانی ترماندا، سوپاسی دەربڕینی هاوکاریی باڵیۆزەکانی عەرەبم کرد و دڵنیامکردنەوە کە ئەندامێکی چالاکبم لە ئەنجومەنەکەیاندا. لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بەوە بکەم، هەرچیم لەوتەکەمدا وت بەرامبەر باڵیۆزە عەرەبەکان، بە زیادەوە جێبەجێمکرد و چالاکترینیان بووم و هەمیشە لە کۆمکاری عەرەبیدا باسی ئەوەیان دەکرد و رۆڵی باڵیۆزی عیراقیان بەرز دەنرخاند.

پاش ئەو وتار و پێشوازییە، خۆم و خێزانەکەم لەگەڵ هەموو ستافی باڵیۆزخانەدا بەرێکەوتین لە فڕۆکەخانەوە بۆ پەکین و چووینە هۆتێل.

١٤ی ئەیلولی ٢٠٠٤ بوو کە گەیشتمە پەکینی پایتەختی کۆماری چینی میللیی، ئـەو رۆژە لە پەکین کەشێکی باراناوی بوو، لە فڕۆکەخانە بەرپرسانی چینی هاتبوون

بەپیرمەوە لەگەڵ هەموو باڵیۆزە عەرەبەکان کە لە چین کاریاندەکرد و هەموو دیپلۆماتەکانی باڵیۆزخانەی عیراق. هەموو پێشوازییەکی زۆر گەرم و شایستەیان لێکردم و بەرەو ئەو هۆتێلە رۆیشتین کە باڵیۆزخانەی عیراق بۆی گرتبووم، چونکە ماڵی باڵیۆز لەناو باڵیۆزخانەدا بوو و کاربەڕێکەر (قائم اعمال)ی تیادابوو چۆڵی نەکردبوو، بۆیە چوومە هۆتێل لەگەڵ خێزانەکەم. بۆ رۆژی دواتر نووسراوەکانم پێشکەشی فەرمانگەی پڕۆتوکۆڵ کرد لە وەزارەتی دەرەوەی چین، خۆم وەک باڵیۆز چووم و دیپلۆماتێکیشم لەگەڵ خۆم برد و لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگەی پڕۆتۆکۆڵ سێ چارەک دانیشتین و وێنەیەک لە نووسراوەکانی پاڵپشتیم دانێ. ئەوەی شایانی باسە لە هەندێ وڵاتدا کە مەلەکین (پاشایەتین) تاوەکو مەلیک نووسراوی پاڵپشتیت لێوەرنەگرێت ناتوانی دەسەڵاتەکانت پیادە بکەیت وەک باڵیۆز،بەڵام چین یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە نووسراوی پاڵپشتیت دەگاتە دەست وەزیری دەرەوە، دەتوانیت لەدوای ئەوە کاری خۆت بکەیت وەک باڵیۆز.

بۆ رۆژی دووەم، کۆبوونەوەم لەگەڵ دیپلۆماتەکانی

باڵیۆزخانه کرد و راوبۆچوونی خۆم پێووتن لەبارەی چۆنێتیی ئیشوکار و ئەرکەکانیانەوە. ئەوانیش قسەی خۆیان کرد و رێوشوینی ئیشکردنمان دیاریکرد و گفتوگۆی تەواوم لەگەڵ کردن، بەرپرسی مەلەفەکانم دیاریکرد و هەریەکەیان کورتەیەک لە ئیشوکاری خۆیان خستەڕوو. له هەموو باڵوێزخانەیەک سێ جۆر ستاف هەیە، یەکێکیان دیپلۆماسی و دووەمیان کارگێڕی و سێیەمیان ناوخۆیی، کە ناوخۆییەکان زۆربەیان خەڵکی ئەو وڵاتەن.

چەند ساڵ لە چین مایتەوە؟

پێنج ساڵ و هەشت مانگ. لە ١٤ی ئەیلول گەیشتم، لە ١٥ی ئەیلول، وێنەیەک لە نووسراوەکانی پاڵپشتیم تەسلیمکرد و ٢٤ی ئەیلول لەگەڵ سەرۆک کۆماری چین کۆبوومەوە بۆ پێشکەشکردنی نووسراوەکانی پاڵپشتیم. بەپێی نەریت، خۆیان کات دادەنێن بۆ ئەوەی چەند لەگەڵ سەرۆک کۆمار دادەنیشیت، بۆ هەر باڵیۆزێک لە دە خولەک زیاتر دانانێن، بۆیە بۆ منیش هەر دە خولەکیان دانابوو .

مام جەلال، چینی زۆر خۆشدەویست، بۆیە پێش چوونم بۆ چین، خۆی ئەو خاڵانەی بۆ دیاریکردبووم کە لەگەڵ سەرۆکی چین باسیبکەم. کاتێک نووسراوی پاڵپشتیی پێشکەشدەکەیت، ئەو قسانەش دەبێت بەشێوەی وتن بووترێت نەوەکو نووسین، بۆیە منیش هەموو ڕێنماییەکانی مام جەلال و ئەو مەسەلانەی کە خۆم بەپێویستم دەزانی بۆ گەشەپێدان و توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عیراق و چین لەگەڵ سەرۆک کۆماری چین باسمکرد. سەرۆک کۆماریش پاش بەخێرهاتن و دەربڕینی پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ بەندە و هاوکاریی تەواوەتیم، باسی گرنگیی پەیوەندیی نێوان عیراق و چینی کرد. قسەکان درێژەیکێشا، ماوەکەم لەجیاتی دە خولەک بوو بە ٢٥ خولەک کە ئەمە بەدەگمەن ڕوودەدا لە چین، چونکە چینییەکان زۆر پابەندی کات و پرۆتۆکۆڵن.

ئەو قسانە چیبوون؟

ئەو قسانە بریتیبوون لە: یەکەم، جارێ سوپاسی دەرفەت ڕەخساندنی لێدەکەیت بۆ ئەو فرسەتی

چاوپێکەوتن و دانیشتنە. دووەم، سوپاسی سەرۆک کوماری عیراقی پێدەگەیەنیت. سێیەم، پاشان بەڵێنی ئەوە دەدەیت کە هەوڵی تەواو بدەیت بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لەبواری سیاسی و ئابووری و...هتد. چوارەمیان، داوای ئەوەی لێدەکەیت ڕێگەی ئیشکردنت بدات و هاوکارت بێت . مام جەلال، وتی: «پێی بڵێ من کۆنە ماوی بووم و سەرسامبووم بە ماوتسی تۆنگ و چینەوە». ئەوەشم پێڕاگەیاند و ئاماژەم بەوەشکرد کە چین و عیراق، خاوەنی دوو شارستانیەتی کۆن و عەریقن و خاوەنی داهێنانی نووسین و دانانی یاسا و باروت و کشتوکاڵ و دروستکردنی کاغەز و بۆسەلە (قیبلەنما) و...هتدن. هەروەها خاوەنی ڕووباری یانگستی و ڕووباری زەرد و دیجلە و فوراتن. هەروەکو وتم، کاتەکەم دە خولەک بوو، بەڵام ٢٥ خولەک مامەوە و گفتۆگۆم لەگەڵ سەرۆک کۆماری چین کرد. هەم سەرۆک کۆمار و هەم بەندەش زۆر لە دانیشتنەکە و گفتۆگۆ و بەڵێنەکانی سەرۆک کۆمار ڕازیبووم، ئەو دانیشتنەم لەگەڵ سەرۆک کۆمار زۆر بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا و سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی

توندوتۆڵ لەگەڵ چینییەکاندا.

پێش چوونم بۆ چین، من وامدەزانی چین وەک کۆریای باکوور وایە. من زۆربەی وڵاتانی سۆشیالیستیی گەڕاوم، وەک بیروباوەڕ و فەلسەفە و ئایدیا نا کە تائێستاش لەناخمدا جێگیرن، بەڵام لەکاتی سەردانم بۆ ئەو وڵاتانە، ئەو سیستمە سۆشیالیستییەی کە هەبوو لەبەرچاومکەوت. نایشارمەوە وەک لایەنی کرداری، نە ئازادیی هەبوو، نە ئازادیی رادەڕبرین لەئارادابوو، نە ئەو سیستمە سۆشیالیستییەی کە خەومان پێوەدەبینی بوونی هەبوو، زۆر شتی سلبیتر کە لێرەدا ماوەی باسکردنی نییە. بۆیە وامدەزانی کە چینیش وایە، بەس تووشی شۆکبووم کە ئەو پێشکەوتنەی چینم بە چاوی خۆم دی، من زۆر کاریگەر و سەرسامبووم بە چین، بە گەل و شارستانیەت و بە سیستمەکەی. یەکێک لەو هۆیانەی کە چینییەکان عیراقیان زۆر خۆش دەوێت، ئەوەیە کە عیراق خاوەنی داهێنانە و یەکێکە لە کۆنترین شارستانییەتەکانی دونیا، هەروەکو چینییەکان خۆیان کە خاوەن یەکێک لە شارستانییەتە هەرە کۆنەکانی جیهانە.

لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا، وەک باڵیۆزی عیراق ڕۆڵت هەبووە لە پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەڕووی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەوە؟ هیچ هەنگاوێکت ناوە بە ئاڕاستەی ناساندنی کورد، ئایا ئەم پۆستەی جەنابتان چی کاریگەری و گرنگییەکی هەبووە بۆ کورد؟

یەکەمجار پەیوەندیم بە حیزبی شیوعیی چینەوە کرد، چونکە ئەوان فەرمانڕەوای راستەقینەی وڵاتن. پێش منیش د.کەمال فوئاد بە چەند مانگێک گەشتی چینی کردبوو، ئەوانەی بینیبوونی ناوەکانیانم لێ وەرگرتبوو. نەریتی چینییەکان وایە ئەو کەسانەی لەبواری دیپلۆماسیەت و لایەنە رۆشنبیرییەکان کاردەکەن دوو ناویان هەیە، ئەگەر لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی کاربکەن، ناوی عەرەبی لەخۆیان دەنێن و ئەگەر لەگەڵ ئینگلیز کاربکەن، ئەوا ناوی ئینگلیزی لەخۆیان دەنێن، بۆیە ئەو کەسەی سەرۆکی فەرمانگەی کاروباری دەرەوەی لیژنەی مەرکەزیی پارتی کۆمۆنیستی چینی بوو، ناوی بەڕێز تۆفیق بوو کە ئێستا لەژیاندا ماوە و دواتر بوو بە باڵیۆز لە یەمەن و خانەنشین بوو. زۆر هاوڕێمە، لە باڵیۆزخانەوە تەلەفۆنمان بۆ کرد و خۆی هات

بۆ لام. وردەوردە پەیوەندیم لەگەڵ حیزبی شیوعی زۆر بەهێزکرد و ئەم سەرکەوتنەم دەگەڕێتەوە بە پلەی یەکەم بۆ دوو هۆکار. یەکێکیان، دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندیی عیراق و چینییەکان دەیانەوێت پەیوەندییان بەهێزبێت لەگەڵ عیراقدا. دووەمیشیان، پێش ئەوەی مام جەلال ببێت بە سەرۆک کۆماری عیراق، لە ساڵی ١٩٥٥ چووبووە چین و سەرسامبووە بە چین، لەوکاتەوە دۆستایەتیی پەیداکردووە لەگەڵ چینییەکاندا، بۆیە چینییەکان مام جەلالیان بەدۆستی خۆیان دەزانی.

من خۆشم زۆر بزێوبووم، چین و پێشکەوتنەکانی زۆر سەرنجیان راکیشام، بۆیە هەموو هەوڵێکی خۆم دا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵیاندا. لەسەر ئاستی کەسیی و خێزانییش، پەیوەندییەکی توندوتۆڵم لەگەڵ زۆربەی زۆری بەرپرسەکانی چیندا دروستکرد. توانیم لەماوەیەکی کەمدا خۆم بناسێنم بە هەموو دامودەزگاکانی وڵات. وامکردبوو هەموو ساڵێک دوو شاندی یەکێتی بانگهێشتی چین بکەن. یەکەمیان، شاندی کادێرانی تایبەت و پێشکەوتووی یەکێتی بوون لەبوارەکانی راگەیاندن و رێکخستن و...هتد. شاندی دووەم، لەسەر ئاستی سیاسیی

باڵا و مەکتەبی سیاسی بوو. بەبۆچوونی من، بۆ یەکێتی و کورد گرنگە کە پەیوەندیی لەگەڵ چیندا بەهێزبێت.

تا من لەوێبووم، چینییەکان بودجەی ساڵانەیان بۆ هاتنی ئەو دوو شاندەی یەکێتی تەرخاندەکرد و تەواوی خەرجیی شاندی کادێرانی یەکێتی، هەر لە بلیت و مانەوە و سەردانی شوێنەکان و شارەکانی چین لەئەستۆی چینییەکان خۆیاندا بوو. ماوەی مانەوەی شاندی کادێران دوو هەفتە بوو، زۆر بەگرنگییەوە سەیریان دەکرد و گرنگییان پێدەدان. هەروەها بۆ شاندە سیاسییەکەش لە هەفتەیەک تا دە رۆژ بوو، لەسەر ئاستیی باڵای حکومی و حیزبییش دەیانبینین و گرنگیی تەواویان پێدەدان.

ئەمە جگەلەوەی بۆ هەموو رووداوێکی عیراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کورد، راوبۆچوونی منیان وەردەگرت و هەندێجاریش لەسەر هەندێ بابەت کۆڕیان بۆ سازدەکردم و بەرپرسانی خۆیان بۆ کۆڕەکە بانگهێشتدەکرد. جگە لە چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو دامودەزگا گرنگەکانی راگەیاندن و کەناڵە گرنگەکانی تەلەفزیۆن و رۆژنامە گرنگەکان و گۆڤارەکانیان و....هتد.

هیچ ئاشنابوون بە کێشەی کورد؟

بەڵێ زۆریش ئاشنابوون و ئاشنان، بۆ منیش جگەلەوەی وەکو باڵیۆزی عیراق پێگەیەکی تایبەتیم هەبوو لای چینییەکان، بەگشتیی لە چین باڵیۆز وەک سەرۆک دەوڵەت مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن، بۆیە حسابێکی تایبەتیان بۆ دەکردم و جگە لە پۆستەکەم وەکو شارەزا حسابیان بۆ من دەکرد. هەرشتێک پەیوەندیی بە عیراق و کورد و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بووبێت، بە منیان دەووت و پرسیان پێدەکردم و ئاڵوگۆڕی بیروڕامان بەیەکەوە دەکرد.

ئەی سەبارەت بە راگەیاندنەکان، هیچ باسی کێشەی کورد دەکرا؟

هەڵوێستی چینییەکان هەروەکو وڵاتە ئەوروپی و زلهێزەکانی جیهانە لەسەر مەسەلەی کورد، چونکە لە چین کێشەی کەمایەتییەکانیان هەیە. نەتەوەی سەرەکییان، نەتەوەی هانە و لەسەدا ٩٣ی گەلی چین پێکدێنن. ئەو لەسەدا حەوتەش بۆ ٥٥ کەمەنەتەوەی تر دەمێنێتەوە و دابەشبوون بەسەر چەندین ناوچەی جیاوازی چیندا.

بەشێکیان بوون بە کێشە بۆ چین، وەک شینجانییەکان کە خۆیان بە تورک دەزانن و دوو جولانەوەیان هەیە. یەکەم، تورکمانستانی شەرقی. دووەم، تورکستانی شەرقی. ئەوان لای چینییەکان دوو رێکخراوی تیرۆرستین و حوکمی زاتی واتا ئۆتۆنۆمییان هەیە. لە چین پێنج ناوچە هەیە کە حکومی زاتییان هەیە، یەکێک لەوانە شینجانییەکانن کە بە ئیگۆرەکان ناو دەبرێن، موسڵمانن و ژمارەیان نزیکەی ١٨ ملیۆن کەس دەبن. لەوانی تر کە خاوەنی ئۆتۆنۆمیی خۆیانن، تبتییەکانن. ئەم تبتیانە خۆیان بە چینیی نازانن و سەرۆکە رۆحییەکەیان (دەلای لاما)یە و ئێستا لە هیندستان نیشتەجێبووە. لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە چین دژی جیابوونەوە و جیابوونەوەخوازین لەجیهاندا بە کوردیشەوە. بۆیە لە سیاسەتی دەرەوەی چیندا، گرنگیی بە کێشەی کەمەنەتەوەییەکان لەجیهاندا نادەن، چونکە خۆیان ئەو کێشەیەیان هەیە. بێگومان دەیانزانی کە من کوردم و رێزێکی زۆریان لێدەگرتم و مەسەلەی کورد بە رەوا دەبینن و لەگەڵ چارەسەری تەواوی مەسەلەی کوردن، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە بەسەریاندا دابەشکراون. من خۆیشم لای هەموو دەسەڵاتدارانی

چین و دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکانیان، هەروەها کۆمەڵگای مەدەنییان و لە هەموو جێگەیەکی تریش باسی کورد و مەسەلە رەواکەیم بۆ کردوون و رامگەیاندووە کە شانازیی دەکەم کە من کوردم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا باڵیۆزی هەموو گەلانی عیراقم بێ جیاوازی و نوێنەر و باڵیۆزی دەوڵەتی عیراقم لە چین.

دوای ئەو پێنج ساڵ و نیوە، رێڕەوی کارکردنت بەرەو کوێ بوو و لەکوێی تر بوویت بە باڵیۆز؟

پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵامی ئەو پرسیارە، حەزدەکەم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە من چانسێکی گەورەم هەبوو لەکاتێکدا کە باڵیۆز بووم لە چین، چونکە سێ رووداوی مەزن و مێژوویی روویاندا لەماوەی ئیشکردنم لە چین.

یەکەمیان: بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی دروستبوونی پەیوەندیی دیپلۆماسیی عیراق و چین لە ساڵی ١٩٥٨ەوە، سەرۆک کۆماری عیراق بە فەرمیی سەردانی چین بکات. ئەم سەردانە مێژووییە گرنگە، لە (٢١ی حوزەیرانی ٢٠٠٧) تاوەکو (٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٧) بوو. دیارە وەکو

وتم، پەیوەندیی دیپلۆماسیی چین و عیراق دەگەڕێتەوە بۆ پاش شۆڕشی چواردەی تەمموز لە ساڵی ١٩٥٨، لەو بەروارەوە هیچ سەرۆکێکی عیراق نەچووە بۆ چین و بەپێچەوانەشەوە. هەرچەندە لە سەردەمی بەعسدا پەیوەندییان باشیش بووە لەڕووی بازرگانیی چەک و نەوتەوە. چین، نۆ ملیار و شتێک قەرزی لای عیراق بوو و ئەندامی یانەی پاریسیش نەبوو، چونکە هەر وڵاتێک قەرزی لای عیراق بووایە و ئەندامی یانەی پاریس بووایە، لەدوای پرۆسەی ئازادیی عیراق و رووخاندنی رژێمی سەدام، بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش، ئەو دەوڵەتانە دەبوایە لەسەدا ٨٠ی قەرزەکانیان لە عیراق خۆش بن. چین ئەندام نەبوو لە یانەی پاریس، بەڵام بەهۆی کاریزمای مام جەلال و ئەو پەیوەندییە کۆنەی هەیبووە لەگەڵ چینییەکان، توانیی چینییەکان رازی بکات لە حەوت ملیار دۆلار زیاتری لەو قەرزەی سەر عیراق بوو، خۆش بن. ئەمە سەرکەوتنێک و دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ مام جەلال وەک سەرۆک کۆماری عیراق و هەروەها بۆ منیش وەک باڵیۆزی عیراق لە چین. هەروەها لێکگەیشتنێک ئیمزاکرا لەنێوان شاندی عیراقی

و چینیدا، هەر لەو لێککەیشتنەدا کێڵگەیەکی نـەوت کە پێشتر درابوو بە چینییەکان و جێبەجێکردنی راگیرابوو لە پارێزگای کوت بەناوی ئەحدەب، بەگوێرەی ئەو یاداشتی لەیەکگەیشتنە بڕیار درا بدرێتەوە بە چینییەکان پاش گۆڕینی رێککەوتنەکە و گفتوگۆکردن لەسەری.

دووەمـیـان: یـادی پـەنـجا سـاڵـەی دروسـتـبـوونـی پەیوەندیی دیپلۆماسیی نێوان عیراق و چین بوو کە لای چینییەکان و عیراقیش بە رووداوێکی مێژوویی دادەنرا و یادکردنەوەیشی زۆر گرنگ بوو بۆ هەردوولا، بەتایبەتی یادی ٥٠ ساڵە (یوبیلی زێڕین). ئەویش لە سەردەمی مندا بوو کە ئاهەنگێکی گـەورەی بۆ سازکرا، چەندین مانگ پێشتر ئامادەکاریی تەواوی بۆ کرابوو لەنێوان وەزارەتی دەرەوەی عیراق و چیندا. بەشێکی زۆر لە لێپرسراوانی چین، لەسەروو هەموویانەوە سەرۆکی پەرلەمانی چین و وەزیرەکان و باڵیۆزانی وڵاتان ئامادەیبوون، لەگەڵ هاتن و ئامادەبوونی شاندێکی باڵای عیراق لەو بۆنەیەدا. بۆ یەکەمجار بوو ئاوا بە بەرفراوانیی ئەو یادە بکرێتەوە و گرنگیی تەواوی لە هەردوو وڵاتەوە پێبدرێت. بەندە، رۆڵی گەورەم لە ئامادەکردن و ئەنجامدانی ئەو یادەدا بینی،

واتا شەرەفی ڕێکخستن و ئەنجامدانی ئەو یادەم هەیە و زۆر سەرکەتووبوو. نامەی سوپاس و پێزانینم هەم لای چینییەکانەوە بۆ هات و هەم لەلایەن کاک هۆشیار زێباریی وەزیری دەرەوەی عیراقەوە پێگەیشت.

سێیەمیان: یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی پەکینی ٢٠٠٨ بوو، کە ڕووداوێکی گرنگ بوو بە لای چینییەکان و هەموو جیهانیشەوە و بە دەیان سەرۆک لە سەرۆکە بەناوبانگەکانی جیهان ئامادەی مەراسیمی ئەو ڕووداوە مێژووییە بوون. بڕیاربوو مام جەلالیش بەشداربێت و هەموو ئامادەکارییەک بۆ خۆی و شاندی یاوەری کرابوو، بەڵام زۆر بەداخەوە، لەدواساتدا گەشتەکەی هەڵوەشاندەوە بەهۆی سەردانێکی کوتوپڕییەوە بۆ ئەمریکا.

ڕووداوێکی تر کە بەشداریمکرد، یادی شەست ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی چین و دامەزراندنی کۆماری چینی میللیی بوو لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٩دا بە سەرکردایەتی ماوتسی تۆنگ. بۆ ئەم یادە، ئامادەکاریی تەواوی لە سەرتاسەری چیندا بۆ کرابوو. سیرمۆنی سەرەکی، لە مەیدانی تیان نامین بوو لە پەکین،

کە بەندەش بەشداربووم لەو بۆنە گرنگەدا لە مێژووی کۆماری چینی میللیدا. ئەم بۆنەیە، بۆ گەلی چین زۆر پیرۆزە، بەتایبەت یادی ٦٠ ساڵەی دروستبوونی کۆماری چین. بۆیە زۆر گرنگییان پێدا و بۆ ماوەی یەک هەفتە لە سەرتاسەری چین خەریکی ئاهەنگگێڕان بوون. ئەم سێ رووداوە، یان باشترە بڵێین ئەم چوار رووداوە، لە ماوەی کارکردنم لە چین زۆر گرنگ و دەگمەن بوون. ئەمە جگە لە بۆنەیەکی تری گرنگ کە لە کۆتایی کارکردنم بوو لە چین، وەکو دەڵێن (ختامها مسک)، ئەویش بەشداریی لە کردنەوەی (شەنگەهای ئیکسپۆ) بوو، کە لە سەرەتای مانگی ئایاری ٢٠١٠وە دەستیپێکرد و لە ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا کۆتاییهات. ئەم پێشانگایە لە شاری شەنگەهای بوو، هیچی وای کەمتر نەبوو لە ئۆلۆمپیادی پەکین و زیاتر لە دووسەد دەوڵەت بەشدارییان تیاکردبوو و لەوانەش عیراق. چینییەکان ماوەیەکی دوورودرێژ خەریکی خۆئامادەکردن بوون و وەزارەتی دەرەوەی چین بە فڕۆکەیەکی تایبەتی، هەموو باڵیۆزە دیارەکانی گواستەوە بۆ شەنگەهای لە ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠دا، واتا یەک دوو رۆژ پێش گەڕانەوەم بۆ عیراق و شەرەفی

بەشداریم لە کردنەوەی شەنگەهای ئیکسپۆشم پێبڕا.

پێنج ساڵ و نیو لە چین مایتەوە، ئایا فێری زمانەکەیان بوویت؟

زۆرکەم، خەتای خۆم بوو. بەس خێزانەکەم باشتربوو. زۆر سەرقاڵبووم و زمانی چینی قورسە و تەمەنیش کاریگەریی خۆی هەیە، بەڵام هەندێ وشە و رستە فێربووم. من زۆر وڵات چووم، بەس زۆرترین هاوڕێم لە چینە و برادەرییم لەگەڵ هەموو ئەو باڵیۆزانەی چین کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریانکردووە پەیداکردووە و تائێستاش پەیوەندیی تووندوتۆڵم لەگەڵیان هەیە.

لە پەکینەوە بۆ جنێف

دوای ئەو ماوەیە باڵیۆزییەکەت بۆ کوێ گواسترایەوە؟

خۆی دەبێت چوار بۆ پێنج ساڵ باڵیۆز بیت لە یەکێک لە وڵاتانی جیهان و دوایی دەبێت دوو ساڵ بچیتەوە بۆ ناوەندی وەزارەتی دەرەوە و پاشان جارێکی تر دەگوازرێیتەوە بۆ وڵاتێکی تر. لە ٧ی ئایاری ٢٠١٠

گەڕامەوە بەغدا و پەیوەندیم کردەوە بە وەزارەتی دەرەوەی عیراق. لەناو وەزارەت کۆمەڵێ فەرمانگە هەیە، وەکو ئاسیا و ئەورووپا و دراوسێ و عەرەبی و ... هتد. من فەرمانگەی ئاسیام هەڵبژارد و حەزم لێ بوو، چونکە لە چین ئیشمکردبوو و سەرسامبووم بە چین لەو ماوەیەشدا سەردانی کۆمەڵێ لە وڵاتانی ئاسیام کرد بوو. پاشان لە ٢٠١٣ کرام بە باڵیۆزی عیراق لە جنێف، وەک نوێنەری هەمیشەیی عیراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان نووسینگەی جنێف. ئەوەی جێی ئاماژەیە، نەتەوە یەکگرتووەکان دوو ناوەندی سەرەکییان هەیە کە لە نیویۆرک و جنێفە. لەسەر داوای خۆم نەبوو، بەڵام بوون بە نوێنەری هەمیشەیی عیراق لە جنێف، پۆستێکی گرنگە. ئەو پۆستە نادەنە هەموو کەسێک، تەنها ئەو کەس و باڵیۆزانە دەنێرن کە لێیان رادەبینن و کەسایەتییەکی بەهێزیان هەیە و سەرکەوتووبوون لە ئیشوکاری پێشوویاندا و زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی بەباشی دەزانن.

ئیشکردن لە جنێف ئاسانتربوو یان لە چین؟

لە چین ئاسانتربوو، چونکە پەیوەندیی نێوان دوو وڵات

بوو، بەڵام لە جنێف پەیوەندییەکان زیاتر بوون، لەنێوان چەندین وڵاتدا بوو. لە جنێف ٢٩ ڕێکخراو و ١٨ ئاژانسی نێودەودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێیە. بەردەوام لەکۆبوونەوەدایت و زۆر ماندوودەبووین، چونکە کۆمەڵەی مافی مرۆڤی لێیە لەساڵێکدا سێ خولیان هەیە، هەر خولێک مانگێکە، لە بەیانیی کاژێر حەوتەوە دەڕۆیت تا حەوتی ئێوارە. سەنتەری بازرگانیی نێودەوڵەتیی لێیە، ڕێکخراوی HCR واتا ڕێکخراوی پەنابەرانی جیهانی لێیە کە من لەوێبووم، ئەنتۆنیۆ گۆتەریز کە ئێستا سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانە، لە نیویۆرک سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە بوو. وەکو وتم، ٤٨ ڕێکخراو و ئاژانسی لێیە. ئەمە جگەلەوەی شاندە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق کە لە هەموو وەزارەتەکان و دامودەزگا جۆربەجۆرەکانییەوە دەهاتن بۆ جنێف. دەتوانم بڵێم ڕۆژ نەبوو شاندێکی عیراقی سەردانی جنێف نەکات.

من کە چووم، کۆنگرەی داماڵینی چەک دەستیپێکردبوو کە ٦٥ وڵات ئەندامن تێیدا بەعیراقیشەوە. ئەوکاتە من چووم، مانگی شەش بوو، نۆرەی عیراق بوو ببێت بە سەرۆکی کۆنگرەی داماڵینی چەک. هەریەکێک لەو

وڵاتانەی مافی ڤیتۆیان هەیە، ١٧ ساڵ بوو نەگەیشتبوونە بڕیاریک، هۆکارەکەی پاکستان بوو، چونکە پاکستان دژی وەستاندنی بەرهەمهێنانی کڵاوەی ئەتۆمی و پیتاندن و بەرهەمهێنانی کەرەستەی دروستکرنی ئەو کڵاوە ئەتۆمییانە و چەکی ئەتۆمی بوون. ئەوان وایدادەنێن کە لەو بوارەدا زۆر لەدوای هیندستانەوەن و ئەم مەسەلەیە زۆر بە گرنگ دادەنێن و قابیلی قبوڵ نییە بۆیان، بە ئاسایشی نیشتمانیی خۆیانی لەقەڵەمدەدەن و سازشی لەسەر ناکەن. واتا بۆتە کێبڕکێی هیند و پاکستان لەسەر ئەو مەسەلەیە. بە بۆچوونی ئەوان مەخزونی ئەو مادە ئەتۆمییانەی هیند هەیەتی زۆر زۆر زیاترە لە پاکستان، بۆیە بە ناهاوسەنگییان دەزانی و ڤیتۆی خۆیان بەکاردەهێنا و نەدەگەیشتنە ئەنجام.

ئەوکاتەی بووم بە سەرۆکی ئەو کۆنفرانسە، بەجیا لەگەڵ هەموو باڵیۆزەکانی ئەو ٦٥ وڵاتەی کە ئەندامن لەو کۆنفرانسەدا دانیشتم و پێش ئەوە دەبێت بەرنامەی خۆت پێشکەش بکەیت. لەوکاتەدا زۆر شارەزاش نەبووم سەبارەت بەو کۆنفرانسە و ئیشوکارەکانی، بەڵام هەوڵمدا پێش دەستپێکی کۆنفرانسەکە شارەزایی تەواو

پەیدابکەم لەو بوارەدا و بەتەواوی لە کێشەکانی بگەم. پێش من، سەرۆکایەتی ئەو کۆنفرانسە، لای ئێران بوو، هیچ سەرکەوتنێکیان بەدینەهێنابوو. پێیانووتم، هەوڵی خۆت بدە و توانای دیپلۆماسیی خۆت تاقیبکەرەوە. منیش هەوڵی تەواوەتی خۆم دا و زۆر کارم بۆ کرد. دەقێکمان دارشت، وامانداناا بەشێوەیەک بێت کە هەموو لایەک رازی بکەین و هەر دەوڵەتە بەگوێرەی بەرژەوەندیی و بۆچوونی خۆی تەفسیری بکات. چوومە لای باڵیۆزی پاکستان، لەو ماوە کورتەدا کە لە جنێف بووم زۆر بووبوو بە برادەرم،پیاوێکی زۆر بەتوانا بوو. یەکەمجار چوومە لای ئەو، بەرنامە و دەقەکەم نیشاندا. وتی: «پێدەچێت بەم بەرنامەیە رازی بین، بەڵام دەبێت بینێرمەوە بۆ وڵاتەکەم و رەزامەندییان وەرگرم». دوای پاکستان چووم ئەمریکییەکانم بینی و دەق و بەرنامەکەم داپێیان و ئەوانیش پێیان باش بوو، وتیان: «دەینێرینەوە بۆ واشنتۆن بۆ وەرگرتنی رەزامەندییان». پاشان ناردبوویان بۆ واشنتۆن و لەوێ وشەیەکیان گۆڕیبوو بە وشەیەکی تر ماناکەی زۆر نەدەگۆڕی، بەڵام کە چوومەوە جارێکی تر پیشانی باڵیۆزی پاکستانم

دایەوە بەو داڕشتنە نوێیەی کە ئەمریکییەکان گۆڕینێکی بچووکیان تیا کردبوو لە رستەیەکدا. باڵیۆزەکە وتی: «گۆڕیوتە». منیش وتم: «هەمان مانای هەیە». وتی: «لای من وانییە و ناردیانەوە بۆ وڵاتەکەیان تا رای خۆیان بدەن.»، بەڵام ئەوان درەنگ بڕیاریان دەدا. لە هەمان کاتدا بە کاک هۆشیار زێباریم وت کە وەزیرمان بوو، نامەیەک بۆ وەزیری دەرەوەیان بنووسێت. هەروەها باڵیۆزیان لە بەغدا هاوڕێم بوو، ناوی جەمال شاوەیس بوو، بەویشم وت، ئەویش وتی: «هەوڵی خۆم دەدەم». کاک هۆشیاریش نامەی بۆ راوێژکاری سەرۆکی پاکستان و وەزیری دەرەوەیان نووسی و داوای یارمەتی و رەزامەندیی وڵاتەکەیانی لێکرد سەبارەت بەو پڕۆژەیەی کە عیراق پێشکەشی کۆنفراسەکەی کردبوو. بەو هەموو هەوڵەی دام لەگەڵ هەموو باڵیۆزەکانی ئەو ٦٥ دەوڵەتە، لەوانە ٦٤یان رەزامەندبوون بە بەرنامە و ئەو دەقەی کە نووسیبووم بۆ بڕیار وەرگرتن لەسەری، بەڵام پاکستان مابوو کە رەزامەندیی بدەن. بە باڵیۆزەکەیانم راگەیاند، ئەگەر رازی نەبن، لە دانیشتنی کۆتایی کۆنفرانسەکەدا کە بۆ بڕیار وەرگرتن تەرخاندەکرێت، دەقی بڕیارەکە

دەخەمە دەنگدانەوە و ئێوە دەنگ بدەن بە نەخێر، دەڵێم ٦٤ وڵات رازییە تەنها پاکستان نەبێت و سەرنەکەوتنی بڕیارەکە و کۆنفرانسەکە دەخەمە ئەستۆی ئێوە. باڵیۆزەکە ئەمەی پێ خۆش نەبوو، قورس بوو کە بڵێین ٦٤ دەوڵەت رازاییبووە تەنها پاکستان نەبێت و بکەوێتە ناو دیۆکۆمێنتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بۆیە ئەمە لە شانیان قورس بوو. پێی وتم: «تکام وایە پەلەمان لێ نەکەن». ئەوکات بەڕێوەبەری نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێف، قاسم تۆکایف بوو، پیاوێکی باش بوو، پێشنیاری کرد دەقی بڕیارەکە بگۆڕم، لەجیاتی فەرمی بۆ نافەرمی. دیسانەوە هەموو باڵیۆزەکانم بینییەوە، ئەم دەقە تازەیەم خستەوە بەردەمی هەر ٦٥ دەوڵەتەکە و پاش گفتوگۆیەکی دووردودرێژ و سەخت و گۆڕانکاریی تیایدا، توانیم هەموویان رازی بکەم بە دەقە تازەکە بەپاکستانیشەوە.

رۆژی پێش دەنگدانەکە، لە بەڵێنی ئێرانییەکان دڵنیانەبووم و چوومە لایان و وتیان: «هەندێ تێبینیی بچووکمان هەیە». وتم: «کێشە نییە، تێبینییەکانتان بە گرنگ لەبەرچاو دەگرم». وتیان: «باشە، ئێمەش پشتگیر

دەبین و دەنگ دەدەین بۆ بڕیارەکە». دەمزانی ئێرانییەکان زۆر زەحمەتن و رەنگە پەشیمانبنەوە، چونکە ئەوان پێش عیراق سەرۆکی کۆنگرەکە بوون و هیچیان بە هیچ نەکردبوو، چۆن عیراق سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. بۆ بەیانیی رۆژی دەنگدانەکە، کاژێر یەکی پاش نیوەڕۆ بوو، بەیانییەکەی ئاگاداریان کردم کە ئێران پەشیمانبۆتەوە هەروەکو پێشبینیم دەکرد. یەکسەر بە دیپلۆماتەکانی خۆمم وت بابڕۆین بۆ باڵیۆزخانەی ئێران. وتیان: «باڵیۆز لێرە نییە». وتم: «کێشە نییە لەگەڵ کەسی دووەم دادەنیشم». چووم، سەردانی ئێرانییەکانم کرد و زۆرم لەگەڵ وتن کە ئەمە بۆ پەیوەندییەکانمان زۆر خراپە و کاریگەریی سلبیی زۆر دەبێت، ئەمە دەبێت بەهۆی پچڕانی پەیوەندیمان و گلەیی زۆرم لێکردن. وتم: «دانیشتنەکە دەکەم، ئێوە رەتیبکەنەوە و دەڵێم ٦٤ دەوڵەت رازیبووە تەنها ئێران نەبێت، لەکاتێکدا دراوسێمانە و پەیوەندیی تووندوتۆڵمان بەیەکەوە هەیە». پاش بگرەوبەردەیەکی زۆر، وتیان: «ئەم خاڵە بگۆڕن». وتم: «باشە هەوڵدەدەم و ئەگەر گۆڕیم پەشیمان نابنەوە و رازی دەبن بەم داڕشتنە تازەیە». وتیان: «بەڵێ رازیی دەبین». وتم: «ئەگەرچی کاتی ئەوە

نەماوە بتوانم ڕەزامەندیی هەموو دەوڵەتەکان وەرگرمەوە لـەسـەری، بـەڵام هـەوڵـدەدەم». کـە چـوومـەوە گۆڕیم، پێش دەستپێکردنی دانیشتنی بڕیاردان، گەیشتمە هۆڵی کۆنفرانسەکە بۆ ئەوەی دانیشتن دەستپێبکەم. ئاگاداریان کردم کە میسر پەشیمانبۆتەوە لە ڕەزامەندبوون لەسەری. وتم: «باڵیۆزەکەیانم بۆ بانگبکەن». باڵیۆزەکەیان هات، ناوی خاتوو وەفا بوو، گلەیم لێکردن. پێمووت: «چۆن دەبـێـت ئـێـوەی میسر کـە دۆسـتـی عیراقن و وڵاتێکی عـەرەبـیـن و ئـەنـدامـی کـۆمـەڵـەی وڵاتـانـی عـەرەبـیـن، پەشیمانبنەوە. ئەم هەڵوێستەتان کاریگەریی سلبیی زۆر زۆری دەبێت بۆ پەیوەندیی نێوانمان». باڵیۆزەکەیان وتی: «حکومەتی تازەمان پێکهێناوە و کاتی ئەوە نەبووە کە ڕەزامەندیی حکومەتە نوێیەکەمان وەرگـرم». وتم: «ئەمە قابیلی قبوڵ نییە بۆ ئێمە و هەر ئێستا تەلەفۆن بکە بۆ وەزیری دەرەوەتان و پێی بڵێ ئەگەر ڕازی نەبن، ئەوا عیراق دانیشتنی کۆتایی کۆنفرانسەکە دەکاتەوە و لەناو کۆنفرانس داوای دەنگدانیان لێ دەکەم و ئێوەش دەنگبدەن بە نەخێر، دەڵێم ٦٤ وڵات ڕازییە تەنها میسر نەبێت و سەرنەکەوتنی کۆنفرانسەکە دەخەمە ئەستۆی

ئێوه». وتی: «١٥ خولەک کاتم بەرێ بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ وەزیری دەرەوە بکەم و رازی بکەم». منیش دانیشتنەکەم بۆ ماوەی ١٥ خولەک دواخست و باڵیۆز چوو قسەی لەگەڵ وەزیرەکەی کرد و رازی بوون بە بڕیارەکە. دانیشتنەکەم کردەوە و دەقی بڕیارەکەم خوێندنەوە و داوای بڕیاردانم کرد لەسەری، بەشێک لە باڵیۆزەکان مۆڵەتی قسەیان وەرگرت و زۆر مەدحی بەندە و عیراقیان کرد و پاشان خرایە دەنگدانەوە و بە کۆی دەنگی هەر ٦٥ ئەندامەکە، بڕیارەکە پەسەندکرا و بەمەش عیراق و بەندەش سەرکەوتنێکی مەزنمان بەدەستهێنا. ئیتر بەو شێوەیە ئەو سەرکەوتنەمان بەدەستهێنا کە کار و ماندوبوونێکی زۆری ویست تا ئەو بڕیارە وەرگیرا، بەمەش عیراق دوای ١٧ ساڵی کۆبوونەوەکانی کۆنفرانسی داماڵینی چەکی ئەتۆمی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم سەرکەوتنە مەزنەی بەدەستهێنا لەسەر دەستی بەندە و هەموو باڵیۆزەکانی ئەندامی ئەو کۆنفرانسە نامەی سوپاس و پێزانینیان بۆ من و عیراق نارد.

جنێف، دواوێستگەی کاری دیپلۆماسیت بوو؟

بەڵێ لەدوای جنێف، خانەنشین بووم.

ئێستا کەوا خانەشینیت، دەمەوێ لەبارەی چەند شتێکی تایبەتەوە قسەم بۆ بکەیت، چۆن مام جەلال هەڵدەسەنگێنی، چۆن لە کەسێتیی دەڕوانیت؟

زۆر زەحمەتە من بتوانم هەڵیبسەنگێنم، چونکە من خۆم بە قوتابیی ئەو دەزانم و هەرگیز لەو ئاستەدا خۆم نابینم کە ئەو پیاوە مەزنە هەڵبسەنگێنم. خەڵکم زۆر دیوە لە دەرەوە، کەسم وەک مام نەدیوە لەڕووی رۆشنبیرییەوە. من خۆم دکتۆراکەم لە فیزیای ئەتۆمە، ناڵێم لە لوتکەدام لەئاستی زانستی ئەتۆمی و زانستە سروشتییەکانی تردا، بەڵام لەو بوارەدا خۆم لە ئاستێکی باڵادا دەبینم و لە زۆر بواری تریشدا شارەزاییم زۆرە، بەڵام مام جەلال لە هەموو بوارەکانی زانستی سروشتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و مێژوویی و .... هتد، شارەزایی زۆر زۆری هەبوو و لەزۆریاندا لە لووتکەدا بوو. تائێستا کەسم نەبینیووە کە بە پەرێزیدا بڕوات و هێند رۆشنبیر بێت لە هەموو بوارێکی ژیاندا. ئەو لە لووتکەدا بوو لە زانستە ئیسلامییەکاندا، لە هەموو مەزهەبەکان و شیعە و سوننە و

مێژووەکانیان. بە بۆچوونی من، لە هەموو بوارەکاندا، لە مێژووی مرۆڤایەتی و شۆڕشەکانی جیهان و سیاسەتدا، شارەزایی لە هەموو سەرکردەکانی جیهان زیاتر بوو. هەموو شتێکی لەبارەی سەرکردە مێژووییەکانی جیهان، لە رابردوو و ئێستاش دەزانی و دۆستی بەشێکی زۆری ئەو سەرکردە جیهانیانە بووە. لە زیرەکی و بلیمەتیدا بێهاوتابوو، کەس نەبوو لەڕووی فیکر و مرۆڤدۆستییەوە بگاتە مام. ئەوەبوو سەدام لە هەموو کەس خۆش بوو بەس لە مام نەبێت، بەڵام ئەو ئیمزای لەسێدارەدانی ئەو دوژمنەی کوردی نەکرد. من لەژیانمدا کەسی وەک مام بەوەفام نەبینیوە، تەنانەت بۆ دوژمنەکانیشی بەوەفابوو، هەمیشە لەگەڵ مافی ژنان و هەموو چەوساوەکانی کورد و دونیادا بوو. سەرکردەیەکی دیموکرات و ئازادیخواز و پێشکەوتووی بێ وێنە بوو. بەڕاستیی سەرکردە بوو، زانا بوو لە هەموو بوارێکدا. لەکاتی تەنگانەدا، لە ئازایەتی و ورەدا بێ وێنە بوو. لە یازدەی ئازاردا، تەعویزی هەموومانی دەکرد لەڕووی بەرزیی ورەوە و ورەی هەموومانی بەرزدەکردەوە. هەروەها لە ٣١ی ئابدا ورەی زۆر بەرز بوو. من دوو رۆژ پێش ٣١ی ئاب

لە هەولێر بووم، هەندێ شتم هێنایەوە بۆ سلێمانی و ڕۆژی ٣٠ی ئاب بەڕێکەوتم بۆ پاریس، لە پەروێزخانەوە چووم بۆ ئێران و لەوێشەوە هەمان ڕۆژ گەیشتمەوە پاریس. ئەوەبوو ڕۆژی ٣١ی ئاب، دەبابەکانی سەدام و سوپای عیراقی هێنرانە ناو هەولێر و داگیرکرا. ئەو ڕۆژە بە تەلەفۆن لەگەڵ قەڵاچوالان و مام و هەولێردا قسەم دەکرد، مەعنەویاتی مام لە لووتکەدا بوو، هەموو هەوڵی بۆ ئەوەبوو کە ورەی هەمووومان بەرزبکاتەوە و دواییتریش ڕۆژانە تەلەفۆنم بۆ دەکرد. دەیووت: «خەم مەخۆن، زۆر نابات هەڵدەستینەوە و بەسەر ئەم شکستەشدا زاڵدەبین، ئەمە کاتییە بەسەرماندا هاتووە و دەگەڕێینەوە شوێنەکانی خۆمان، بۆیە نیگەران مەبن».

نزیکترین هاوڕێت کێیە؟

هاوڕێم زۆرە، لە هاوڕێ کۆنەکانم کە سوپاس بۆ خوا لەژیاندا ماون، کاک عومەر فەتاح و کافیە خان و بەکر فەتاح و مامۆستا جەبار نادر جاسەنەیی و نەرمین عوسمان و کاک سالار عەزیز و دکتۆر فازل تەیب و کاک حەسەن تەیب و کاک حەمە تۆفیق و کاک عومەری سەید

عەلی و کاک حەمە قەرەداخی و کاک جەلالی حاجی عەلی و.....هتد.

لەئێستاشدا، جگە لەو هاوڕێ خۆشەویستانەم، کاک یوسف زۆزانـی و کاک بەهرۆز گەلاڵی و کاک هەڵشۆ عەزیز لە سەرۆکایەتی کۆمار و کاک نزاری ئامێدی کە ئێستا بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک کۆمارە و کاک ستران عەبدوڵلا سەرنووسەری کوردستانی نوێ.

لە باڵیۆزە کوردەکانیشدا، جگە لە کاک بەکر فەتاح کە باسمکرد و کاک تەیب بەرواری، کاک ئەحمەد بامەڕنی و کاک ئەحمەد بەرواری و کاک شۆڕشی دکتۆر خالید و کاک غازی زێباری و کاک عیسمەت عگید و کاک حازم یوسفی و زۆربــەی باڵیۆزەکانی تـری ئێستای عیراق برادەرمن، ئەمە جگە لە باڵیۆزەکانی تری وڵاتانی عەرەبی و بەشێک لە وڵاتانی ئەورووپی و وڵاتانی تر، بەتایبەتی باڵیۆزە چینییەکان کە زۆربەیان زۆر برادەرمن.

هەروەها بەشێکی زۆری هاوڕێ زۆر زۆر نزیکەکانم، یان شەهیدبوون یان کۆچی دواییان کردووە. نموونەی شەهید ئەحمەدی موهەندیس کە هاوڕێی قوتابخانە و منداڵیم بوو، لە برا زۆر زیاتر خۆشمویستووە، بەداخەوە

لە سەرەتای شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا لەلایەن رژێمی فاشستیی سەدامەوە، لە موسڵ لەسێدارەدرا. هەروەها دکتۆر فازیل قەزاز کە بە رووداوی ئۆتۆمبیل وەفاتیکرد و کاک شازاد سائیب کە هاوڕێی گیانی بەگیانیم بوو. کاک دارۆی شێخ نوری، کاک نەوشیروان مستەفا و کاک حەمە چاوشین و کاک مەحمودی مەلا عیززەت و شەهید عەزیز مەحمود و شەهید جەمال تایەر و شەهید جەباری حاجی رەشید و بە دەیان هاوڕێی قارەمانی ترم، کە لە بەندیخانەکانی بەعسدا گیانیان بۆ گەل و نیشتمان بەختکردووە. هەزاران سڵاو لەگیانی هەموو ئەو شەهیدانە و سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان. لەمدواییەشدا، لەدەستدانی دوو هاوڕێ و هاوخەباتی تەمەنم، کە کاک عەبدولڕەزاق فەیلی و کاک عادل موراد بوون. بەڕاستیی، کە بیر لەو هاوڕێ ئازیز و خۆشەویست و قارەمانانەم دەکەمەوە کە شەهیدبوون و لەدەستمداون، ویژدانم زۆر ئازارم دەدا کە ئەوان رۆیشتوون و منیش لەژیاندا ماوم، بەڵام بەداخەوە هیچم لەدەسەڵاتدا نەبووە کە بتوانم بۆیان بکەم.

لە چی پەشیمانیت؟

لە هیچ شتێک پەشیماننیم، جگە لە هەڵسەنگاندنی هەندێ لە هاوڕێکانم نەبێت.

هاوڕێت هەیە جێی متمانەت بووبێت لە سیاسەتدا و دڵی شکاندبێتی؟

بەڵێ هەیە.

شانازیی بە چییەوە دەکەیت؟

شانازیی دەکەم کە هەمیشە خاوەنی راوبۆچوونی خۆم بووم. هیچ کاتێک راوبۆچوونەکانم لای هیچ کەس و سەرکردەیەک نەشاردووەتەوە، چ بە نووسین بووبێت یان بە دەربڕین، بەڕاشکاویی رای خۆم وتووە و دەیڵێم. هەروەها شانازیی بەوەوە دەکەم کە من بە رەنجی شانی خۆم و ماندووبوونی خۆم و توانای خۆم، خۆم پێگەیاندووە و گەیشتوومەتە ئەم قۆناغەی ژیانی ئێستام. هەروەها شانازیی بەخۆمەوە دەکەم لەتەمەنمدا کە ئێستا ٧٠ ساڵم بەسەربردووە، رۆژێک لە رۆژان و بۆ ساتێکیش لە کوردایەتی و خەبات و تێکۆشان لەپێناو میللەتەکەمدا

لامنـەداوە و هەمیشە چقڵی چـاوی دوژمنانی گەلەکەم بووم و هەرواش دەمێنمەوە تا دواساتی ژیانم.

ئاواتت چییە؟

ئاواتەکانم، بە پلەی یەکـەم، بەدیهێنانی رزگـاری و ئــازادی و بەدەستهێنانی مافی چـارەنـووس بـووە بۆ گەلەکەم. ئـەوەی پێم کرابێت لەم بـوارانـەدا درێغیم نەکردووە و کردوومە، بەشێکی هاتوونەتەدی و ئەوەی ماوە ئەرکی نەوەکانی داهاتووە بیهێننەدی و بەدەستیبێنن بۆ گەلی کوردستان. لەبواری کەسیشدا، ئاواتم ئەوەبووە خوێندنی باڵا تەواوبکەم و دکتۆرا بەدەستبهێنم لەو بوارەی کە حـەزی لێ دەکـەم. ئێستا ئەو ئاواتەم هێناوەتەدی و راستە ئەگەر هـەر خەریکی سیاسەت نەبوومایە و خۆم تەرخانبکردایە بۆ زانست، بڕوام وایە کە لەبواری زانستدا زۆر پێش دەکەوتم و ئەوەی بمویستایە لەبواری توێژینەوەی زانست و فیزیادا بەدەستمدەهێنا، چونکە لەو بـوارەدا بـڕوای تـەواوم بەخۆم و توانای خۆم هەبووە و هەیە و ئەگەرچی ١٤ توێژینەوەی زانستیم لەبواری ئەتۆمیدا، لە گۆڤارە زانستییە بەناوبانگەکانی جیهاندا

بڵاوکردووەتەوە، بەڵام دیارە مرۆڤ ناتوانێ هەرچی گەرەکیەتی بەدەستیبێنێت و هەرگیز هەموو حەز و ئارەزووەکانت وەکو خۆت دەتەوێت، نایەتەدی. لەبواری خێزانییشدا، زۆر بەختەوەرم و کوڕ و کچێکم هەیە و ئاواتم ئەوەبوو کە منداڵەکانم زۆر باشبن لە خوێندندا و زیرەک و کوردپەروەربن. هەردووکیان خوێندنیان وەکو ئەوەی کە خۆیان دەیانویست تەواوکردووە. کوڕەکەم، لە سویدە و ماستەری لە یاسادا لە زانکۆی لین شوپینی سویدی هێناوە و ئێستا پارێزەرە و کاری پارێزەریی دەکات لە سوید و زۆریش سەرکەوتووە و نووسەرێکی زۆر لێهاتووشە، بە زمانی ئینگلیزی و سویدی و فەڕەنسی، دەنووسێ. کچەکەشم، ماستەری لە باشترین زانکۆی ئەمریکا لە ئەندازیاریی بیناسازیدا وەرگرتووە و ئێستا ئەندازیارە لە کۆمپانیاکی ئەهلی و وەکو ئەندازیار کاردەکات، لەگەڵ خۆماندا دەژی لە سلێمانی و من خۆم زۆر لێیان رازیم و باشن. هاوسەرەکەشم زۆر لێی رازیم و هاوکارم بووە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانمدا لەپاش هاوسەریمانەوە و هاوبەشم بووە لە هەموو دەردەسەری و ناخۆشییەکدا کە بەسەرمدا هاتووە، بۆ هەرکوێیەک

چووبێتم لەگەڵم هاتووە، بۆیە لەڕووی خێزانییەوە خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم.

لە هەموو قۆناغەکانی ژیانمدا، لە هیچ شتێک پەشیماننیم. لەسیاسەتدا هەرگیز بە شوێن پلە و پایە و سەروەت و ساماندا نەگەڕاوم، بەڵام هەوڵی ئەوەم داوە کە زۆر بە دڵسۆزیی ئەرکەکانی خۆم زۆر بە چالاکی و بە باشی ئەنجامبدەم و کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەربم. لە کۆنگرەی دووی یەکێتی لە ساڵی ٢٠٠١دا کە هەڵبژێردراوم بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، لۆبیم بۆ هەڵبژاردنی خۆم نەکردووە و سوپاسی ئەندامانی کۆنگرە دەکەم کە هەڵیانبژاردووم. لە کۆنگرەی سێشدا، خۆم هەڵنەبژاردەوە و ئەگەر ئەمجارەش خۆم هەڵبژاردایە، دڵنیابووم لە خۆم کە دەردەچووم، چونکە من لە دەرەوە بووم و تەنها بۆ ئەنجومەنی ناوەند خۆم پاڵاوت و بێ لۆبیکردنیش دەرچووم. حەزیش دەکەم ئاماژە بەوە بکەم، لەو ماوە دوورودرێژەی کە من مام جەلالم ناسیووە لە نزیکەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٥٠ ساڵ و جێی شانازییەکی یەکجار گەورەی منە کە نزیکبووم لەو سەرکردە مەزنە و ئەو پیاوە گەورە

بێهاوتایەوە و لەو ماوە دوورودرێژەشدا کە زۆر لێوەی نزیکبووم، داوای هیچ شتێکم لە مام جەلال نەکردووە و بڕوام وایە داوای هەرچیم لێ بکردایە بۆی دەکردم و هیچ کەسێکی تریش لەناو یەکێتی هێندەی تاڵە موویەکیش نە یارمەتییانداوم و نە داوام لێکردوون. من تائێستا، تەنانەت ئۆتۆمبێلێکی تایبەتیی خۆم نییە، تەنها ئەم خانووەم هەیە لەژیانمدا، ئەویش هی ئەو ماوەیەیە کە باڵیۆز بووم و تەنها و تەنها بە مووچەی خۆم کردوومە، ئەم خانووەم بە ماوەی ٨ ساڵ تەواوکردووە. دیارە دەزانن دوای پرۆسەی ئازادیی، مانگانەی باڵیۆز گەر لە وەزیر زیاتر نەبووبێت، کەمتر نەبووە و بەو پاشەکەوتەی کە کردبووم لە ماوەی ١٢ ساڵی باڵیۆزیمدا، توانیوومە ئەم خانووەی ئێستام دروستبکەم و جگە لەمە هیچ موڵک و ماڵێکی ترم نییە و جگە لە مووچەی خانەنیشیی، هیچی ترم نییە و زۆر رازیم بەوەی کە هەمە و قەرزاری کەسیش نیم. ئەوە بە لای منەوە گرنگترین شتە لە ژیانی کەسیمدا، دژی گەندەڵیم تا سەر ئێسقان و خۆم بە سەربەرز دەزانم لە هەموو بوارەکانی ژیانمدا.

مەسەلەیەکی سیاسیەو بێ چارەسەریکی سیاسیانە ئاشتی بەر قەرار نابێ لەعیراقو ناوچەکەدا . ووتیان لای ئێمەش وایە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی سیاسیەو باوەر ناکەین سەقیرەکەمان مەبەستی وا بوو بێ بەلام بەریز مام جلال باسی جێ بەجێ کردنی بریاری ٩٨٦و پشیل کردنی مافی مروڤی کردووە لە عیراقو کوردستاندا ئەوە لەو سیاقەوە هاتووە. هەروەها بەریز تالەبانی لە روژنامەی فەرەنسیو زور شوینی تردا قسەی پێ وتووین. منیش هەمیسان قسەکانی خومام کردەوە لەوەی ئەمان مهندسی بریاری ٦٨٨ ن کەچی ئەوەهەلویستان بوو لە ٣١ ی ئابی پاردا. دیارە قسەکانی بەریز مام جلال بەئیوە رەنگدانەوەی ئەو هەلویستەتان بووە. ئەشتانەوی پشت گیری جلادەکەمان بکەن بو سەربریتان و هەقی قسە کردنیشمان نەبێ ؟ ووتیان ئیستا ئەوە بەسەر چووە هیوادارین لە مەدووا پەیوەندیمان زیاتر بەرەو باشی بروات. هەرچەندە ئەلسەی ئیمە هەمیشە لەگەل دیالوگین ئەگەرچی زور زەحمەتیش بێ و لە حالەتی بەرامبەرەکەی ئیوەشدا ئەزانین ئاسانیە بەلام هەر پیویستە منیش لەو بارەیەوە هەلویستی خومانمان بو روون کردەوەو ئامازەشم کرد بو قسەکانی ئەم دووایەیی بەریز مام جلال بە بونەی دەرچونی قوتابیانی کولیجی سەربازیەوە بو کردن . جا هەقالانی بەریز ئەمە کورتەی قسەو باسەکان بوو لەو دانیشتنەدا.

٤. پاش گەرانەوەم داوام لە حزبەکانی خوم کردبوو کە زانیاریان چیە لەسەر ئەوەی پارتیو رژیم بەیەکەوە هیرش لای ئیمە بکەن ؟ تا چ رادەیە ئەمەراستەو ئەمان چونی بو ئەچن؟ دوینی وەلامیان دامەوە بەم شیوەیە :- کە دوو تحلیل هەیە. بەلام هیچیان لەسەدا سەد تاکید نیە. یەکەمیان " ئالەپاتی بەئەمای هیرشیکی بەربلاوە بوسەر پارتی. چونکە چی تر لە تحمولیدا نەماوە لەو کاتەدا رژیم پشتگیری مەسعود دەکات بو بەر بەست کردنی هیرشەکەی یەکیتی." دووەمیان ئەوەیە کە " رژیم هیرش دەکاتە سەر ناوچەکانی یەکیتی." وەجاریکی تریش ئەوەیان دووپات کردەوە کە مەرج نیە ئەمە وابێ، واتە ناتوانن کونفیرمی بکەن. ئەمەبوو وەلامەکەیان لە بارەی پرسیارەکەی منەوە . بو ئاگاداری بەریزتان.

٥. دەربارەی کونگرەی سوشیال دیموکراتی سوید. وە ئامادەنەبوونمان تیایدا:- من لە ریگەی پارتی سوشیالیستی فەرەنساوە زانیم کە کونگرە هەیە. چونکە کەمال کرکوکی لە ویەوە تەلەفونی کردبوو بویان ووتبووی من لە کونگرەی سوسیال دیموکراتی سویدمو پاشان دەگەریمەوە کوردستان هیچتان نیە. ئەمانیش ووتبوویان اسماعیل لە کوردستان بووەو ئیستا هاتوتەوە لەم روژانە ئەی بنیینو هەوالەکانی کوردستانمان پێ دەگات.وهیچیان نیە. لەمنیان پرسیارکرد ئەی ئیوە لەوێ نەبوون. ووتم نازانم من لە سەفەر بووم بەلام حتا ئەبێ برادەرانمان لەوێ بێ. دووای ئەوە پەکسەر کەوتمە ئالیب کردنی ئەگەرچی ئەوە ئیشی من نیەو هی برادەرانی ترە. لەگەل رەزاق قسەم کرد ووتی ئاگام لێ نیە. دووای لە گەل برادەرانی تری کومیتەی سوید قسەم کرد لەوە نەئەچوو ئەوانیش ئاگایان لێ بێ. ووتم باشە ئالیبم بو بکەن ئایا دەعوەت کراوین یان نا. خو ئەگەر نەکراوین بو؟ وەئەگەر کراویشن بو کەس ئاگادارنیەو کەس نەچووە؟ پاش هەفتەیەک وەلامیان لێ گیرامەوە بەم شیوەیە:- " بەلێ دەعوەت کراوین. بەلام دەعوەتەکە بە فاکسو بەئینگلیزی ناردوویانە. گەیشتوتە دەست سەردار ئەمین کە لیپرسراوی کومیتەیە. ئەویش مەسە لە کەی إهمال کردووەو بەکەسی نە ووتوەو وای بەسەر هاتووە. رهانیش کە لێ پرسراوی پەیوەندیەکانی سویدە ئاگای لێ نەبووە . دیارە ئالیبیشی نەکردووە کە کونگرەی سوشیال دیموکرات هەیەو بو چی کەس نەچووەو یان دەعوەت نەکراوین. تا من ئەلەفونم بو کردوون ئەوسا کەوتوونەتە ئالیبە ئالیب کاری. بەلام ئازە لەپاش چی. بویە نەچوونمان خەتای برادەرانی خومانەو إهمالیانە نەک سوشیال دیموکراتی سوید. ئەمە بوو حەزم کرد بەریزتانی لێ ئاگادار کەمەوە . چونکە ئەورووژە بەریز مام جلال پرسیاری لێ کردم لەو بارەیەوە. ئەوسا وەلامی تەواوم پێ نەبوو ئەمە وەلامەکەیەتی. کە مەفروزە برادەرانی بە رپرسیار ئاگادار بێو ئاگاداریان کردبیتەوە لەو بارەیەوە.

ئیتر هەر شادوو سەرکەوتوو بن.

دلسوزتان

حەمە سابیر

پاریس ٩٧.٩.٢٤

برای گەورەو بەریزم مام جلال، هەڤالانی م.س.ی بەریز

سلاویکی گەرم ... بەهیوای خوشی و سەرکەوتنی هەمیشەییتانم.

١. پاش گەرانەوەم ، روزی ٩٧.٩.١٢ پارتی سوشیالیستی فەرەنسی م بینی، بەدوورو دریژی باسی بارو دوخی کوردستانم بو کردن، هەروەها باسی سەفەرەکەی بەریز مام جلال بو ئەمەریکاو تورکیاو بینینی کوفی عنان و جیگرەکەی و سەفیرە کانی ئەمەریکاو ئینگلیزو فەرەنسا بو کومەلی نەتەوە یەکگرتووەکان بو کردن، هە روەها باسی ئەو موناقەشەیەیی کە لە نیوان سە فیری فەرەنسی و بەریز مام جلالدا بوو بوو بوم کردن، هەروەها باسی ئەوەی کە پارتی ئاشتی ناویت و ئابکات و گەرەکیتی وضع القائم بەرە پی بدات و بو رازی کردنی عیراق کوبوونەوەی واشنطن یان رەفز کرد کە مەفروض بوو لە کوتایی مانگی ٨ بیت لە واشنطن. هەروەها باسی ئا ما قولیەکانی مەسعود لە ٣١ ی ئابدا بو کردن. پاشان پرسیاری ئەوەم لی کردن سەبارە ت بە گورینی ستافی وەزارەتی دەرەوە. ووتیان هیشتا هیچی نەگوراوە کانی دەویت، پاشان ووتیان کەمال کرکوکی لایان بووە ووتویەتی مەسعود حەز ئەکات وەکو پارتی سوشیالیست یکەونە بەینەوە . ووتی ئیمەش پیمان ووتووە کانی خوی ئیمە زور هەولمان دا هیچ سوودی نە بوو، ئیستاش ئەو هەموو لایە نانە لە بەینمان دا ئیستا سوودی نەبووە، بویە پروامان بەوە نیەو خومان ناخەینە مەسە لەیەکەوە کە ئەنجامی نەبیت، ئەگەر مەسەلەکە جدی بی لە لایەن ئیوەوە ئەوە شتیکی ترە، بەلام حالی حازر وا نا بینین. ئەویش ووتوویەتی من ئەچمەوە کوردستان و لەگەل مەسعود قسەکەمەوەو لەئەنجام ئاگادارتان ئەکەمەوە. هەروەها باسی کونگرەکەی خویان کرد کە لە ٢١، ٢٢، ٢٣ ی مانگی ١١ دا ئەگیری ، ووتیان جگە لە ئیوەو حدکا ئەمانەوی پارتی یش دەعوەت بکەین لە گەل لایەنیکی کوردستانی تورکیدا. من هەلویستی خومانم بو روون کردنەوە سەبارەت بە دەعوەت کردنی پارتی، وە ووتم ئیوە دیارە ئازادن لەوە ی کی بانگ ئەکەن، بە لام رە وای هەقی ئیە ئیمەو ئەوان لەناو ئەرازوویەکدا دانین و ئاوان بارو پی ئاوان وەک یەک حسابی بو بکەن. هە ر وەها باسی ئاسینی وەفدەکەم لە گەلدا کردن کە بەرای ئەوان لە چ ئاستیکدا پی باشە ووتیان جاری زووە بیا دەعوەتەکان بنیرین ئەوسا قسەی لی ئەکەینەوە. وە هەمیشە ئەوەیان دووبارە کردەوە تاکە ریگەی باش بو کوردوو هەموو لایەکان ئاشتی یە، هەمیسان منیش قەوالەکەم بو لی دانەوە.

• پیش هاتنم بو کوردستان ئالان شنالم بینی و داوام لی کرد کە ژان کلود کوسران ببینی و هەندی گلەیی و گازندەی ئیمەی پی رابگەیەنی چونکە زور نزیکە لە ئالانەوەو ئەو بەریوەبەری هەموو روژهەلاتی ناوەراست و سەرووی ئەفەریقایە لە خارجیە ئیستا. لە کوتایی مانگی ٨ دا بینیی بووی، ئەو شتانەی لە گەل باس کردبوو، ئەویش ووتبووی مام جلال هەلویستی توندە بەرامبەر بە ئیمە، زیاتر لەهەلویستی ئەمەریکا نزیکە. ئەویش ووتبووی باوەرناکەم بەلام رەنگە ئەوە رەنگ دانەوەی هەلویستی سالی رابوردووی فەرەنسا بیت، منیش مەسەلەی موناقەشەکەی نیوان بەریز مام جلال و سەفیرەکەیانم بو باس کرد لە نیویورک.

٢. روزی ١٠.٢٨ من و کاک احمد مەوعیدمان هەیە لەگەل د. کوشنەر ، ئینجا بەرای ئیمە ئەگەر بەریز مام جلال ئائەو کاتە نامەیەک بەدەست و خەتی خوی بوی بنوسی و هەندی داوای کونکریت و ئەوەی قابیلی ئەوەبی کەبەو بکری لە مەجالی تەندروستیدا زور باش دەبوو . هەروەها کاک سعدیش وەکو وەزیری تەندروستی ئەگەر پروژەیەکی هەبی لەو بارەیەوەو کەئەویش قابیلی جی بەجی کردن بی لەلایەن کوشنەرەوە وانە پروژەکە ئەوەندە گەورە نەبی کە لە توانای کوشنەردا نەبی بو جی بەجی کردنی زور باش دەبوو.

٣. روزی ٩.٢٣، ٩٧ مەوعیدم هەبوو لەگەل وەزارەتی دەرەوە لەگەل لیپرسراوی دیسکی عیراقدا. ئەم جارە زور بە لوطف تر بوون لە جارانی پیشوو، من بەو بو ئەیەوە چووبووم کە گەراومەتەوە لەکوردستان، بویە زیاتر باسی بارو دوخی ئیستای کوردستانم بو کردن و هەروەها سەفەرەکەی بەریز مام جلال بو ئەمەریکاو تورکیا، هەروەها ئەو هەولو کوششەکانی کە دراوە بو ئاشتی و هەلویستە ناهەموارەکانی مەسعود لەو بارەیەوە، هەروەها باسی دیتنی سەفیرەکەیان لە نیو یورک. ئەوانیش ئاماژەیان بو ئەوە کرد کە موناقەشەیەکی زیندوو بووەو لایان وایە ئەو موناقەشانە سوود بەخشە. منیش ووتم لای بەریز مام جلال سەیر بووە کە بەریز سەفیرەکەتان ووتوویەتی ئیمە وەک مەسەلەیەکی ئینسانی سەیری مەسە لەی کورد ئەکەین، کە ئەمەسەیرە بەلامانەوە. نمونەی هەلویستەکانی ئەمەبەریان میسیو میتران ،رولاند دووما، ئالان زووپی... هتد م بو باس کردن کە چون مەسەلەی کورد

- ٤ -

پاریس ٨-١-٩٨

بەڕێز مام جلال/ هەڤاڵانی م.س.ی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم .. هیوام خۆشی و سەرکەوتنی هەمیشەتانە.

١- ئەوەی سەرەوە دەقی تەرجومەی نامەی بەڕێز فرانسوا ئۆلاندە کە سکرتێری یەکەمی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسیە، کە لەگەڵیدا نوسخەی ئەسلیەکەشتان بۆ ئەنێرم، کە بۆ بەڕێز مام جلالە داوای دەست نیشان کردنی وەفدەکەمان ئەکات بۆ دانیشتن لەگەڵ پارتی بە ئیشراقی ئەوان. دیارە هەمان نامەو ناوەڕۆکیشی نووسیوە بۆ مەسعود.

٢- چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە پارتی سۆشیالیستەوە بانگیان کردم، منیش چووم، ووتیان مەسعود نامەی ناردووە بۆ فرانسوا ئۆلاند ئەویش داوای لێ کردووین کەهەستین بە وەساتەت لە نێوانتادا، وە ووتیان نامەکەی پۆزەتیڤەو لامان وایە کە بەجدیەتی ئەم جارە، بۆیە فرانسوا ئۆلاند نامە ئەنووسێ بۆ بەڕێز مام جلال و مەسعود کە بەزووترین کات وەفدی هەر دوولا ئامادە بێت لە پاریس تا چی زووە دەست بە گفتوگۆ بکرێت. وە ووتیان دوو خاڵمان هەیە کە پێویستە ڕاچاوی بکەن یەکەم :- بۆ ئەوەی هەوڵەکەمان سەرکەوێت و لایەنی تر نەیەتە سەر خەت و ئیشمان تێک دەن وەک جاری پێشوو، دەبێ ئەم کارە زۆر نهێنی بێت، خۆتان ئەزانن کە زۆر لایەنە ئەیانەوێت تێکی دەن و هەموو هەوڵێک ئەدەن بۆ سەرنەکەوتنی وەک جاری پێشوو، وە نابێت لە لای هیچ لایەک باس بکرێت، بۆیە تکامان وایە ئەم مەسەلەیە بە نهێنی بهێڵنەوە، هەمان داواش لە پارتی ئەکەین، وە نابێت هەوڵەکەمان ئاشکرابێت تا بە ئەنجام ئەگات.

دووەم:- بەلامانەوە گرنگە کە ئاستی وەفدەکانتان بەرز بێت، هەرهیچ نەبێ سەرۆکی وەفدەکانتان لە ئاستی مەکتەبی سیاسی دابێ وە ئەگەر هەر نەش کرێ لە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کەمتر نەبێ، وە هەوڵ بدەن کە سەرۆکی وەفدەکە یەکێکی زۆر لەسەرخۆ و نەرم بێت و ئەحساب سارد بێت. وە ووتیان هیوا دارین کە بتوانن ڕاچاوی ئەم دوو خاڵەمان بکەن. وە ووتیان دیاری کردنی وەفدەکانتان هەتا زوو بێ باشترە بۆ ئەوەی زوو دەست بە دانیشتنەکان بکەین و ووتیان لە بارەگای حیزبمان ئەبێ، لە قۆناغی یەکەمدا لە پارتی سۆشیالیست پێرگیدونی سکرتێری نەتەوەیان و بەرپرسیاری پەیوەندیەکانی نێونەتەوەیان بەشدار ئەبێت و لەگەڵ ئالان شوتال و کەریم پاک زاد، وە ووتیان ڕەنگە لە هەموو دانیشتنەکاندا پێرگیدونی ئەتوانی بەشدار بێت، بەڵام دووانەکەی تر بەبەردەوامی لەوێ ئەبن. ووتیان ئەمە بۆ قۆناغی یەکەم، ئەگەر زانیمان مەسەلەکان ئەچنە پێشەوەو بە باشی ئەڕوات ئەوا ئاستی بەشداربوانی لای ئێمە هەوڵ ئەدەین بەرز بکەینەوەو ڕەنگە هەمان داوامان هەبێ بە نیسبەت ئێوەشەوە، ووتیان ژمارەی ئەندامانی وەفد ئارەزووی خۆتانە چەند کەس ئەبن. وە ووتیان تکایە ئەمشتانە بە زووترین کات لەگەڵ نامەکەماندا بگەیەنە دەست بەڕێز مام جلال و لە ناوی وەفدەکەتان ئاگادارمان کەنەوە.

٣- بۆیە هیوادارم ڕاچاوی ئەو داوایانەی ئەوان بکەن و بە تایبەتی هێشتنەوەی مەسەلەکە بە نهێنی هەرهیچ نەبێ بەلایەن ئێمەوە، وە ناوی وەفدەکەمان بۆ بنێرن تا پێیان دەین.

٤- هەمان ڕۆژ پاش چوونم بۆ لای پارتی سۆشیالیست، لەگەڵ سکرتێرەکەی مادام میتران وەعدم هەبوو، ئەوەی کە پارەمات بۆ لای بەڕێز مام جلال لە لەندەن، ئەویش ووتی پێشنیارێکمان هەیە تکایە بیگەیەنە بە بەڕێز مام جلال و خۆتان ئاگادارمان کەنەوە. پێشنیارەکەیان ئەمەی خوارەوە بوو :-

((ووتیان ئەگەر موافەقەت بکەن وەفدی هەردوولاتان بانگ ئەکەین بۆ پاریس، بۆ ئەوەی لێرە گفتوگۆکانتان دەست پێ بکەن لە ژێر چاودێری مادام میتراندا، لەسەر ئەساسی ڕێکەوتنامەی پاریس کاتی خۆی وە ووتیان لامان وایە کاتی ئەوە هاتووە..))

منیش ووتم ئێمە هەمووکات پۆزەتیڤ بووین بەرابەر هەموو موبادەرەیەکی ئاشتی، بە تایبەتی هی میسیو میتران و مادام، هەر بۆیەشە ساڵی پار کە بەڕێز مام جلالت بینی و ڕاسپاردەی مادامت پێ بوو، یەکسەر مام قبوڵی کردو لەگەڵ ئەوەی ئە

- ٣ -

بزانن کە لاکەی تر ئاشتی ناوێ و ناپکات. پاش ئەوەی کە مام بەرەسمی وەلامی مادامی دایەوە ، کە خۆم بۆم برد ، پاشان هیچ دەنگیان نەبوو. ئێستاش لەگەڵ لاکەی تر قسە بکەن بزانن چی ئەڵێن ئەو سا ئێمەش وەلامیان ئەبێ. ووتی تکایان وایە کە پەیامەکەمان بگەیەنێت بە بەڕێز مام جلال ، منیش ووتم باشە ئەیگەیەنم. وامنیش پەیامەکەیانم بۆ نووسیەوە لە سەرەوە.

٤- ئەمڕۆ کە چووم بۆ وەرگرتنی نامەکەی فرانسوا ئۆلاند ، ئەم مەسەلەیەم بە پارتی سۆشیالیست ووت بۆ ئەوەی تووشی ئیزدواجیەت نەبەین، ووتیان ئەلە فۆنیان بۆ ئێمەش کردووە لەو بارەیەوە ووتوومانە جارێ زووەو چاوەڕێ بکەن. وە ووتیان ئەکەن ئەوەی کاتی خۆی (٩٤) دووبارە بکەنەوە کە وەفدی سۆشیالیست ئینتەرناسیونال گەیشتە ئەوێ پاشان کەندال هات و مەسەلەکەی ئێمەی تێک دا. وە ووتیان ڕاستە مادام شەخسیەتێکەو دۆستی کوردە بەڵام ئێستا کەسی لە پشتەوە نیە ، وەکو پارتی سۆشیالیستێیە کە ئێستا لە حوکمەو وەزنی خۆی هەیە لە ئەورووپاو هەموو شوێنێک ، وە ئەم موبادەرەیەی ئێمە لە کیس خۆتان مەدەن. بۆیە منیش حەزم کرد ئەم پەیامەکەی مادامتان پێ بگەیەنم ئەم ڕای پارتی سۆشیالیستی فەرەنسیان پێ بگەیەنم بۆ ئاگاداری بەڕێزتان. دیارە ئەوانیش بۆنی شتێکیان کردووە ئەیانەوێ دوور نەبن لەو مەسەلەیەو دیارە لایان وایە کە لاکەی تریش واتە پارتی بۆ ئێنتیف ئەبن.

ڕای خۆیشم وایە موبادەرەکەی پارتی سۆشیالیست لە خۆمان تێک نەدەین و ئەو دروشتە تێکەڵ نەکەین ، وە پیان بڵێین با چاوەڕووان بکەن ، بزانن وەلامی لاکەی تر چیە وئێمە هەرگیز ڕۆڵی سیبو ییزان و مادام و دۆستانەتیان لە بیر ناکەین و جاری پێشوو ئێمە هەم ئەوەی سیبو ییزان هەم هەوڵی سالی پێشووی مادام مان زۆر بە گرنگی وەرگرت و هەموو شتمان کرد بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت ، بەداخەوە لاکەی تر تێکی داو هیچ گوێی پێ نەدا ، باتەبجارە بزانین ئەوان چی ئەڵێن. ئینجا دووا بڕیار بۆ بەڕێزتانە. چاوەڕێی وەلامی بەڕێزتانم سەبارەت مەسەلەکانی سەرەوە.

هەر شادوو سەرکەوتوو بن.

دلسۆزتان حەمە سابیر

[illegible]

پاریس

٩٣/١١/٢٠

برای گەورەو بەڕێزم مام جلال

سڵاوێکی گەرم .. بەهیوای خۆشی و سەرکەوتنی هەمیشەییتانم

١- دوێنێ کاک هیوا بە فاکس [illegible]

[illegible]

٢- [illegible]

[illegible] (٣ - ٦) [illegible]

[illegible]

٣- [illegible]

[illegible]

٤- [illegible]

[illegible]

٥- [illegible]

[illegible]

پاریس ۹۷.۷.۱۲

برای گەورەو بەڕێز مام جلال

سلاوێکی گەرم .. بەهیوای خوشی و سەرکەوتنی هەمیشەییالین.

راو بو چونەکانی بەڕیزتان سەبارەت بەکوبونەوەی ئەنقەرە بەدەستمان گەیشت. ئەگەرچی ئیمە هەموو پاڵاپی مەسەلەکان نازانین، بە لام رەنگە خراپ نەبی ئەم چەند خاڵەتان بخەینە بە ر چاو:-

۱.زور متفقین لەسەر هەموو راو بو چونەکانتان کە لە نامە کە دا هاتووە.

۲. بەلای ئیمەوە ئەم کوبونەوەیە زیاتر بو رەدی إعتبارە بو پارتی و هەروەها دەوری تورك لە ناوچەکەدا. وە بەرای ئیمە پارتی ئارادە یەك هە زل بووە لە ناوچە کە دا. وە بەم کوبوونەوەیە ئەیەویت ئەو عەزلە بشکێنیت یان کەمی کاتەوە. وە تورکیاش گەرەکیتی بەم کوبوونەوەیە، ئەوە بسەلمیتی کە ئەگەرچی بەکیتی نارازیە لەسەر هاتنە ناوەوەیی لەشکری تورك بو کوردستانی عیراق. بەلام هەمیشە نا چارە کەبیتە ئەنقەرەو .تورکیا چون بیەویت مەسەلەکان وا دەروات.و وە بەمەش دەیەویت کە بەهەموو لایەك نیشان بدات ، کە تورکیایە ئەمرو کاری کوردی عیراق بەدەستە نەك لایەنی تر.

۳. بەرای ئیمە ئەگەر بکریت کوبونەوەکە دوواخریت. بە بیانووی ئەوەی تا ئیستا پارتی رای لەسە ر مەسە لە گرنگە کان وەك گومرگ و هەولیرو حکومەتی ئیئالافی و هەلبژاردن. روون نیە و هە تا ئەو کاتەش پارتی ئامادە نەبی کەئە وانە قبول بکات. ئەوە ۱۰ مانگە کوبونەوە ئەکریت . کوبوونە وەی تر بو چی ؟. یا داوا لە پارتی بکەن بەروونی و ئاشکرایی وە بەنووسین لەسەر ئەو مەسەلانە وەلام بداتەوە. ئەو سا کوبوونەوە بکریت. وەکانی بو دابنری . چونکە بەلای ئیمەوە هەتا ئەو کوبونەوە یە دووا بکەویت باشترە . سەبارەت بەوەی وەضعی پارتی لەگەل پەکەکە روژ لە دوای روژ خراپتر دەبیت .لە م کاتەدا ئەوکوبوونەوەیە بە رژە وەندی پارتیە . بویە هەتا بکریت چەندی دووا بخریت لە قازانجدایە.

٤. خو ئەگەر لە توانانشدا نەبی کە کوبونەوەکە دووا بخریت. بەلای ئیمەوە جگە لە خاڵەکانی نامەکەی بەڕیزتان. هەقە ئەوەش لە لە ئەمەریکاو ئینگلتەرە داوا بکریت کە دەست نیشانی بەرنامەی کوبوونەوەکەبکەن پیش سەفەری کاك کوسرەت کە ئەگەر بە دل مان نەبوو یان ئەو مەسەلانەی کە ئیمە ئەمانەوی باس بکریت تیا نە بوو بلین تا بەرنامە کە روون نەبیت و شتە گرنگەو محددەکانی تیا نەبی کوبوونەوە ناکەین. نەك بچنە ئەوی و هیچ بەرنامە یەکی جدی نەبیت بە تایبەتی لەسەر مەسەلە گرنگەکان و وەکو کوبوونەوەکانی تر هە رباسی گللەیی و گازندەی پارتی و تورك بکریت یان هە ر بو موجامەلەیی و بەدەمەوە گرتنی ئیمەیی و بەس . وە باس ی بو کوبوونەوەیەکی تر . وە بەمەش ئەوڕوایەیی کە تا ئیستا یەکیتی لە ناوچەکەو لەناو کوردا بەدەستی هیناوە. بەرەو لە دەست دان بچیت. کە ئەمە مەبەستی سەرەکی تورك و پارتیە.

هەرچەندە بەڕیزتان هەموو سەرە داوەکان ومەسەلەکانتان لە بەر دەستدایەو لەناو مەسەلەکاندان. بڕیارەکانتان لەوەوە دیت. لەگەل ئەوەشدا حەزمان کرد ئەو چەند تیبینییە خومانتان پی راگەیەنین.

ئیتر هەر شادوو سەرکەوتوو بن.

دلسوزتان

احمد بامەرنی حەمە سابیر

بەڕێز کاک حەمە صابر

ڕۆژ باش

زۆر سڵاو و هیوای خۆشیتانم .

هەواڵی بڵاوەیان ئەپرسم

بەڵام ئێوە هەقێ کونفرانسم بۆ ناردن. ئۆ وانە

و ئەمیریکەم بۆ ناردن. یەکیان بۆ لەن - بۆ هەلگرتن.

هەولام لە هەر وەکو چۆن نوسرابو وا نەقل ی

بکەم . هیچ کەم و زیادیم لێ نەکردوە . بەگورەی

توانا وەکو خۆی هێشتومەتەوە . ئەگەر ئێوە

کورتەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکان و پێشنیار و بڕیاری

کۆنفرانس ... ئێوە حەزەکە زیاد ئەبێ .

تکایە لێبوردن ئەکەم کە نوسینی دواکەوت

بەڕاستی کاتێکی زۆری پێویست بو کە تا بەم جۆرە

تەواو بێت .

تکایە ئاگادارم بکەن ئەگەر بەم جۆرە بو ئامادە بکرێت

پێیە بڵاوی بکەنەوە! بۆ ڕێکخراوەکانی تر دیارە خۆتان

ئاگادارن . لەو دووانەی کە ئەمر ڕێکی خۆتان ئەزانن

لێ وەرگرتوە . لە کۆنفرانس (١٢) ڕێکخراو ئوێنەری هاتبو.

ئیتر هیوای خۆشیتانم

ا. حەنیف

١٩٧٩/٢/٢٦

زیاد لە بیستە یەک نوسخەم بۆ بنێریت، هەروەها شتەکانی
تێبکەی ئەگەر شتێکی نوێت کو بێم بۆ بنێریت، یان بەتەنیایی
لەگەڵ ئەو نامەکانی یان بێتە بۆم ئیکات دەست و بارەیەوە هیچ ئێو
بەیام بکەم بێ زۆر مەمنونت ئەبم، هەر بەو تەرزەوە کاکی ئەرشیدان
کاکێ خۆت داوای ئەوەی ئەکرد کە شێوە ستوونکاودی کۆمەڵی
بەتەلی بۆ بەیام بکەن ولە مەحکەمە یان ... یەکێ دانەیەک
بۆ بنێریت، چونکە بەوانە ئەمانەوە. ئێستا تا بەردەستی گەڕەئەوەیەکەم
سەنەتێ بە برادەران کە لە هەولێر ستوونکاوەکانی کۆمەڵ و تریشیشم
بۆ بنێرن، ناتوانم ئەوە تێبگەم بۆچی. ناشزانم ئاخاخ
تەنظیم ئەکەن؟ ناکەن؟ ئاخر خۆمن هەر ئەوەندەی کۆم کرد
بەکەیفی خۆم، ئەگەر بەڕاستی ناکرێ بپرسن!! ئێستا کە مێژی
خۆتانە (ئیمانەی دەدایەم مکالەمە، پارتەی لەوە ...)
... لەو مەزنانە پێشوو هیچ بۆم کرد.

برا... ئێستا جاریک ئەمەندەم بێتە، زۆر سڵاوم بۆ حەیات
خانم و جاوانی کوڕەکەت ... سڵاوم بۆ ...
... بۆ گشتە برادەران ئەگەر ئەکریت ئەوەی ... و کاسیانم
بۆ بنێریت زۆر مەمنونت ئەبم.

ئەمنی ئەوەدەکەم هەرخۆش ئەبێت دەست
برات

ر.ا

Gronsveldstraat 17
6845 HG Arnhem


Air Mail
49/231/619279
M. ISMAIL
Professorsslingan 31/403
10405 STOCKHOLM
SWEDEN

١

ارنهم - ٢٨ / ٨ / ٩٨٤

برای خۆشەویست و بەڕێزم کاکە حەمە

سڵاو و گوشینێکی گەرمم . بەهیوای خۆشی و شادیتم

وا ئەمجارە بە تەواوی کۆڵی هیجرەت و غوربەتم داوە بەشانما،

چونکە تا ئەوکاتەی ئیستا هەستم بەو کارەسە نەکردبوو ، بەهۆی

نزیکی بوونم لە برادەرانت ، بە تایبەتی حاڵی یار . ئینجا وا

ئەبە شێرکێ هەتوورێ ئێوە ، کە دیارە بڕیاری راهاتووین ،

حەزم ئەکرد کە زەعیف نەبووبێ بە تەواوی قسەت لەگەڵ

بکەم ، بە قەدەم ئەوەشی هەر نەکوتیوە دەستی ناکات ، جگە لەوەی

ئیتر خۆ هیچ نزیکییەک وەکوو ساڵانی لەمەوبەر نەماوە بیکەم

مەتاح بم ، و لەگەڵ شانی ئاوارەیی وا ئەوبێتە حسابی

ئەو شتانەش بکەم ، تۆ بیە لەوەدا بەخشتە ، وا ریگەی ناوە

ئەگرەوە بوو . بە تایبەتی ئەم چەند هەفتەیەی دوایی زۆر

ناخۆش بوو ، کە بیستم سەلاح شەهید بوو ، ئینجا هەستم

بەوە کرد کە لە دەرەوەوە بیستنی شەهید بوونی کوڕە خۆشەویستەکان

زۆر زەحمەت ترە تا ئەوەی ئەگرتێ ، وەکو لەوەی لەگەڵ

لەوێ لە پاڵە نزیکی ئەو بیت ، زۆر ، زۆرتر لەوەی تۆ حیسابی

دەکەی . ئینجا خوا رەحم بکات ، چونکە وا بەو دوایە لە ساڵی

پارەوە هەر لە ئێرانەوە هاتنی کوڕەکانی وا دەور کرد

سێ کەس شەهید بوون . ئینجا سەیری ئەکەیت چی بزانم

هەوایەکە لەوێ ، وسیاسەتەکانی ترش چۆن ئەبێ !

بەهەرحاڵ ... هەفتەی پێشوو کاکە حەمە هەر هاتووە

هەڤاڵانی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم، سڵاو خۆش و سەرکەوتنتانە
وا لەگەڵ ئەم نامەیەدا. گەڵاڵەی وەڵامی نامەکانی
ئەم دواییەی بڕادەرانی ئەمنوەکان (عمر سید علی)
ڕادەوانەکەوە. جا تکایە ئەگەر بە پەسەندتان زانی
یان گۆڕینی، یا زیادکردنتان هەبوو بەڵکو بیکەن و
پاشان چاپ بکرێتەوە. یان هەر ئاوایە کە بینووسیتەوە
بۆیان ڕەوانە بکرێت. ئەگەر بە پێویستیشتان نەزانی
هەر ئاگادارمان بکەنەوە تکایە.

ئیتر خۆش و سەرکەوتنتانی ئاواتە

هەر بژی کوردستان
[illegible]
٨٨٥/١١/١٠

دڵسۆزتان حەمە سابیر

((دەقی تەرجومەی نامەکە))

وەزارەتی کاروباری دەرەوە
مەکتەبی وەزیر

میسو جاکلانگ
سەرۆکی کۆمیسیونی کاروباری دەرەوە
جەمعیەی نیشتمانی

ڕۆژی ٨ی نیسانی ١٩٩٩ منتان ئاگادار کردەوە لەو نیگەرانییەی (قەلەقییەی) کە لە نیوان نوێنەرانی کوردەکاندا هاتۆتە کایەوە سەبارەت بە نوێ کردنەوەی ڕیسولیوشن ئەنجومەنی ئاسایش (نەوت بەرامبەر بە خۆراک) .

هەروەکو ئاگادارن فەرەنسا چارەنووسی خەڵکی کوردی بە لاوە مەبەست بووەوە هەرگیز لە هەوڵ و تەقەلای خۆی نەکەوتووە بۆ باش کردنی بارودۆخی سێ (٣) پارێزگاکەی کوردەکان لە سەرووی عێراقدا . هەروەکو ئێوە ئەزانن ، کە بەدەست پێشکەری ئێمە بوو لە ساڵی ١٩٩١ دا کە بڕیاری ٦٨٨ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە وەرگیرا کە داوای وەستاندنی چەوساندنەوەتەکات لە دژی کەمایەتی کورد . ئێمە خۆمان بە هەموو بەندەکانی ئەو دەقی بڕیارەوە بە توندی ئەبەستینەوە ، کە هەروەها تیادا تاکید لە ڕێز گرتنی سەروەری و یەکێتی و سەربەخۆی سیاسی عێراق ئەکاتەوە .

هەروەها فەرەنسا خەباتی کردووە بۆ ئەوەی کە حکومەتی عێراق بڕیاری ٩٨٦ ی ئەنجومەنی ئاسایش قبوڵ کات ، ئەو بڕیارەی کە ماوەی دوو ساڵ و نیوە خەڵکی کوردستان بە تەواوەتی سوودی لێ وەرئەگرن .

سەبارەت بە بڕیاری "نەوت بەرامبەر خۆراک"، لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٦ وە، لە ١٣٪ی داهاتی نەوتی عێراقی تەرخان کراوە بۆ هەرسێ پارێزگاکانی کوردەکان، بۆ ئەوەی پێداویستە گرنگەکانی ژیانیان و پرۆگرامی گەشەپێدانی ناوچەکەیان بۆ دابین بکات کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئاژانسەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوە دەبرێت. ٣ ملیون دانیشتوانی پارێزگاکانی سەروو بە تێکڕای لە ٣٠٪ی بۆ هەریەکێک زیاتر خۆراک وەر ئەگرن لە بەشی هەریەک لەو ٢٠ ملیۆنە عێراقییەی کە لە خواروو ناوەڕاستی وڵاتدا دەژین.

ئەو سەرنجانەی کە باسمان کردووە، ئەوە نەگەیەنێ کە حکومەتی فەرەنسا گەرەکێتی کە لەو بەشەی داهاتی نەوت کە بۆ کوردەکان دانراوە کەم بکاتەوە، کە ئەمە هیچ بنچینەیەکی نیە (بێ بناغەیە). ئەگەر هەندێ ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بۆ ئەو فەرزییە بکات کە هەندێک کەم بکرێتەوە لەو ڕێژەیەی کە بۆ پارێزگاکانی سەروو دانراوە وە لە بەرژەوەندی پارێزگاکانی تری عێراق بەکار بێت، ئەم مەسەلەیە هێشتا لەلایەن ١٥ ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایشەوە لێکۆڵینەوەو باسی لێ نەکراوە. هەتاوەکو ئێستا، ئێمە چەندین جار ڕامان گەیاندووە لەگەڵ ڕۆژنامەنەدیباندا کە پرۆگرامی "نەوت بەرامبەر خۆراک" بۆ ئەهۆی باش کردنی بارودۆخی ئینسانی بەشێوەیەکی جەوهەری لە سەرووەدا. گەشەپێدانی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، کە فەرەنسا بە قوڵی خۆی پێوە گرێ داوە (بەستۆتەوە)، مەسەلەیەکی گرنگە بۆ ئارامی ناوچەکە. هەروەها ئەمە، لە مەودای دووردا، یەکێکە لە مەرجەکانی، چارەسەرێکی سیاسیانەی ڕەزامەندار کە مافە ڕەواکانی کورد لە چوار چێوەی دەوڵەتی عێراقدا سۆزگەر بکات.

لە وەتی بۆمبابارانەکانی ئەمەریکیەکان و بەریتانیاکانەوە لە تۆپەراسیونی " ڕێوی بیابانـدا " ڕووی داوە، بـار و دۆخەکە ڕاوەستاوە (بلۆکیووە) . فەرەنسا وا دائەنێ کە حالەتی ئەمری واقیع نا توانێ سەرکەوتوو بێ، وەبۆ ئەوەی لەم ڕێگەدا خراوە دەرچین، چەند ڕێ پیشنیاری کردووە، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی تەواوەتی. کە ئەمە بەشێوەیەکی بنەڕەتی، ئەکرێ بۆ لابردنی حەسارکە لە بریتی ئەوە میکانیزمی بەردەوامی کۆنترۆڵ کردنی چەکەکان و داهاتی عێراق دابنرێ . لێکۆلینەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بەردەوامە بۆ دابین کردنی پەیوەندیەکی تەواوەتی لە نێوان عێراق و کۆمەلی ئەتەوەیەکگرتووەکان دا . بەدڵنیاییەوە فەرەنسا لەکاتی وەرگرتنی هەر بڕیارێکدا لەلایەن هەر ١٥ دەولەتە ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایشەوە، پاسەوانی ئەبێت (چاودێری ئەوەنەکات کە) بۆ ئەوەی کە ، بەشێوەیەکی ڕەواو واقیعیانە، بارو دۆخی خەلکی کورد حیسابی بۆ بکرێت و لەبەرچاو بگیرێت بەڕێز گرتن لە یەکێتی و سەربەخۆیی عێراق.

تکام وایە، بەڕێز سەرۆک، کە ڕێزو سلاوی زۆرم لێ قبول بکەن .

ئوبێر ڤێدرین

پاریس ٦-٦-٩٩
برای گەورەو بەڕێزمان مام جەلال ،هەڤاڵانی م.س.ی بەڕێز وە کاک بەرهەم

سڵاوێکی گەرم ...هیوام خۆشی و سەرکەوتنی هەمیشەییتانە
وا لە خوارەوە دەقی تەرجومەی ئەو نامەیەی وەزیری کاروباری دەرەوەی فە
رەنسا (میسیو ئوبێر ڤیدرین) تان بۆ ئەنێرم کە وەلامی بەڕێز جاک لانگ ی
سەرۆکی کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانی کاروباری دەرەوەیە داوەتەوە ، سەبارە
ت بەو نامەیەی کە لەسەر داوای ئێمەی نوێنەرانی کوردی عێراق لە فەرەنسا ،
کە نیگەرانی خۆمانمان دەربارەی هەڵوێستی فەرەنسا لەسەر کەم کردنەوەی
بەشی کوردستانی عێراق لە بڕیاری ٩٨٦ دەربڕی بوو لای و داوامان کرد بوو
کە هەوڵێکمان بۆ بدات لای حکومەتی فەرەنسا .بەڕێز جاک لانگ یش نامە
یەکی ئاراستەی ئوبێر ڤیدرین وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرەنسا کرد بوو
لەو بارەیەوە ، ئەوا ئێستا وەزیری دەرەوەش وەلامی جاک لانگی داوەتەوە ،
منیش بۆ بەڕێزتانی ئەنێرم و بۆ ئاگاداریتان و سود وەرگرتن لێی وە لە چۆنیە
تی بیر کردنەوەی فەرەنسا و هەڵوێستی سەبارەت بەو مەسەلەیە . ئەوەی
شایانی باسە بەڕێز جاک لانگ شەخسیەتێکی ناسراوی دنیایە و لە زە
مانی میسیو میتەرانیشدا وەزیری کەلتوری فەرەنسا بوو وە دۆستی کوردەو میتە
رانیزمیشە، لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٧-٥-٩٩ لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردەکانی سۆ
شیالیستەکانی ئەوروپادا کە جوسپان و تۆنی بلێرو ... هتد تیادا بە
شدار بوون و دەربارەی مەسەلەی کۆسۆڤۆ ئەدووان ، میسیو جاک لانگ لە
موداخەلەکەی خۆیدا ، باسی مەسەلەی کوردی کردو ووتی دووای مەسەلە
ی کۆسۆڤۆ ، مەسەلەی کورد دێت وە ئەبێ مەسەلەی کورد چارەسەر بکرێت وە
نابێت بێ دەنگ بین لەو ناواتانەی کە بەرابەر کورد ئەکرێت .
ئێتر هەر شادوو سەرکەوتوو بن .

کۆنفرانسی ئەکات و کۆڕەی تیا ئەبەستن -) یان ئەم ١٩٨٤ هەروەها
بەڕێزتان دانراوە بۆ سەرپەرشتیی پێشووەکانی دەرەوە
لە ڕووی ڕێکخستنەوە. هەتا کۆنفرانس ئیشی کرد بدەن دووڕیشی
بەشێکی بایەخ هەر کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنفرانس بینی و بەس
بەشەکەی تریشی ئیشی کۆمیتەی ی.ن.ک لە دەرەوە خۆی
بیکا و لە ڕووی ڕێکخستن و پەیوەندی و تەقلیدات م.س و
سەرکردایەتییەوە وەکو نوێنەری م.س لای کۆمیتەکانە.
یانی ئەوەتا مەسەلەی پێکدراوە یان گۆڕانەوە بە ناوی م.س ئەوە
بەشی ڕێکخستنەوە [illegible] و [illegible] چیان پێ بڵێن
چ بە چاوی [illegible] تا گرتنی کۆنفرانس --
بۆیە لام باشە ئەم مەسەلەیە بە ڕوونی ساغ بکەینەوە -
پێش ئەوەی پێکدراوەیەکی تر دەرکەوێ بە ناوی دەستگایەکی
تری دەوڵەت و زنجیرەکانی ڕێکخستندا [illegible] تازەکان
[illegible] - [illegible] هەڵگیرا بە [illegible] ئەندامێکی
(م.س) ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پێشووەکانی دەرەوە ڕێکخستن بکات -
وەڵام وایە دوای کۆنفرانس دەرەوەشا پێویستە هەردایم -
ئەگەر بیانەوێ پێشووەکان [illegible] و لە [illegible] ڕێکخراوەکان [illegible] -
واتە ئەندامێکی م.س یان سەرکردایەتی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی
سەرکردایەتی دەرەوە یان کۆمیتەی دەرەوە بکات -

دووەم): دەربارەی کۆنفرانسی دەرەوە:-
ئێوە (کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنفرانس) بە گوێرەی بڕیارەکانی کۆبوونەوەکەی
لەندەن کە بەڕێز [illegible] و بەڕێزتان و چەند ئەندامێکی
سەرکردایەتی تری ی.ن.ک + ئەندامانی کۆمیتەی دەرەوە +
ئەندامانی کۆمیتەی لقی [illegible] و [illegible] نوێنەری لقی ئەمریکا +
نوێنەرانی ڕێکخراوی [illegible] - [illegible] هەموو [illegible] ئەندامان / دووە -
[illegible] بڕیاردرا دەربارەی [illegible] بوونەوەی کۆنفرانسی دەرەوە -
بۆ [illegible] ڕێکخراوەیی تازەکان دەرکرد [illegible]

[illegible]

هۆی ئەمە (م.س) سوورە لەسەر ئەوەی
سەرکردەی کوردستانی عێراق ئێمە نامە دەداوین کە دووبارە
بگەڕێتەوە - ئەوا ئێمە بە زووی نامەیەک بە ناوی (م.س) دا
بنێرین بۆ ئێوە دەربکەوێت کە ئامادەین بڕۆ بۆ دووبارە
گرتنەوەی کوردستان [illegible] وە ئێستا عەشیرەکان
لە مووسڵیشە لەگەڵ [illegible] دەبن - وەکو [illegible] کە
دەستەکیشان ئەبەن بۆ ئەوەی ئەگەر سەرپەرشتی کوردستان

سێهەم: دەربارەی ناردنی [illegible] بۆ زنجیرەکانی ڕاگەیاندن:
[illegible] لاپەڕە... وە ناردنی [illegible] بە باشم
[illegible] دەربارەی کوردستان [illegible]
نەبێ... هەروەها [illegible] لە دەستگایەکی [illegible]
[illegible]
[illegible]

[illegible] (م.س) [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]

[illegible] (م.س) [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] م.س.

[illegible]
م.س [illegible] -

شەشەم: پێوەندی [illegible]

یەکەم: بڕیارمان داوە کە هەر لێژنەیەکی ئامادەکردنی کۆنفرانس بنیاد بنێین [illegible]

واتە [illegible]

لە هەمان کاتیشدا [illegible] ئەوروپا

[illegible]

[illegible] ئەوروپا [illegible]

ئەنجام بدات.

دووەم: هەتا نەبێتە کۆنفرانس دەرەوە ڕوو بگرێت...

[illegible] زیاتر دوا بخرێت - [illegible]

[illegible]

ئەم مانگە دانابێت.

سێیەم: هەتا [illegible] کۆنفرانس [illegible] لە کۆنفرانس

[illegible] هەتا [illegible]

چوارەم: کۆنفرانس [illegible]

هەتا [illegible] دەستمان [illegible]

[illegible] نابێت [illegible]

٢- دەرەوە [illegible] (م.ب) هەی [illegible]

هەمووی بکات. [illegible] دەور نابێت

بەگوێرەی هەل و مەرجی خەبات. بۆیە دەڵێین

هەموو هەنگاوەکان [illegible] دانەنین و

[illegible] - ئەگەر [illegible]

پێم باشە [illegible] بەگوێرەی ئەو [illegible]

بە ڕێژەوەیی گەلی گەورەو بزووتنەوەکەو

ی.ن.ک. لە کاربکات واتە [illegible]

[illegible] کە زۆر [illegible] ..

ئیتر خۆشی و سەرکەوتنتان ئاواتە

چارەسەری [illegible].

وێنەی بۆ (م.س) ی [illegible]

بۆ ئاگاداری

بۆ هەڤاڵ سەعدی

ناردرا [illegible]

[illegible]





کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسرێ



کابشن بنوسرێ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



Shenzhen's mayor warns on property

52%

Beijing forgives Iraqi debt and pledges assistance in rebuilding

Homeowners' voices are heard

کابشن بنوسریَ



CHINA DAILY

Nation set to forgive Iraq debt

Forex reform 'should not be hastened'

Springfields in US vie for Simpsons premiere

کابشن بنوسرێ



کابشن بنوسرێ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ




کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ




کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ




کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ



کابشن بنوسریَ